رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە
لەدەزگای هاوکاری چاپو بڵاو کردنەوەی کوردی دەرئەچێت

دار التضامن للطباعة والنشر الكردية

بغداد – شارع الجمهورية – ساحة الخلاني
هاتف ٦٨٣١١ ، ٦٨٣١٢ ، ٦٨٣١٣

HAWKARI Tel - 68311 68312, 68313.

هاوکاری

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

(٨) لاپەڕە
نرخی (٢٥) فلسە
لە (دارالحرية) چاپ ئەکرێ

ژمارە (٢٤٢) ١٥–١١–١٩٧٤

سەرکۆمار پیرۆزبایی لە مەلیکی ئەردەن ئەکات

سەرکۆمار بەڕێز کاك احمد حسن بکر ئەم بروسکە پیرۆزبایییەی بۆ مەلیك حسەین پاشای ئەردەن نارد :

خاوەن شکۆ برا مەلیك حسەین پاشای شانشینی هاشمی ئەردەن – عەممان :

بە بۆنەی جەژنی لە دایك بونتانەوە ‥ پێخوشحاڵم کە جوانترین پیرۆزباییتان لێبکەم . هیوادارم کە هەرتەندروستی تان باش بێ‌گەلی ئەردەن بەردەوام لە خۆشیو پێشکەوتن دابێ .

احمد حسن بکر
سەرکۆماری عێراق

مامۆستا صدام باسی پەیوەندی نێوان بیری ستراتیژو نەخشەکێشان ئەکات

عێراق و سودان پەیمانێکی هاوکاری ئابوری یان مۆرکرد

ئێوارەی ١١–١١ مامۆستا صدام حسین جێگری سکرتێری سەرکردایەتی قطری پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەبو جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش لە سیمیناری (ستراتیجی پەرەپێدانی درێژ خایەن) دا کە کۆمەڵەی ئابوری ناسانی عێراق لە منصور سازیان کردبو ، وتارێکی خوێندەوە تیایدا باسی مەسەلەی دانانی بەردی بناغەی پیشەسازیو چەند مەسەلەیەکی گرنگی کرد . مامۆستا صدام وتی :

چەند برایەك لە پێش منەوە قسەیان کردو باسی کرنگی پەیوەندی نێوان عەقلی سیاسیو نەخشەی ئابوری یان کردو هەروەها دەربارەی پەیوەندی نێوان نەخشەی پێنج ساڵەو نەخشەی درێژ خایەنو بیری فەلسەفیو سیاسی دوان ‥ من نامەوێ ئەوقسانە دوبارە بکەمەوە کەئەوان کردیان ‥ بەڵکو ئەمەوێ باسی بایەخی پەیوەندی نێوان عەقلی سیاسیو نەخشەی ئابوریو کۆمەڵایەتی بکەم .

کاتێك کە راپورتە سیاسییەکەی هەشتەمین کۆنگرەی قطری ئەخوێنینەوەو دێینەسەر ئەوەی لەژێر رۆشنایی ئەو راپۆرتەدا نەخشەی پێنج ساڵانە دابنین ‥ مەبەست ئەوە ناگەیەنی هەروەکو لەمەوبەر برایان وتیان ئەو راپۆرتە ئەبێ بەتەنیا وەکو چوارچێوەیەکی گشتی فەلسەفیو سیاسی وەربگیرێ بەڵکو مەبەست لەوەیە کە ئەبێ بەوردی هەموو بەشو برگەیەکی ئەو راپۆرتە لەبەرچاو بگیریو پەیرەو بکرێ ‥ هەروەها مامۆستا صدام وتی :

کاتێ کە باسی مەسەلەی دانانی بنچینەی پیشەسازی قورس ئەکەین پێویستە بەقوڵی لەو پەرەپێدانە بکۆڵینەوە کە دوور نیە لە مەیانی کۆمەڵایەنیو ئابوریو عەسکەری دا لە وڵاتانی عەرەب دا بێتەکایەوە ئنجا مامۆستا صدام باسی دەوری عێراقی کرد لەو مەسەلەیەدا وتی :

کاتێ کە باسی ئەو بابەتە ئەکەین پێویستە سەرنج لەو پەرەسەندنە بدەین کە دوور نیە لە سیاسەتی دەوڵەتاندا روبدات ئەمەش چەند هۆیەك کاری تێ ئەکات وەکو :

زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوانی (سکان) جیهانو پەیوەندی بە کاروباری شوێنەواری عەسکەریو ئابوریو تەکنەلوجیو زانستییەوە ‥

دووەم : مەسەلەی خۆراك ئەمەش بە دووەم کلیلی (مفتاح)ی سیاسەتی نێو دەوڵەتان دائەنرێ .

سێیەم : مەسەلەی وزە (طاقه) ئەمەش سێیەم خاڵە مەبەستمانە .

کار ئەکاتە سەر سیاسەتی دەوڵەتان ‥ جا لەم ئاستەوە ئەبێ بێینەسەر مەسەلەی وزە لە وڵاتەکەماندا و دەست نیشانی بکەینو ئنجا دەست نیشانی ئەوە بکەین کە چۆن بهێنینە بەرهەم ‥ وە لەسەر ئەم بنچینەیە نەخشەی پێنج ساڵەمان دائەنێین .

لەم خاڵەوە ئەگەینە ئەنجامێك دوورنیە بەلاتانەوە سەیر بێت ، ئەویش ئەوەیە کە هەموو مرۆڤێك لە کۆمەڵی سەرمایەداریو سوشیالیستیدا مرۆڤێکی سیاسییە ‥

ئنجا مامۆستا صدام باسی ئامانجەکانی شورشی کردو وتی :

پێویستە بەزیاتر لە لاپەڕەیێك بگەینە ئامانجەکانمان ، واتە پێویستە جوری بیرکردنەوەی کلاسیکییانە بخەینە پشت گوێ کە لە ساڵانی رابوردووەوە لەگەڵیدا راهاتووین ‥ هەروەها وتی لە مەیانی ئیش پێکردنی ئافرەتان لە بزوتنەوەی بەرهەم هێناندا پێویستە ئەو پێوودانگە کلاسیکییانە پشت گوێ بخەین دەوام بکەین بە دوو دەوام .

دوای ئەمە ماموستا صدام وتی : دانانی بەردی بناغەی پیشەسازی لە وڵاتەکەماندا پێویستە بە بۆ چونی پەرەسەندنی وزەو بەکارهێنانی لە جیهاندا ببەسترێتەوە ‥ لە سیمینارێکی پێشوتردا وتمان پێویستە لە دوو بەرمیل نەوت کە لە دنیادا بەکار ئەهێنرێن یەکێکیان هی عێراق بێت ‥ بەڵام بۆ وتمان یەکێك لەم دووانەو نەمانوت دوا بەرمیل . بۆیە وامان وت چونکە دوا بەرمیل ئەوە ئەگەیەنی کە جیهان دەستی لەوە هەڵگرتووە کە پترۆل سەرچاوەیەکی سەرەکی وزەبێتو هەموو ئەو پەرەسەندنە تەکنەلۆجیانەی پەیوەندییان بەپیترۆڵەوە هەیە پاشکەوتوونو بایەخیان نەماوە .

هەروەها ماموستا صدام باسی ئەوەی کرد کە هەموو عێراقییەك لە شوێنی خۆیەوە ئەبێ لە چوارچێوەی بەرپرسیاری سەر شانیەوە رەفتار بکات بەڵام ئەبێ بەعەقلی فەرماندەیەك بیربکاتەوە ‥ بەبێ ئەمەش ناتوانین ئەو کۆمەڵە بنیات بنێین کە مەبەستمانە .

پێنج مەرسومی جمهوری

ئێوارەی ١١–١١ پێنج مەرسومی جمهوری دەرچوو . بەپێی ئەم مەرسومانە هەشت وەزیری تازە دانرانو چوار وەزیر لابران . ئەمەش تەواوی مەرسومەکانە :–

مەرسومی جمهوری ژمارە ٥٩٨

بەپێی ناوەرۆکی برگە (د)ی بەندی پەنجاو هەشتەمینی دەستوری وەختی بریاری لێبوردنی (اعفاء) ئەمانەی خوارەوەمان دا :

١ – الدکتور جواد هاشم وەزیری نەخشەکێشان .
٢ – أمین عبدالکریم وەزیری دارایی .
٣ – الدکتور نزار الطبقچلی وەزیری دەوڵەت .
٤ – نهاد فخری وەزیری گواستنەوە .

لە ٢٦ی مانگی شوالی ساڵی ١٣٩٤ی کۆچی ریککەوتی ١١ی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٤ لە بەغدا نووسرا .

احمد حسن بکر
سەرکۆمار

مەرسومی جمهوری ژمارە ٥٩٩

بەپێی ناوەرۆکی برگە (د)ی بەندی پەنجاوهەشتەمین ئەم بریارانەی خوارەوەمان دا :

یەکەم : دانانی :

١ – عزت ابراهیم الدوری بە وەزیری ناوخۆ .
٢ – تایە عبدالکریم وەزیری نەوتو مەعدەن .
٣ – نعیم حداد وەزیری لاوان .
٤ – غانم عبدالجلیل وەزیری خوێندنی بەرزولێکۆڵینەوەی زانستی .
٥ – محمد محجوب وەزیری پەروەردە .
٦ – سعدون غیدان وەزیری هاتووچۆ .
٧ – دکتور سعدون حمادی وەزیری دەرەوە .
٨ – دکتور احمد عبدالستار الجواری وەزیری دەوڵەت .
٩ – دکتور رشید الرفاعی وەزیری اشغالو اسکان .
١٠ – حامد الجبوری وەزیری دەوڵەت .
١١ – عدنان ایوب صبری وەزیری گواستنەوە .
١٢ – هشام الشاوی وەزیری دەوڵەت .
١٣ – طارق عزیز وەزیری راگەیاندن .
١٤ – دکتور سعدی ابراهیم وەزیری دارایی .
١٥ – دکتور حسن فهمی جمعە وەزیری کشتوکاڵو چارەسەرکردنی کشتوکاڵ .
١٦ – دکتور منذر الشاوی وەزیری داد .

دووەم :– دانانی طە یاسین الجزراوی وەزیری پیشەسازی بەجێگری وەزیری نەخشەکێشان .

لە ٢٦ی مانگی شوالی ساڵی ١٣٩٤ی کوچی ریکەوتی ١١ی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٤ی زایینی لە بەغدا نووسرا .

احمد حسن بکر
سەرکۆمار

ئەوەی شایانی باسە پێش چەند رۆژێك مەرسومێکی جمهوری دەرچووە بە گوێرەی ئەو مەرسومە کاك عبدالستار طاهر شریف وەزیری اشغالو ئەسکان کرا بە وەزیری شارەوانییەکان .

مەرسومی جمهوری ژمارە ٦٠٠

بەپێی ناوەرۆکی برگە (ﻫ)ی بەندی پەنجاو هەشتەمینی دەستوری وەختی ئەو بریارەمان دا :

دانانی حسن العامری بە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی بەرزی کشتوکاڵ .

لە رۆژی ٢٦ی مانگی شوالی ساڵی ١٣٩٤ی کۆچی ریککەوتی رۆژی ١١ی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٤ی زایینی لە بەغدا نووسرا

احمد حسن بکر
سەرکۆمار

مەرسومی جمهوری ژمارە ٦٠١

بەپێی ناوەرۆکی برگە (ﻫ)ی بەندی پەنجاو هەشتەمینی دەستوری وەختی ئەم بریارانەمان دا :

دانانی :–

١ – سهیل محمد صالح بە جێگری وەزارەتی گواستنەوە .
٢ – دکتور عدنان حردان یەکەم جێگری وەزارەتی کشتوکاڵو چارەسەرکردنی کشتوکاڵ .
٣ – مصطفی حمدون ئەندامی تەرخانکراو لە ئەنجومەنی بەرزی کشتوکاڵ دا .

پێویستە وەزیرەکان ئەم مەرسومە جێبەجێ بکەن .

لە رۆژی ٢٦ی مانگی شوالی ساڵی ١٣٩٤ی کۆچی بەرامبەر بە رۆژی یانزەی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٤ی زایینی لە بەغدا نووسرا .

احمد حسن بکر
سەرکۆمار

مەرسومی جمهوری ژمارە ٦٠٢

بەپێی ناوەرۆکی برگە (ﻫ)ی بەندی پەنجاو هەشتی دەستوری وەختی ئەو بریارەی خوارەوەمان دا :

دکتور جواد هاشم ئەندام بێ لە ئەنجومەنی نەخشەکێشان پێویستە لەسەر وەزیرەکان ئەم مەرسومە جێبەجێ بکەن .

لە رۆژی بیستو شەشەمی مانگی شوالی ساڵی ١٣٩٤ی کۆچی بەرامبەر بە رۆژی یانزەی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٤ی زایینی لە بەغدا نووسرا .

احمد حسن بکر
سەرکۆمار

سەرکردەیەکی شۆڕشگێرانی عومان شەهید بووە .

عەدەن : ئا.د.ع : بەرەی گەلی رزگاری هێنەری عوممان رۆژی ١١–١١ لە بەیاننامەیەکدا بڵاوی کردەوە کە لە ٥ی ئەم مانگەدا هێزێکی شۆڕشگێڕان لە ژووروی ناوچەی – عوممان – پەلاماری هێزێکی بەریتانیاوئێرانی داوەو زیانێکی گەورەی پێ گەیاندوون . بەیاننامەکە وتی : دوای شەڕێکی قارەمانانە تێکوشەر زاهر علی الهنائی – احمد علی – ئەندامی لیژنەی تەنفیزی کۆمیتەی ناوەندی بەرەشەهید بوو ، وە دوو شۆڕشگێری تریش بریندار بوون . دوژمن دوای ئەو هێرشە دلێرانەیە ترسو لەرزێکی زۆری لێ نیشتو درندانە دەستی کرد بە گرتنی هاو وڵاتیانو لە بەندیخانەکاندا قایمی کردنو لەو بەندیخانانەشدا بە سەرپەرشتی ئەفسەری ئەردەنی نازاری هاووڵاتیان ئەدرێت .

بەرەی گەلی لە کۆتایی بەیاننامەکەدا وتی : ئەو هێرشەی شورشگێڕان لە ناوجەرگەی ناوچەی عوممان کردیانە سەر دوژمن سەرلەنوێ ئەوەساغ ئەکاتەوە کە گەلەکەمان بە هیچ جورێك قایل نابێ هێزەکانی بێگانە – بەریتانیاو رژێمی ئێران – لە خاکە پاکەکەیدا بن .

سەرکۆمار تێکۆشەر کاك احمد حسن بکر نیوەرۆی ١٢–١١ لە بارەگاکەیاندا لە کۆشکی جمهوری پێشوازی کاك اشرف مروان نێردراوی تایبەتی سەرۆکی میسریان کرد .

کاك مروان لە دیدەنییەکەدا نامەیەکی بە سەرکۆمار گەیاند ‥ وە لە چاوپێکەوتنەکەدا کە نزیکەی سەعاتێكو چل دەقیقەی خایاند کاك محمد صبری الحدیثی جێگری وەزارەتی دەرەوەو بالیوزی میسر لە بەغدا ئامادە بوون . ئەوەی شایانی باسە نوێنەری سەرۆکی میسر سەر لە بەیانی ١٢–١١ بە فرۆکەیەکی تایبەتی گەیشتە بەغداو لە فرۆکەخانە لە لایەن جێگری وەزارەتی دەرەوە پێشوازی کرا .

ئا.د.ع

تەواوبوونی وتوێژی نێوان عێراق و سودان

هەفتەی رابوردوو کاك طە محیی الدین معروف جێگری سەرکۆمار لەگەڵ وەفدێك بەسەردانێکی رەسمی چوون بۆسودان ‥ وە لەگەڵ گەیشتنیاندا لە فرۆکەخانە لەلایەن لیوا محمد باقر احمد یەکەم جێگری سەرکۆماری سودانەوە پێشوازی کران . وەفدەکەی عێراق جگە لە بەرێز جێگری سەرکۆمار لەم ئەندامانەی خوارەوە پێك هاتبوو :–

کاك حکمت العزاوی وەزیری ئابوریو کاك حامد الجبوری وەزیری راگەیاندنو کاك عبدالحسین جمالی جێگری وەزارەتی دەرەوەو کاك طە القیسی بەریوەبەری دایەرەی عەرەبی لە وەزارەتی دەرەوەو کاك عبدالودود الشیخلی بەریوەبەری گشتی تەشریفاتو چەند کاربەدەستێکی تر .

وەرۆژی ١٠–١١ وتووێژی رەسمی نێوان وەفدی عێراقو سودان لە شاری – خرطوم – دەستی پێ کرد . وەرۆژی سێشەممەش بەرێز جێگری سەرکۆمارو ئەندامانی وەفدەکەی عێراق سەریان لە پارێزگەی – الجزیرە – داولەوێ بەگەرمی لەلایەن کاربەدەستانەوە پێشوازی کران . وەرۆژی چوارشەممە وەفدەکەی عێراق کە بەسەرۆکایەتی بەرێز کاك طە محیی الدین معروف جێگری سەرکۆمار بولەگەڵ لیوا محمد الباقر احمد یەکەم جێگری سەرکۆماری سودان سەریان لە شاری (جوابا)ی پایتەختی هەرێمی خواروی سودان دا وە لەوێ لەلایەن بەرێز ئەبیل ئەلیر جێگری سەرکۆماری سودانوسەرۆکی ئەنجومەنی بەرزی تەنفیزی هەرێمی خواروو کاربەدەستانەوە پێشوازی کران ئنجا ئەندامانی وەفدەکە چاویان بەسەرۆكو ئەندامانی ئەنجومەنی تەنفیزیو ئەنجومەنی گەلی هەریمەکە کەوت .

بەرێز کاك طە محیی الدین معروف بەناوی سەرکۆمارەوە (٢٥٠) هەزار دۆلاری بەخشی بۆ بەشداربوون لە پەرەپێدانی ناوچەی حوکمی ذاتی لەخوارووی سودان وە بایەخی دا بەو تەقەللایەی لە پێناو یەکێتی نیشتمانی سوداندا دراوە .

وە رۆژی ١٣–١١ وتووێژی نێوان عێراقو سودان بەمۆرکردنی پەیمانێکی هاوکاری ئابوریو راگەیاندنو روشنبیری تەواوبوو . پەیمانەکەش لەلایەن کاك حکمت العزاوی وەزیری ئابوری عێراقو کاك ابراهیم منعم منصور وەزیری داراییو ئابوری سودانەوە مۆرکرا . وە بەپێی ئەو پەیمانە قەوارەی ئاڵوگۆرکردنی بازرگانی نێوان هەردوو وڵات ئەگاتە سێ ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی لەجیاتی ملیۆنێكو پێنج سەد هەزار جونەیهی ئیستەرلینیو هەردوو لا مەڵبەندی بازرگانی لەپایتەختی یەکتریدا ئەکەنەوە .

ئا.د.ع

وەزیری پیشەسازی صومال گەیشتە بەغدا

رۆژی ١٣ – ١١ دکتۆر عبدالقاسم صلاد حسن پیشەسازی صومال لەگەڵ وەفدێکدا بەسەردانێکی رەسمیو لەسەرداخوازی وەزیری نەوتومەعدەنی عێراق گەیشتە بەغدا . وەفدەکەی صومال جگە لە دکتور عبدالقاسم لەم ئەندامانەی خوارەوە پێك هاتووە :

بەرێز عبدە فارح بەریوەبەری گشتی کۆمپانیای نیشتمانی نەوتی صومالو دکتۆر عمر احمدعمر بەریوەبەری گشتی بانقی ئەهلیو سێ کاربەدەستی کەرتی پیشەسازیو نەوت .

دکتور عبدالقاسم حسن بە پەیامنێری (ئا.د.ع)ی وت کە لەو سەردانەیدا لەگەڵ کاربەدەستانی عێراق دەربارەی پتەوکردنی پەیوەندی ئابوری نێوان هەردوو وڵات وتووێژ ئەکات .

وەفدەکە لەفرۆکەخانە لەلایەن دکتۆر عبدالله السیاب جێگری سەرۆکی کۆمپانیای نیشتمانی نەوتی عێراقو چەند کاربەدەستێکی تری وەزارەتی نەوتو مەعدەنو بالیوزی صۆمالەوە پێشوازی کرا .

ئا.د.ع

★ سەرنجێك ★

داخمان ناچێ کە لەژمارەی پێشوماندا بەهۆی هەڵەیەکی چاپەمەنییەوە لەجیاتی ئەوەی بنوسرێ یادی ٥٧ ساڵەی شورشی ئۆکتوبەر بەهەڵە نووسرابوو یادی ٧٥ ساڵەی شورشی ئۆکتوبەر ‥ جا داوای لێبوردن لەخوێنەرانی ئازیز ئەکەین .

هاوکاری

Institut kurde de Paris

له كوردستانی ئێرانه‌وه

یادی صالح لاجانی وهاواڵه‌كانی

له‌خۆبوردن و گیان له‌پێناونان كارێكی هێنده سووك و ئاسان نیه‌و له‌ده‌ست هه‌موو كه‌س نایه‌ت ، ته‌نیا ئه‌و كه‌سانه ده‌توانن گیانی خۆیان له‌پێناوی ئاوات و ئامانجه‌كانی گه‌ل نێن‌و خۆیان بكه‌نه قوربانی رێگه‌ی ئازادی و به‌خته‌وه‌ری گه‌ل ، كه گه‌ل و نیشتمانه‌كه‌یان له‌خۆیان خۆشتر بوێ . ئاگری رزگاری‌خوازی ئه‌وه‌نده له‌دڵیاندا بڵیسه‌ی سه‌ندبێت كه سه‌ریان بكه‌نه پرده‌بازی رێگای گه‌له‌كه‌یان و له‌شیان بكه‌نه له‌مپه‌رو قه‌زاو به‌ڵاگێڕی نه‌ته‌وه‌و نیشتمانه‌كه‌یان .

گه‌لی قاره‌مانی په‌روه‌ری كورد ، له كوردستانی ئێران ، وه‌ك هه‌موو پارچه‌كانی تری كوردستان ، به‌درێژایی مێژووی پڕ له تاڵی و كوێره‌وه‌ری خۆی هه‌میشه وه‌جاخی رون بوه . هیچ كاتێك له‌قوربانی‌دان درێغی نه‌كردوه . رۆڵه‌ی ئازاو نه‌به‌زو گیان‌فیدای زۆری پێ‌گه‌یاندوه كه له‌پێناوی ئاواتی ره‌ش‌و رووتانی كوردستان‌و له‌رێگای ئامانجه پیرۆزه‌كانی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێراندا شه‌ره‌فی شه‌هیدیه‌تی رێگای گه‌لیان ده‌ست‌كه‌وتوه ٠٠ یه‌كێك له‌وانه صالح لاجانی‌یه .

ئه‌ندامانی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران ، له كوردستانی عێراق درێژه‌ی به‌خه‌بات‌وتێكۆشاندا ٠٠ له‌و ماوه‌یه‌شدا فێری خوێندن‌و نووسین‌بوو . به‌رپابوونی راپه‌رینه چه‌كداره‌كه‌ی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران راسته‌وخۆ كاری كرده‌سه‌ر صالح‌و ده‌ستوبرد كوردستانی عیراقی به‌جێ هێشت‌و خۆی گه‌یانده ناوكوردستانی ئێران ٠٠ شه‌هیدی مه‌زن شه‌وو رۆژ له‌دامێنی چیاسه‌خت‌و سه‌ركه‌شه‌كانی كوردستان‌و له‌نێو ره‌ش‌و رووت‌و به‌شخوراوه‌كانی كوردستانی ئێراندا خه‌ریكی خه‌بات‌و تێكۆشان بوو بۆ هێنانه‌دی ئامانجه پیرۆزه‌كانی گه‌لی كوردمان . دوژمن نه‌تره‌ی لێ‌چوو بوو له‌كونی ده‌رزیدا بۆی‌هه‌ڵكه‌وتبایه له‌ناوی ده‌برد ٠٠ به‌ڵام قاره‌مانیه‌تی‌و خۆشه‌ویستی ئه‌و له‌ناو هه‌ژارو زه‌حمه‌تكێشانی لادێدا خه‌یاڵی چریك‌ژاندارم‌و سازمانی ئه‌منی شای دیكتاتوری كردبوه بڵقی سه‌رئاو .

له‌به‌رئه‌وه‌ی له‌سه‌رتاسه‌ری ئێران هه‌ل‌و مه‌رجی عه‌ینی‌و زه‌ینی بۆ شۆرش‌و راپه‌رین له‌دژی رژێمی دیكتاتوری شا نه‌هاتبۆ پێشه‌وه‌و له‌به‌ر چه‌ندهۆیه‌كی تر راپه‌رینه ١٨ مانگی‌یه‌كه‌ی (ح٠د٠ك) له‌كوردستانی ئێران نه‌گه‌یشته ئامانجه‌كانی ٠٠

له ناوه‌ڕاستی گولانی١٩٦٨دا له جه‌نگدا كه گه‌وره‌ترین ئوردوگای نه‌رته‌شی رژێمی فاشیزمی ئاوایه له كوردستاندا پێنج داری سێداره‌چه‌قێندران‌و پێنج پاڵه‌وان ، پێنج رۆڵه‌ی وه‌فاداری ئامانجه‌كانی (ح٠د٠ك) سینگی قاره‌مانانه‌و پڕ له خۆشه‌ویستی‌یان درایه به‌رده‌ست‌ڕێژی موسه‌لسه‌لی نوجاره ئه‌مریكایی‌و ئیسرائیلیه‌كان .

به‌ڵێ پێنج دڵی پڕ له سۆزو پڕ بزه‌و سه‌ركه‌وتن له‌لێدان كه‌وتن ، ده چاوی پشكوتوو به‌وشه‌ی چوارچراو قازی‌و حیزب ، دیموكراتی بۆ ئێران‌و خودموختاری بۆ كوردستان وه‌سه‌ریه‌ك نران . به‌ڵام گه‌لی قاره‌مانی كورد چاوترسێن نه‌كرا . وه‌ك هه‌موو جارێك ، هه‌ر دڵۆپێك خوێنی ئه‌وانه سه‌دان نه‌مامی تری شین‌كرد ٠٠ به‌ڵێ صالح لاجانی‌و سڵێمان كه‌رقه‌شان‌و عه‌وڵای بایزه قنجه‌ی‌و حمه‌ئه‌مین شیرێژو حمه سوری دۆڵه‌تۆی له‌شیان به‌گوللەی سازمانی ئه‌منیه‌ت دابێژ دابێژ كرا . له‌و باره‌یه‌وه بڵاوكراوه‌ی په‌یمان ئۆرگانی دیفاعی (كنفیدراسیۆنی جیهانی خوێندكارانی ئێران) له‌ژماره ـ ١٧ ـی گه‌لاوێژی ١٩٦٩دا به‌شێك له‌به‌یانی ده‌بیرخانه‌ی كنفیدراسیونی كه‌باسی ئه‌وگرتن‌و له‌داردان‌و گولله‌باران‌كردنه نهێنیه ده‌كات له‌چاپ ده‌دات . په‌یمان نووسیبوی :

« كوشتارو خنكاندنی وه‌حشیانه‌ی رژێمی شا دژی گه‌ل له كوردستانی ئێران درێژه‌ی هه‌یه . له‌كوردستان خه‌ڵكێكی زۆر كوژداون . تێكۆشه‌رانی كورد له‌دژی رژێمی ئێران كه‌ده‌ست‌نێژی ئیمپریالیزمه چه‌كدارانه خه‌بات ده‌كه‌ن » ٠٠٠

به‌دوای ئه‌وه‌دا ٠٠ له‌مه‌ڕ كوشتاری خه‌لكی كوردستان



صالح لاجانی

ناوی چه‌ند نیشتمانپه‌روه‌ری كوردی بلاوكردبۆوه كه له‌لایه‌ن مه‌ئموره‌كانی رژێمی ئێرانه‌وه‌ئیعدام‌كرابوون نوسیبوی ٠ـ

« ئه‌و نیشتمان په‌روه‌رانه‌له‌دادگای عه‌سكه‌ری جه‌لدیان موحاكه‌مه‌و گولله‌باران كراون‌وپاش تیره‌بارانیان ته‌رمی ئه‌و شه‌هیدانه‌یان به تراكتۆرخستۆته ژێر خاك » ئه‌م شه‌هیدانه‌ش صالح لاجانی‌وهاواڵه‌كانی بوون .

نه‌مری‌و سه‌ربه‌رزی بۆشه‌هیدانی راپه‌رینه چه‌كداره‌كه‌ی كوردستانی ئێران‌له‌ساڵانی ١٩٦٧ـ١٩٦٨ ، سه‌ركه‌وتووبێ خه‌باتی گه‌لی كوردله‌كوردستانی ئێران .

بۆ ئه‌م باسه سوود له كتێبی « كاروانێك له شه‌هیدانی كوردستانی ئێران » وه‌رگیراوه

هاوار

صالح لاجانی له خێزانێكی وه‌رزێری هه‌ژاری لادێیی له‌دایك بووه ، دیاره له‌به‌ر نه‌بوونی ـ مه‌دره‌سه ـ له كوردستان وه‌ك زوربه‌ی زۆری منداڵانی كوردستانی ئێران له نیعمه‌تی خوێندن بێ‌به‌ش بوو . له‌ده‌وری قۆناخی یه‌كه‌می هه‌رزه‌كاریدا هه‌ستی به به‌شخوراوی نه‌ته‌وه‌كه‌ی‌و دواكه‌وتویی خه‌ڵكی كوردستانی ئێران‌كردو به‌چاوی خۆی‌زوڵم‌و زۆری ئه‌منیه‌و ژاندرمی جه‌هه‌نه‌می شای خوێنرێژی له‌لادێكانی كوردستان دیتبوو . هه‌میشه له‌بیری ئازادی‌و سه‌ربه‌خۆیی چالاك‌و پێگه‌یشتو بوو ، بۆ نه‌ته‌وه‌كه‌ی دابوو ، لاوێكی رزگاری نه‌ته‌وه‌و نیشتمانه‌كه‌ی‌و بۆ باشتربوونی ژیانی كۆمه‌ڵانی خه‌ڵكی نیشتمانه‌كه‌ی رێگای حیزبی دیموكراتی كوردستانی گرته‌به‌رو سه‌ربازێكی دڵسۆزو به‌ئه‌مه‌كی حیزبه‌كه‌ی بوو .

له ساڵی ١٩٥٩دا سازمانی ئه‌منیه‌تی ئێران به سه‌رۆكایه‌تی جه‌لاد سه‌رهه‌نگ (ئه‌مجه‌دی) و (زیبایی) جه‌لاده ناسراوه‌كانی گه‌لانی ئێران هوروژمێكی فاشستیانه‌یان بۆ سه‌ر كوردستان‌و ئه‌ندام‌و لایه‌نگرانی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران ده‌ست‌پێ‌كرد .

وه به‌پێی نه‌خشه‌یه‌كی سازكراو له‌مانگی خه‌زه‌ڵوه‌ری ئه‌و ساڵه‌دا جه‌للاده‌كانی شای خوێنرێژ له‌هه‌موو ناوچه‌و شاره‌كانی كوردستان (سنه ، بانه ، سه‌قز ، بۆكان ، سه‌رده‌شت ، خانێ ، نه‌غه‌ده ، شنۆ ، ورمێ ، مه‌هاباد ، شاهپور ، میاندواو ، سائین‌قه‌لا)و لادێكانیش‌دا ده‌ستیان‌كرد به كوشتن‌و ڕاونانی ئه‌ندامان‌و لایه‌نگرانی ح٠د٠ك .

صالح لاجانی توانی ماوه‌ی ساڵێك‌و ١٠ مانگ له‌گوندی ده‌ڵاوان‌و قه‌مته‌رێ كه له‌ده‌شتی لاجانی نزیك خانێ خه‌ریكی وه‌رزێری بێ‌و خۆی ون‌بكات ٠٠ **شه‌هیدی قاره‌مان ماوه‌ی حه‌وت ساڵ شان‌به‌شانی كاك...**

شیلی و تێرۆروگرتن‌وكوشتن؟

كیلۆمه‌ترێك‌و سێ چوار سه‌ربازی لێ وه‌ستاوه‌و ئۆتۆمۆبیله‌كه ئه‌وه‌ستێنن‌و به وردی ئه‌ی‌پشكنن ٠٠ خۆم پێ نه‌گیراو به شوفێره‌كه‌م وت : ئه‌و خه‌ڵكه بۆ چی وا به شه‌قامه‌كان ...

مه‌سه‌له‌ی گرتن‌و كوشتن‌و تێرۆر له شیلیدا بۆته كرده‌وه‌ی رۆژانه‌ی میلیتاریسته فاشیزمه‌كانی سانتیاگۆ ، رۆژ كۆمه‌ڵی له سه‌ر شه‌قامه‌كان نیه كه ئاژانسه‌كانی ده‌نگوباس‌و رۆژنامه‌كانی دنیا هه‌واڵی ئه‌و خوێنه گه‌شه بڵاو نه‌كه‌نه‌وه كه دیكتاتۆریه‌كانی شیلی ئه‌یڕێژن ٠٠ ماوه‌یه‌ك سه‌یرێكی كردم وتی : ئه‌وانیش وه‌ستاون ٠٠ وتی :

ـ ئه‌مانه بێ ئیشن به دوای كاردا ئه‌گه‌رێن . منیش وتم ئه‌و مۆسیقا ژه‌نانه چی‌یان ئه‌وێ ٠٠ ... ئه‌وانیش

له‌مه‌وبه‌ر جاك كلێرك كه رۆژنامه نووسێكی شاره‌زای فه‌ره‌نسایه سه‌ری له شیلی‌داو چه‌ند راپۆرتێكی له‌م باره‌یه‌وه له رۆژنامه‌ی ـ موند ـ بڵاو كردوه‌وه ٠٠ له به‌ر گرنگی ئه‌م بابه‌ته بڕیارمان‌دا كه ئه‌و به‌شه‌ی خواره‌وه‌ی له هاوكاری بڵاو بكه‌ینه‌وه هه‌ر وه‌كو باوه رۆژنامه‌نووس كه ئه‌چێ بۆ وڵاتێك یه‌كه‌م جار چاوی به شوفێری تاكسی ئه‌كه‌وێ‌و له رێگا به‌ره‌و شار قسه‌ی له گه‌ل ئه‌كات‌و پرسیاری لێ ئه‌كات ٠٠ به‌ڵام شوفێری ئه‌و ته‌كسی‌یه‌ی من سواری بووم هیچ قسه‌یه‌كی نه‌كرد ٠٠ دوور نیه به‌نزین گران بێ‌و ده‌ست نه‌كه‌وێ ، نا كێ ئه‌ڵێ بیر له گوزه‌ران ناخۆشی خۆی ناكاته‌وه له‌وه دوور نیه كه هه‌ر چه‌ند

له سه‌ر شێوه‌ی ـ رۆشنبیران ـ سوال ئه‌كه‌ن ٠٠ ئه‌و منالانه‌ش كه جلی دڕاو شڕیان له به‌ر دایه‌و به دوای ریبوارو رێره‌وه‌یه‌كان ئه‌كه‌ون ٠٠ سوال ئه‌كه‌ن داوای پاره ئه‌كه‌ن ٠٠ ئا ئه‌مه‌یه دیمه‌نی ئێستای شاری سانتیاگۆ ٠٠ ئه‌و شاره‌ی كه جاران به شه‌ویش خه‌وتنی به خۆیه‌وه نه ئه‌دی ئێستاكه هه‌ر له ١٢ی شه‌وه‌وه له سه‌ر بازو پولیس به‌ولاوه كه‌س له سه‌ر شه‌قام‌و گازینۆو شوێنه گشتی‌یه‌كان نامێنێ‌و كپ‌و ماته‌می باڵ به سه‌ر هه‌موو شوێنێكدا ئه‌گرێ ٠٠ خۆ ئه‌گه‌ر یه‌كێكیش له‌و كاته‌دا بگیرێ ئه‌وا خۆی‌و به‌ختی گرتن ، بێ سه‌رو شوێن ون بوون ، تیره باران كردن ، یه‌كێ له‌م سێیانه‌ی به‌ر ئه‌كه‌وێ !

ئه‌و رۆژه شه‌وم و ره‌شو

ناخۆشانه ته‌بیعه‌تی خه‌لكی‌شیلی زۆر گۆڕیوه ٠٠ ئێستاكه خه‌لكی ئه‌و وڵاته وه‌كو جاران نه‌ماون ، كه‌م ئه‌دوێن‌و مێری سه‌بر گرتن بوون ٠٠ جا بۆیه‌شوفێری تاكسی‌یه‌كه‌ی منیش ئه‌و ماوه زۆره نقه‌ی نه‌كردو ورته‌ی لێوه نه‌هات . چۆن ته‌بیعه‌تی خه‌ڵكی نه گۆڕێ ٠٠٠ به ته‌نیا له یارێگای سانتیاگۆدا (٧) هه‌زار كه‌س گیراوه ٠٠ جاك كلیرك له شوێنێكی تری راپۆرته‌كه‌یدا ده‌ڵێ : به ته‌نیا له‌شاری سانتیاگۆ به لای كه‌مه‌وه (٦٥٠) كه‌س به ده‌ستی‌فاشیزمه‌كان كوژراون ٠٠ هیچ كه‌سێك له سانتیاگۆ له سه‌روماڵی ئه‌مین نیه ، له ناكاو ئۆتومۆبیلێكی عه‌سكه‌ری له سه‌رجاده ئه‌وه‌ستێ‌و دوو سه‌ربازی لێ دێنه ده‌ره‌وه‌و خۆ به‌خت هه‌رچی به‌ر ده‌ست هات ئه‌یگرن‌و ئه‌یبه‌ن ئیتر ئه‌و كه‌سه وه‌كو به‌ردی بن گۆم بێ سه‌رو شوێن ون ئه‌بێ ٠٠ خه‌ڵكی خه‌ریكن له گه‌ل ئه‌م جوره دیمه‌نانه ڕادێن

٠٠ له لایه‌كی تره‌وه هه‌ر وه‌كو ده‌ركه‌وتوه له ٤٠٪ی ئه‌وانه‌ی له سانتیاگۆ گیراون بۆ ماوه‌ی پێنج تا بیست ساڵ فرمانی گرتنیان به سه‌ردا دراوه خۆ ئه‌وانه‌ی تیره بارانیش كراون هه‌ر له ژماره نایه‌ن !

زانستگاو كۆلیجه كانیش هه‌ر باسیان ناكرێ ٠٠ تا وه‌كو ئێستا نزیكه‌ی ٢٢ هه‌زار فوتابی له زانستگا ده‌ر كراون‌و چه‌ندین كۆلیج داخراون چونكه ماموستاكانیان گیراون .

سانتیاگۆو تیموكۆو ئه‌نتافاجاكستی‌و سان‌فیلیپی‌و تێكرای شاره‌كانی تری شیلی به خوێنی رۆڵه‌نیشتمان په‌روه‌ره‌كان سوور بوون ، فاشیزمه‌كان ده‌ست له هیچ ناپارێزن ٠٠ ده‌با به لای كه‌مه‌وه جیهان ئاگاداری ئه‌مه بێت !؟

گیروگرفتی ئابوری وڵاتانی سه‌رمایه‌داری چی ئه‌گه‌یه‌نێ؟

به‌پێی راپۆرتی ده‌زگاكانی ئابوری نێو ده‌وله‌تان وڵاته سه‌رمایه‌داره گه‌وره‌كانی جیهان‌دووچاری گه‌وره‌ترین گیروگرفتی ئابوری بوون‌وتێكرای به‌رهه‌می پیشه‌سازی‌یان شكستی هێناوه‌و شت‌و مه‌ك‌و كه‌ل‌و په‌ل‌و كه‌ره‌سه‌ش له ئه‌ندازه به‌ده‌ر له‌و وڵاتانه گران‌بووه . وه‌كو ده‌ریش كه‌وتووه له‌پایزی پاره‌وه نرخی شت‌و مه‌ك له‌ووڵاته سه‌رمایه‌داره گه‌ورانه به‌راده‌یه‌ك زیاد بووه كه ئه‌مه‌یه‌كه‌م جاره له جه‌نگی جیهانی دووه‌مه‌وه شتی وا رووبدات . وه به پێی راپۆرتی «رێكخراوی هاوكاری ئابوری‌و په‌ره‌پێدان» نرخی شت‌و مه‌كی پێویستی ژیانی رۆژانه له ساڵی ١٩٧٣دا له ٢٤ وڵاتی سه‌رمایه‌داری گه‌وره چوار ئه‌وه‌نده‌ی ساڵی١٩٦١ گران بووه .

لایه‌نێكی تری ئه‌وهه‌ڵدێره‌ی باری ئابوری وڵاتانی سه‌رمایه‌داری به‌ده‌ستیه‌وه‌گیریان خواردوه كه‌م بوونه‌وه‌ی به‌رهه‌می پیشه‌سازی‌یه ، ئه‌م‌شكستی‌یه‌ش تێكرایی ئه‌مه‌ریكاو ژاپۆن‌و ئه‌ڵه‌مانیای‌فیدراڵ‌و به‌ریتانیای گرتۆته‌وه‌و فه‌ره‌نساو ئیتالیاش لێی‌ده‌ربازنه‌بوون ٠٠ جا بۆیه گۆڤاری (ئیكۆنومیست)ی به‌ریتانیای به‌ئاشكرا له مانگی ته‌موزدا پێی لێ‌نا كه «قۆناغی به‌ره‌و دواوه گه‌ڕانه‌وه‌ی وڵاتانی سه‌رمایه‌دار ده‌ستی پێ‌كرد » ! هه‌روه‌ها بازرگانی‌و بازرگانی ده‌ره‌وه‌ی ئه‌و وڵاتانه به‌ده‌ست‌هه‌مان شكستی‌یه‌وه ئه‌ناڵێنن ، هه‌ر وه‌كو ده‌ركه‌وتووه له هه‌شت مانگه‌ی دواییدا بازرگانی ئه‌مه‌ریكا ٢١٠٠ملیون دۆلار شكستی هێناوه‌و له‌هه‌مان ماوه‌دا بازرگانی‌ژاپۆن ٧٠٤٠ ملیون دۆلارو به‌ریتانیا ١٠ ملیون ئیتالیا١٢١ ملیون دولار شكستی‌یان هێناوه .

جا به‌هۆی ئه‌و باره‌ئابوری‌و بازرگانیه ناله‌باره‌وه چه‌ندین ده‌زگاو كارگه‌ی ئه‌مه‌ریكایی‌بون‌و داخراون وه له وڵاتی ژاپون نابوت بوونی فابریقه‌وكارگه‌كان له‌چاو پاردا به‌راده‌ی ٦٠٪ بووه ٠٠ ئه‌م باره‌شێواوه‌ش وای له‌مونوپوله‌كان كردوه كه ژماره‌یه‌كی زۆری كرێكاران ده‌ربكه‌ن‌و ئه‌مه‌ش گیروگرفتێكی تری خولقانو كه‌پتر بوونی له‌شكری بێ‌كارانه ٠٠ ده‌زگایه‌كی سه‌رژمێری ده‌رباره‌ی ئه‌م مه‌سه‌له‌یه وتویه: له مانگی تشرینی یه‌كه‌م دانزیكه‌ی ٣ر٥ ملیون كرێكار له ئه‌مه‌ریكادا بێ كار بوون ، ئه‌مه‌ش واته‌گه‌یه‌نێ ئه‌نیا ئه‌مساڵ ٤٤٠ هه‌زار كریكاری‌تر هاتونه‌ته ریزی له‌شكری بێ‌كاران . وه‌له به‌ریتانیا ژماره‌ی بێ‌كاران له مانگی ته‌مووزدا ٦٩٠ هه‌زار كریكاربووه ئه‌مه‌ش له جه‌نگی دووه‌می جیهانه‌وه یه‌كه‌م جاره كه‌وابێ‌كاری روو به‌ریتانیا ئه‌كات . هه‌روه‌ها راپۆرتێكی تر ئاشكرای كردوه كه له مانگی تشرینی یه‌كه‌مدا ٥٥٧ هه‌زاركریكار له ئه‌له‌مانیای رۆژئاوا ئیشیان نه‌بووه ئه‌مه‌ش دووئه‌وه‌نده‌ی پاره واته ئه‌مساڵ ژماره‌ی بێ‌كاران له ئه‌له‌مانیای‌رۆژئاوادادو ئه‌وه‌ندی زیادی كردووه .

هه‌رچه‌نده وڵاته سه‌رمایه‌داره گه‌وره‌كان چه‌ند ته‌قه‌للایه‌كیان داوه بۆچاره‌سه‌ركردنی ئه‌م گیروگرفته ئابوری‌یانه وه‌كو زیاترشتومه‌ك ناردنه‌ده‌ره‌وه‌و كه‌متر شت له ده‌ره‌وه هێنان ٠٠ به‌لام‌ئه‌مانه نه‌ك هه‌ر گیروگرفته‌كانیان چاره‌سه‌ر نه‌كردوه ، به‌ڵكو زیاتر مه‌سه‌له‌كه‌یان ئاڵۆزاندوه‌و به‌ره‌وهه‌ڵدێری ، هه‌زار به‌هه‌زار چووه ٠٠

رۆژنامه‌ی « نیۆیۆرك‌تایمز » له ژماره‌ی رۆژی ٧ـ١٠ـ ٩٧ دا نووسیویه‌تی‌ئه‌ڵێ : ژماره‌یه‌كی رۆری بانكه‌كانی رۆژ ئاوا هه‌ڕه‌شه‌ی‌نابوت بونیان لێ ئه‌كرێت ئه‌و دیارده‌یه‌ش (ظاهره) ئه‌بێ به‌جوره هه‌ڕه‌شه‌و به‌توندی ئاگادار كردنه‌وه‌یه‌ك دابنرێ . ئه‌و ده‌ردی سه‌ری‌و ناهه‌مواری‌یه‌ی نابوت بوونی‌بانكی‌نه مسا ساڵی ١٩٣١ به‌سه‌ر جیهانی هێنا ٠٠دوورنیه ئه‌مجاره‌ش روو بداته‌وه .

گه‌لی پورتوگال ته‌نگ به‌كۆنه‌په‌رست و به‌ره‌ی ده‌ستی راست هه‌ڵئه‌چنێ

ماوه‌یه‌ك له‌مه‌وبه‌رپه‌یامنێرێكی گۆڤاری ـشتێرن ـ كه له ئه‌ڵه‌مانیای رۆژئاواده‌رئه‌چێ سه‌ری له لشبۆنه داوه‌و چاوی به سه‌ركۆماری‌پورتوگال كه‌وتووه‌و ده‌رباره‌ی كوده‌تاكه‌ی ئه‌م دواییه‌و باری‌ناوخۆو پاشه‌رۆژی سیسته‌می ئێستای لشبونه چه‌ند پرسیارێكی لێ‌كردوه‌و وه‌ڵامه‌كانیشی بڵاوكردۆته‌وه ، رۆژنامه‌ی(الجمهوریه)ش كه له‌به‌غدا ده‌رئه‌چێ له‌ژماره‌ی (٢١٦٧)ی‌دا ته‌واوی ئه‌و راپۆرته‌ی بڵاو كردۆته‌وه ٠٠ جا له‌به‌ر گرنگی‌چه‌ند مه‌سه‌له‌یه‌ك كه له‌و راپۆرته‌دا باس‌كراون ، په‌سندمان‌كرد كه به‌شێكی له‌رۆژنامه‌ی هاوكاری‌دا بڵاوبكه‌ینه‌وه .

هێرش

گۆڤاری شتێرن له پێشه‌كی‌راپۆرته‌كه‌یدا به‌م شێوه‌یه ده‌ست پێ‌ئه‌كات :

ئوتیلو سیرایڤا دی‌كارڤالخوبه پیاوه كارامه‌و به‌هێزه‌كه‌ی لشبونه ناوئه‌برێ نمره‌عه‌سكه‌ری (٥٠٠٤٠٨١١)ه‌یه پێش شه‌ش مانگ ئه‌فسه‌رێكی ته‌مه‌ن ٣٧ ساڵی نه‌ناسراو بوو پله‌ی نه‌قیبی هه‌بوو ، له‌ بزوتنه‌وه‌ی ٢٥ی نیسانی ساڵی ١٩٧٤دا ده‌ورێكی گه‌وره‌ی گێڕاو ئه‌ویش نه‌خشه‌ی له‌سه‌ر كارلابردنی رژێمه فاشیزمه‌كه‌ی كایتانۆی داناو تیایدا سه‌ركه‌وت ٠٠ جابۆیه راسته‌وخۆ كرا به‌جه‌نه‌ڕاڵ‌و به فه‌رمانده‌ی لشبونه‌و هه‌رئه‌ویش پیلانه‌ناره‌واكه‌ی راسته‌ڕه‌وانی پوچه‌ڵ كرده‌وه له‌دواییش‌داجه‌نه‌ڕاڵ سپینولای ناچاركرد ده‌ست له‌كار بكێشێته‌وه ٠٠

ئنجا په‌یامنێره‌كه به‌م جوره‌پرسیاری لێ‌ئه‌كات :ـ

پ : جه‌نه‌ڕاڵی به‌رێز ، ئایا‌راسته كه هێزه‌كانی تۆ كوده‌تایه‌كی راسته‌ره‌وی كۆنه‌په‌رستیان پوچه‌ل كردووه ؟!٠

و : به‌ڵێ وابوو ، سه‌رمایه‌ـداره‌كان به‌هۆی تاقمێك خه‌ڵكه‌وه ویستیان سیسته‌مه تازه‌كه‌ی پورتوگال له‌سه‌ركار لابه‌رن‌و به‌بیانوی خۆپێشاندانی پشتگیری‌كردنی سه‌رۆك سپینۆلاوه ویستیان بمانگرن‌و من‌و ڤاسكۆ كونگالفیسی سه‌رۆك وه‌زیران‌و ڤیتور ئه‌لفیز بكوژن به‌ڵام ئیمه ئاگاداری ئه‌و جموجۆڵه‌بوین‌و توانیمان بیانگرین‌و چه‌ك‌و تفاقێكی زۆریشیان پێ‌بوو كه‌وته ده‌ستمان .

شتێرن :

به‌ده‌سیسه‌ی چ لایه‌نێك ئه‌و كوده‌تایه سازكرا ؟!

و : به‌ده‌سیسه‌ی پارتی لیبراڵی‌و تاقمی به‌ناو (پارتی پێشكه‌وتنخواز !) كه له‌مه‌وبه‌ر له‌تیپی فاشیزم‌دا بوون‌و له ٢٥ی نیسان ئه‌و تیپه په‌ك‌خرا . هه‌روه‌ها چه‌ند كاربه‌ده‌ستێكی ده‌زگای ئاسایشی په‌ك‌خراوی تیادا به‌شدار ببون ، ئه‌و تاقمه له‌لایه‌ن بنه‌ماڵه‌ی ئه‌سپریتو سانتۆوه پاره‌و چه‌ك‌و تفاقیان وه‌رگرتبو . ئه‌و بنه‌ماڵه‌یه‌ش خاوه‌نی گه‌وره‌ترین بانقی پورتوگالن .

شتێرن :

چون هه‌واڵی ئه‌و پیلانه‌تان پێ‌گه‌یشت ؟!٠

و : ئێمه ئه‌مانزانی كه خه‌ریكی شتێكن به‌ڵام به‌ته‌واوی كاته‌كه‌یمان نه‌ئه‌زانی یه‌كێك له پیلانگێڕه‌كان كه‌ناوی (نونیس)ه ویستبوی چه‌ك له ئه‌فسه‌رێكمان بكرێ‌و پێی وتبو كه ئه‌وان ٤٠ هه‌زار پارچه چه‌كیان هه‌یه‌و پێویستیان به شه‌ستیری (جی٣) نیشان‌هه‌یه‌و ئه‌گه‌ر ده‌ستیان بكه‌وێ هه‌روه‌ها وتبوی ئیمه ئه‌مانه‌وێ (٥٠٠) هه‌زار فیشه‌ك بكرین بۆ ئه‌وه‌ی له‌و خۆپێشاندانه‌ی كه بۆ پشتگیری كردنی سپینۆلا سازی‌ئه‌كه‌ین به‌كاری بهێنین . جاله‌مه‌وه ئه‌فسه‌ره‌كانمان پێ‌یان‌زانی‌و ئه‌و پیلان گێڕه‌مان له‌نزیك كه‌راجی وه‌زاره‌تی به‌رگری‌یه‌وه گرت‌و ناونیشانی خانویه‌كیشی دابوو له‌و خانووه‌دا چه‌ند نه‌خشه‌و راپۆرتێكی گرنگمان ده‌ستگیر بوو .

شتێرن :

دوای ئاشكرابوونی پیلانه‌كه، چه‌ند كه‌ستان گرت ؟

و : نزیكه‌ی ١٤٠ كه‌س .

شتێرن :

كۆمۆنیست‌و سوشیالستی‌یه‌كان یارمه‌تی له‌شكریان‌داو هه‌موو رێگاو بانه‌كانیان ته‌نی ، ئه‌مانه له‌وه ئه‌ترسن كه كاره‌ساتی شیلی له‌پورتوگال رووبداته‌وه ٠٠ به‌باوه‌ڕی ئێوه ئه‌مه‌ریكا ده‌ستی له‌وه‌دا هه‌بووه كه له پورتوگال‌دا روویدا ؟!

و :ـ زۆر شت ده‌رباره‌ی ئه‌و مه‌سه‌له‌یه وتراو زۆریش شتمان بیستوه به‌ڵام تائێستا به‌ڵگه‌یه‌كی

بڕوانه ل ـ٤ـ

Institut kurde de paris

بیره‌وه‌ری شاعیری نه‌مر «عبدالله زیوه‌ر ١٨٧٥ - ١٩٤٨ ز»

كه‌ماڵ غه‌مبار

له رۆژی ١٠ی ئه‌م مانگه‌دا مامۆستا شاعیری گه‌وره‌ی كورد مامۆستا زیوه‌ر لاپه‌ره‌ی ژیانی پێچرایه‌وه‌و چووه ریزی شاعیره نه‌مره‌كانی كورد. زیوه‌ری شاعیر په‌یره‌وی قوتابخانه‌ی حاجی قادری كۆیی كرد یه‌كێكه له قوتابیه‌كانی كه تا دوا هه‌ناسه‌ی خه‌مخۆری گه‌لی كورد بووو هه‌ڵو ته‌قه‌لای بی‌ووچانی ئه‌دا له پێناوی راپه‌رینی رۆله‌كانی‌و پێشكه‌وتنی نه‌ته‌وه‌ی كوردا. ئه‌گه‌ر سه‌رنجێك له شیعره‌كانی شاعیر بده‌ین بۆمان روون ئه‌بێته‌وه كه تا چ راده‌یێك ئه‌ده‌بی فارسی‌و توركی‌و عه‌ره‌بی به پێی ئه‌و زورفه‌ی كه شاعیر تیایا سه‌ری هه‌ڵداوه - كاریان كرۆته سه‌ر ریبازی شیعری‌و هه‌ست‌و نه‌ستیان جوولاندوه‌و ... ئاشكرایه له نیوان شه‌ڕی دووه‌می جیهانی‌و دوای جه‌نگه‌ كه سێ ریبازی شیعر له ئه‌ده‌بی كوردی‌دا هاتۆته‌كایه‌وه‌و جی شوێنی دیاربووه له‌واقیعی ژیانی گه‌له‌كه‌مان‌و هه‌ریه‌كه به پێی قه‌واره‌و توانای خۆی له كۆڕی ئه‌ده‌بدا په‌لی هاویشتووه‌و ده‌وری خۆی بینیوه.

یه‌كه‌م ریباز له روانگه‌ییه‌كی ئاینی‌و بیروباوه‌ریكی تایبه‌تی- یه‌وه سه‌یری مه‌سه‌له‌ی نیشتمانی و نه‌ته‌وایه‌تی كردوه‌و، بیرو باوه‌ری ئاینی له‌گه‌ڵ گیانی سه‌رده‌م تیكه‌ڵ كردوه‌و ویستویه‌تی چاره سه‌ری گیروگرفته‌كانی كۆمه‌ڵ بكات. زیوه‌ری شاعیر یه‌كێكه له نوینه‌ره كاریگه‌ره‌كانی ئه‌م ریبازه.

ریبازی دووه‌م به‌پێی بیرو باوه‌ریكی نه‌ته‌وه خوازی شۆرشگیرانه ته‌ماشای واقیعی گه‌لی كوردی كردووه‌و له‌م گوشه‌یه‌دا رووناكی خستۆته سه‌ر باری ژیانی گه‌لی كوردمان‌و به‌ره‌و دواروژیكی گه‌شه‌داره‌و به‌خته‌وه هه‌نگاوی ناوه. (بی‌كه‌س)ی نه‌مر پێشه‌وای ئه‌م ریبازه‌بوه.

ریبازی سێیه‌م، به پێی تیئۆری سوشیالیزمی زانستیانه چۆته بیخ‌و بنه‌وانی مه‌سه‌له‌ی كوردو له‌م ریبازه‌وه هه‌نگاوی ناوه بو ده‌س نیشان كردنی ده‌رده‌كانی كۆمه‌ڵ‌و چاره‌سه‌ریشی بۆ دۆزیوه‌ته‌وه. دلزار به نوینه‌ری راسته‌قینه‌ی ئه‌م ریبازه ده‌ژمێردرێت. مامۆستا نجم الدین مه‌لا ده‌ڵیت: «مامۆستا زیوه‌ر نه‌ك ته‌نیا شاعیر بوو، به‌س، به‌ڵكو **پێشه‌واو رابه‌ێكی كۆمه‌لایه‌تی بوو، هه‌ر (مامۆستا زیوه‌ر، بوو كه گیانی هه‌ڵدانی تیكۆشین له خوێندن‌و نیشتمان په‌روه‌ری كرد به‌ر لاوانی كوردستاندا)(١)**

راسته شاعیری نه‌مر رابه‌رێكی كۆمه‌لایه‌تی بوو، وه‌ك پیاوێكی ئاینی په‌روه‌ر بیرو باوه‌ری خۆی له‌گه‌ڵ بیروباوه‌ری چه‌رخی بیسته‌مین تیكه‌لاو كردوه‌و سه‌رنجی روله‌كانی گه‌لی كوردی بۆ لای خۆی راكێشاوه بیروباوه‌ره‌كانی جمیل صدقی زه‌هاوی ده‌رباره‌ی مافه‌ره‌واكانی ئافره‌ت كاریان له شاعیر كردوه‌و خستویه‌تیانه سه‌ر ئه‌و باوه‌ره كه ئه‌بێ پیاو ئافره‌ت شان به شانی یه‌كتر له پێناوی پێشكه‌وتن‌و به‌رزبوونه‌وه‌ی گه‌ل‌و نیشتماندا تێ بكۆشن له هۆنراوه‌یه‌كی دا كه دوو دیری زه‌هاوی له‌ناو تێهه‌لكیش ئه‌كات، ده‌ڵێ:

خزمه‌تی (جه‌ننه‌ت) ئه‌كه‌ن
هه‌ر دوو چ غلمان‌و چ حور
ریگه‌یی (حق) ئه‌گری
رابعه بی (یا منصور)
بۆ وه‌ته‌ن خزمه‌تی (ئاندارك)ه
له (دنیا مه‌شهور)
(یرفع الشعب فریقان اناث وذكور
وهل الطائر الا بجناحیه یطیر!)

شاعیر په‌رده له‌سه‌ر رووی كاربه‌ده‌ستانی ده‌وری عوسمانی رائه‌مالی، كردوه ناله‌باره‌كانیان ده‌خاته به‌رچاوو:

ده‌ڵیت: رقی زور بوو مودیر جه‌ریمه‌ی كرد
نه‌ك جه‌ریمه، كه قیمه قیمه‌ی كرد!
ئه‌مه بوو حالی ئه‌سبه‌ق‌و سابق
خوا بكا وا نه‌بێ ئیتر لاحق

وه له هۆنراوه‌یێكی تردا به‌ناوی (سكالای وولاتم) باسی فاشیسیزمه‌كانی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی كردووه روله‌كانی وه‌چه‌ی دوارۆژ هوشیار ئه‌كاته‌وه كه‌نابی هه‌رگیز تاوانه‌كان‌و كوشتن‌و برین‌و خوین رشتنی ئینگلیزیان له بیربچێ‌و داوای تۆله‌سه‌ندن ئه‌كات‌و ده‌ڵێ:

هه‌ر كووشتنه، خوین‌رشتنه
، (ئیعدامه) له هه‌رلا
سووتاوه به (بومبایی
عه‌دوو)ی بالی وولاتم
جه‌ژنه، خه‌نه به‌ندانه له
هه‌ر شارو دیارێ
خویناوه خه‌نه‌ی بازن‌و
خه‌لخالی وولاتم
لاشه‌ی - شوهه‌دا - ده‌عوه‌تی
ئینگلیزه له سه‌حرا
كردوویه‌تی بۆ (وه‌حش) و
قه‌ل‌و دالی وولاتم

له دواییدا ده‌ڵێ:

مه‌شهووره‌كه (جوو) له‌شكری
ده‌ججاله له ئاخر
(مه‌هدی) هه‌یه بۆ چاره‌یی
ده‌ججالی وولاتم
گه‌ر (مووده‌ه‌ی) به‌م قه‌تل‌و
قیتاله) دلی خوشه
گوم نابی له (ئه‌حفاد)و له
(ئه‌نجالی) وولاتم

مامۆستا زیوه‌ر وه‌ك مامۆستاییكی كارامه‌و به‌وه چ به‌هه‌موو هیزو توانستیكه‌وه به‌پینووسی ره‌نگینی به‌ره‌نگاری بیرو باوه‌ری پرو پوچ‌و توره هات بو، گری به‌ردایه گیانی نه‌خوینده‌واری‌و به‌سروودی نیشتمانی‌و گورانی كوردی به‌سۆز زمانی ناله‌كانی پژاندو میشكی به بیرورای زانین‌و په‌روه‌ری‌و دلسۆزی‌و گیانی له خۆبوردان ئاودان. ئه‌و ماوه‌ی كه له قوتابخانه مامۆستا بوو به ده‌یان هونراوه‌ی فێركردن (الشعر التعلیمی)داناو ژماره‌یێكی گه‌وره‌ش له سروودی نیشتمانی بو قوتابیان داناو له زمانی عه‌ره‌بی‌و توركی وه‌ریگێران‌و كردنی به‌خشتی بناغه‌ی په‌روه‌رده‌و فێركردن به‌هه‌له ناچین گه‌ر بلیین چه‌ند وه‌چه‌یێك قه‌رداری شاعیرن‌و ئه‌بێ هه‌میشه به‌هه‌موو شانا- زیبكه‌وه بیره‌وه‌ری مامۆستا زیوه‌ر بكه‌نه‌وه‌و هه‌رده‌م ده‌وری ئه‌م رابه‌ره گه‌وره‌یان له به‌رچاو بیت كه چ كاریكی كرده سه‌ر فراوان كردنی ئاسۆی بیركردنه‌وه‌و ریبازی فیربوون‌و پێشكه‌وتنیان.

هه‌زار سلاو له‌گیانی پاكی شاعیری نه‌مر عبدالله زیوه‌ر ..

(١) به‌شی یه‌كه‌م له دیوانی زیوه‌ر.



مه‌حمود جه‌وده‌ت

جمال بابان

به ره‌گه‌زو بنه‌ماله ئه‌چێته‌وه سه‌ر هۆزی (زه‌نده‌نه) كه باپیره گه‌وره‌ی له كاتی خۆیدا له دێی (ده‌رگه‌زین - ده‌رگازێرێن)ی ناوچه‌ی هه‌مه‌دانه‌وه له ده‌وروبه‌ری ساله‌كانی (١٧٠٠ - ١٧٥٠) هاتوه به‌م دیوا، دوای به‌رپا بوونی شه‌ڕی به‌ینی عه‌شره‌تی زه‌ندو قاجاریه‌كان، تاكو له گه‌ڕه‌كی (مه‌لكه‌ندی) له سلیمانی جێگیر بووه.

باوكی مه‌حموود، ئه‌حمه‌د جه‌وده‌ت كه له كاتی عوسمانیه‌كاندا له سلێمانی باشكاتبی ئه‌نجومه‌نی ئیداره بوه، ئه‌ویش كوڕی مه‌حموود ئاغا كوڕی مسته‌فا ئاغا كوڕی حه‌ما ئاغایه

جا وه‌كو كاكه عومه‌ری حه‌سه‌نا غای ده‌وڵه‌ت ئه‌لێت كه ئه‌م باسه‌م لێ وه‌رگرتوه، ماڵی جه‌ودت خزمایه‌تیان له‌گه‌ڵ هه‌مه‌وه‌ندو میرزا بدیعی باباجان و بابانه كانیشدا هه‌یه.

مه‌حموود جه‌وده‌ت ساڵی ١٨٨٩ له سلێمانی هاتۆته دنیاوه، دوای ئه‌وه حه‌سه‌ن ئاغای ده‌وڵه‌ت كه مامی بوو، پێی گه‌یاندوه‌و خستویه‌تیه به‌ر خوێندن له حوجره‌كه‌ی خواجه ئه‌فه‌ندی، دوای ئه‌وه له قوتابخانه‌ی رشدیه‌ی سوپایی، كه ئه‌وانه‌ی ته‌واو كرد، له ساڵی ١٩٠٧دا هه‌ستا چو بۆ ئه‌سته‌مبول، له‌وێ له قوتابخانه‌ی (حربیه سلطانیه) وه‌رگیرا چوار ساڵی خوێندو به ئه‌فسه‌ر ده‌رچوو كه شه‌ڕی گه‌وره‌ی یه‌كه‌می به‌سه‌ردا هات له شه‌ڕی (چنا قلعه) و (كوت الاماره) جه‌نگا. به‌ڵام كه بیستی وا خه‌ریكه ئیداره‌یه‌ك له كوردوستاندا به سه‌رۆكایه‌تی شیخ مه‌حموودی حه‌فید پێك دێت، گورج ئه‌وێ به جێ هێشت،، هاته‌وه بۆ سلیمانی، له له‌شكری شێخدا پایه‌یه‌كی بڵێندیان دایه، دوای ئاوا بوونی حوكم‌و ده‌سه‌ڵاتی شێخ مه‌حموود چوه سوپای عیراقه‌وو تیا مایه‌وه تاكو گه‌یشته پله‌ی (رائد)، له دواییدا وازی له‌ویش هێنا، جا له‌به‌ر ئه‌وه‌ی له كاتی خۆیدا هندسه‌ی خۆیند بوو، بوو به ئه‌ندازیار له شاره‌وانی سلیمانی، به دڵ‌و به گیان ده‌ستی دایه خزمه‌تی شاره‌كه‌ی، خه‌تی شه‌قامه‌كانی كێشاو ریكی‌خستن، حه‌وزه‌كه‌ی ناو بازاریش كه تاكو به‌ینێك له‌مه‌و به‌ر مابوو، ئه‌م دروستی كرد. هه‌ر له‌م كاته‌شدا بوو كه قه‌ڵه‌می خستبوه‌كار، ئه‌ینووسی شیعری ریك ئه‌خست، به‌رهه‌مه كانی له رۆژنامه‌ی (ئومیدی استقلال) و (پێشكه‌وتن) وگۆڤاری (زاری كرمانجی) دا بڵاو ئه‌كرده‌وه.

مه‌حموود جه‌وده‌ت له‌گه‌ڵ حامدی برای و كاملی حه‌سه‌ن ئه‌فه‌ندی له شه‌ری ئاو باریكدا كه له ساڵی ١٩٣١دا له نێوان هێزه‌كانی له‌شكری ئه‌وساو له‌شكری شێخ‌مه‌حموودا رووی‌دا به‌شدار بوو دوای ئه‌وه‌ش كرایه‌وه به ئه‌ندازیارو نیررا بۆ ناصریه، ئنجا كه‌ركووك.

خوا لێخوشبوو له‌گه‌ڵ به‌كر صدقی‌دا زۆر دۆستی یه‌كو برادر بوون، به جۆریك گوایه پێكه‌وه كۆمه‌ڵێكی نهێنیشیان پێكه‌وه نابوو، هه‌روه‌ها په‌یوه‌ندیشی له‌گه‌ڵ (سمكۆ)و كورده‌كانی توركیا شدا هه‌بوو.

مه‌حموود جه‌ودت خاوه‌نی ره‌وشتێكی به‌رز بوو، هه‌رگیز قسه‌ی ناشیرین‌و به تویكلی پێ قووت نه‌ئه‌درا، بۆیه كه له‌به‌غدا دوای ته‌واو كردنی (معامله‌ی تقاعدی) یه‌كه‌ی كه‌وتبوو، ئه‌و كار به ده‌سته‌ی چو بوه لای، قسه‌ی ناشیرینی به‌رامبه‌ری كرد بوو، ئه‌میش ئه‌و ساته ده‌نگی نه‌كرد بوو، به‌ڵام بۆ سبه‌ینی چوبووه‌وه سه‌ری‌و هه‌ر له دائیره‌دا كوشتی، له سه‌ر ئه‌وه دوای (محاكمه) بریاری خنكاندنی دراو روژی ٢٠-١١-١٩٣٧ هه‌ڵواسرا ... گه‌لێك له شاعیره‌كان وه‌ك احمد به‌گی صاحبقران (حمدی)و بێكه‌س‌و شێخ سه‌لام‌و پیره‌مێردو گۆران، به سه‌ر نیشتمان په‌روه‌ری‌و ئازایه‌تی ئه‌م پیاوه‌یاندا هه‌ڵداوه.

مه‌حموود جه‌وده‌ت ته‌نها تێكۆشه‌رێكی نه‌ته‌وایه‌تی‌و نیشتمان‌په‌روه‌ر نه‌بوو، به‌ڵكو له مه‌یدانی ئه‌ده‌بیشدا ده‌ستێكی بالای هه‌بوو. شیعری رێك ئه‌خست، قوتابیه‌كان كردبوویان به گۆرانی قوتابخانه، جگه‌له‌وه شیعری بۆ كوردستان‌و دایك‌و باوك‌و ژن‌و مندال‌و .. ئه‌ووت. له فه‌ره‌نسایییه‌وه زۆر شتی كردوه به كوردی، خه‌باتی گه‌لی پۆلۆنیای له ساڵی ١٩٣٦داكرده كوردی‌و به‌ناوی (پۆلۆنیا)وه له چاپی‌دا. پارچه‌یه‌ك شیعری به‌رزی شاعیری گه‌وره‌ی فه‌ره‌نسا (سوللی) وه‌رگێرایه سه‌ر كوردی، ئه‌وه‌بو ئه‌حمه‌د به‌گی وه‌سمان پاشای جافیش (أحمد مختار جاف)، كردی به پارچه‌یه‌ك شیعری زۆر به‌رز به ناوی گوڵی خوێنینه‌وه كه ئه‌ڵێ:

له‌و ده‌مه‌ی ئێمه كه خوێنمان ئه‌ڕشت.

رۆژیش به‌هاری هێنا بوه وجود

بڕوانه ل -٤-

مه‌گه‌ر بۆخۆی تێ بگا؟

- كه‌ریم حیسامی -

وتاری سێیه‌م:

خه‌ریك بووم ئه‌م چه‌ند وتاره له‌سه‌ر نووسراوه‌كه‌ی كاك دلشاد مه‌ریوانی هه‌ر به ناوو نیشانی «پێم وایه باشی بۆ نه‌چووه» بنووسم. به‌ڵام ناوه‌رۆكی وتاری ئه‌م جاره بۆیه ده‌بوو كه سه‌ردێره‌كه‌ی بگۆڕم.

له كۆتایی وتاری دووه‌هه‌م دا پرسیارم له خوێنه‌ری به‌رێز كرد بوو: «تۆ ئه‌و خوایه مامۆستا هێمن بۆ ئه‌م جۆره نووسینه گوتوویه: ئه‌من ده‌یلێم‌و بێ باكم؟». چونكه مامۆستا دلشادره‌ت كردنه‌وه‌»كه‌ی خۆی به‌م له‌ته شێعره دوایی پێ هێنابوو. بۆ ئه‌وه‌ی نیشانی بده‌م كه مامۆستا هێمن «ده‌یلێم‌و بێ باكم»ی بۆ ئه‌م جوره نووسینه به‌كار نه‌هێناوه، پێویست بوو له باری رێنووس‌و دارشتنی رسته‌و به‌كار هێنانی وشه‌ش به سه‌ر وتاره‌كه‌ی كاك دلشاددا بێمه‌وه. هه‌ر چه‌ند له باری بۆ چوون‌و چه‌شنی بیرورا سه‌باره‌ت به‌ئه‌ده‌ب‌و ئه‌دیبیشه‌وه ناكرێ به سه‌ری‌دا باز بدرێ‌و واز له ره‌ت كردنه‌وه‌ی هێندێك بیروڕا بێنین كه نووسه‌ری به‌رێزمان هه‌وڵ ده‌دا له نێو ئه‌ده‌بی كوردی‌دا بلاوی بكاته‌وه‌و بره‌وی پێ بدا.

پێویسته ئه‌وه‌نده‌ش بڵێم كه ئه‌ركی زانایانی رێزمان‌و شاره‌زایانی رێنووسی كوردی بوو كه له باری رێزمان‌و رێنووس‌و وشه‌و رسته‌وه له سه‌ر وتاری كاك دلشاد بنووسن‌و وه‌ڵامی بده‌نه‌وه. چونكه سه‌قام گرتوویی زمانی یه‌كگرتوو شێوه‌ی نووسینی كوردی ده‌پله‌یه‌كی ناسكی ئه‌و تۆ دایه ناكرێ خوارو خێچ رۆیشتنی قه‌ڵه‌مه‌كان گوێ پێنه‌درێ‌و كرو كپی لێ بكرێ. له باره‌ی پێك‌هاتنی زمانی یه‌كگرتوو، كۆڕی زانیاری كوردی هه‌وڵ‌و تێكۆشانێكی زۆری داوه. ئه‌دیب‌و نووسه‌رانی دیكه‌ش له ده‌ره‌وه‌ی كۆڕی زانیاری بۆ ئه‌و مه‌به‌سته تێكۆشاون‌و وتاری به نرخیان بلاو كردۆته‌وه. من كه له‌م وتاره‌دا ده‌مه‌وێ هێندیك تێبینی له باره‌ی رێنووس‌و رێزمان بخه‌مه روو، ته‌نیا بۆ چوون و بیرورای خۆمه‌و ئیدیعا ناكه‌م كه هه‌موو ئه‌و بۆ چوونانه راست‌و ره‌وان‌و پر به پێستی مه‌تله‌بن.

١ - له باره‌ی رێنووسه‌وه:

به لای منه‌وه، هه‌ر بیسمیللا له سه‌ر دێڕی وتاره‌كه‌دا تووشی هه‌ڵه‌ی رێنووس ده‌بین. وه‌ك «پێشه‌كی‌یێكه‌ی». دیاره نووسه‌ری به‌رێز خۆشی له سه‌ر رێنووسی ئه‌م وشه‌یه ساخ نه‌بۆته‌وه. چوونكه له دیره‌گی (ستوون) دووه‌هه‌م دێڕی (١٢) دا ئه‌م وشه‌ی به‌م شكڵه نووسیوه: «پێشه‌كیكه‌ی»، پاشان بای داوه‌ته‌وه‌سه‌ر شێوه‌ی پیشوو. به‌لای منه‌وه ئه‌گه‌ر قه‌ڵه‌مه‌كه‌ی كاك دلشاد راسته‌رێی گرتبا، ده‌بوو به‌م جۆره‌ی نووسیبا:

«پێشه‌كیه‌كه‌ی».

له وتاری مامۆستا دلشاددا زۆر وشه‌ی ئه‌وتۆ هه‌یه كه له‌باری رێنووسه‌وه جێگه‌ی پرسیارن. وه‌ك «سیاسی‌بۆه» دیره‌گی یه‌كه‌م دێڕی هه‌شته‌م، «تایبه‌تیكانی» هه‌مان دیره‌گ دێڕی دوازده‌هه‌م، «مرۆڤایێتی» دیره‌گی دووه‌هه‌م دێڕی چواره‌م، «سیاسی‌یێكی» هه‌مان دیره‌گ دێری ٣٣، «ویستوییێتی» هه‌مان دیره‌گ دێڕی ٤٢، «نه‌ته‌واییێتی» هه‌مان دیره‌گ دێڕی ٥٦، «به‌شداری‌یێكی» دیره‌گی سێیه‌م دێڕی ٢١و هی تر. به لای منه‌وه ئه‌مانه‌و زۆر وشه‌ی دیكه‌ش نووسینیان به‌و شێوه‌یه راست نیه‌و ئه‌گه‌ر به‌م جۆره بنووسرێن: «سیاسیه‌وه، مرۆڤایه‌تی، سیاسیه‌كی، ویستوویه‌تی، نه‌ته‌وایه‌تی، به‌شداریه‌كی‌و ...» رێنووس‌و ده‌نگه‌كانیان پێكه‌وه رێك ده‌كه‌وێ‌و یه‌ك ده‌گرێته‌وه.

٢ - پیتی (ت) كه به‌خۆڕایی به‌كلكی وشه‌یه‌وه نووساندووه وه‌ك: «ده‌بێت، بلێت، بوێت، ناكات‌و ...»

به‌رێز مامۆستا مه‌سعوود محه‌مه‌د له ژماره ١٨ی گۆواری به‌یان‌دا باسی ئه‌م (ت) یه ده‌كا به‌لام زۆر زوو ناكۆكی نیوان بوون‌و نه‌بوونی له وشه‌دا ئاشت ده‌كاته‌وه و ده‌نووسێ هه‌ر دووكیان راست‌و دروستن به‌ڵگه‌شی ئه‌وه‌یه كه «به درێژایی كات له كۆنه‌وه، به سه‌ر زارو خامه‌ی میلله‌تی كوردو نووسه‌رانی كورده‌وه بوون». هه‌ر چه‌ند من زۆر له مێژووی ئه‌ده‌بی كوردی شاره‌زانیم، به‌ڵام ده‌توانم ئه‌وه‌نده بڵێم كه لام وایه بێجگه له نووسه‌رانی ناوچه‌ی سلیمانی كه‌م كه‌سی تر ئه‌م (ت) یه وا به هه‌ڵاوی به‌كار دێنێ.

له شیعری شاعیرانیشدا مه‌گه‌ر بۆ (زه‌رووره‌ی شیعر) ده‌نا ئه‌و (ت) یه به‌كار نه‌هاتووه. بۆیه لام وایه به‌كار هێنانی ئه‌م فیعلانه به‌م جۆره راسته: «ده‌بێ، بلێ، بووێ، ناكا، ده‌كاو ...» چونكه هه‌م زۆر له سه‌ر زارو زمانان سووكتره‌و هه‌م پیتێكیشی كه‌متره ئه‌وه‌ش به زیاد بێ بۆ خۆی نیعمه‌تێكه.

٣ - دارشتنی رسته:

ئه‌وه‌نده‌ی بزانم، له زمان‌و نووسینی كوردی‌دا هه‌میشه، یان به زۆری، كار (فعل) ده‌كه‌وێته ئاخری رسته. ئه‌وانه‌ی به عه‌ره‌بی بیر ده‌كه‌نه‌وه‌و به كوردی ده‌نووسن، هه‌ر وه‌ك نووسینی زمانی عه‌ره‌بی كار ده‌خه‌نه ئه‌وه راست، یان سه‌ره‌تای رسته‌وه.

كاك دلشادیش هه‌ر چه‌نده وتاره‌كه‌ی به كوردی نوسیوه، به‌ڵام نه‌یتوانیوه خۆی له داوی تایبه‌تیه‌كانی رێزمانی عه‌ره‌بی رزگار بكا. با چه‌ند نموونه له وتاری كاك دلشاد بێنینه‌وه:

١ - «ده‌یچه‌سپێنن به‌سه‌ر به‌رهه‌مه ئه‌ده‌بیه‌كه‌دا».

٢ - «پێشه‌كی خشته‌یه‌ك داده‌نێن له لێك دانه‌وه‌ی خۆیان»

٣ - «به هۆی پێشه‌كی یێكه‌وه چیمان پێ بڵێت ده‌رباره‌ی بیروڕا سیاسیه تایبه‌ته‌كانی خۆی».

٤ - «توانای باوش كردنه‌وه‌یێكی وریایی یانه‌یان نیه بۆ ئومێدو ئاوات ...»و زۆر شوێنی تریش كه لێره‌دا ناكرێ هه‌موویان ده‌ست نیشان بكرێن.

ئه‌مانه‌و زۆر رسته‌ی دیكه، نه‌كه‌وتوونه نیو چوارچێوه‌ی رێزمانی كوردی. بۆ نموونه رسته‌ی یه‌كه‌م و دووه‌هه‌م دبوایه به‌م جوره بنووسرین: «به‌سه‌ر به‌رهه‌مه ئه‌ده‌بیه‌كه‌ی‌دا ده‌چه‌سپێنن»، «پێشه‌كی له لێكدانه‌وه‌ی خۆیان‌دا خشته‌یه‌ك داده‌نێن». له‌به‌ر درێژ بوونه‌وه‌ی وتاره‌كه به پێویستم نه‌زانی هه‌موو رسته نادروسته‌كانی‌و تاری كاك دلشاد به شێوه‌ی راست بنووسمه‌وه.

٤ - به‌كارهێنانی وشه‌و رسته له‌جێگای خۆی‌دا:

مامۆستا دلشاد محه‌مه‌د ئه‌مین له وتاره‌كه‌ی‌دا هێندێك وشه‌و رسته‌ی ئه‌وتۆی به‌كار هێناون كه له جێگای خۆیان‌دا نین‌و تێگه‌یشتنیان دژواره، یان بڵێم لای من دژواره. ره‌نگه چونكه من زانكۆی ئه‌ده‌بیم ته‌واو نه‌كردوه، بۆیه تێیان نه‌گه‌م. هه‌رچی بێ من له روانگه‌ی تێگه‌یشتنی خۆمه‌وه بۆیان ده‌چم.

با سه‌رێك به نێو وتاره‌كه‌ی «بیری سه‌ربه‌ست» دا بخولێینه‌وه‌و هه‌ر له سه‌ره‌تاوه به به‌ژن‌و بالای نووسراوه‌كه‌دا بێینه خواری‌و وێرای رێز بۆ مامۆستا دلشاد، هێندێك وشه‌و رسته‌و زاراوه ده‌ست نیشان بكه‌ین‌و بزانین نووسه‌ر ده‌یه‌وی بلێ چی؟

١ - له سه‌ره‌تای وتاره‌كه‌دا كاك دلشاد ده‌نووسێ: «ئه‌وانه‌ی ده‌رباره‌ی ره‌خنه تاقی كرنه‌وه‌یێك یان زیاتریان هه‌یه، گه‌ر به‌خۆیان‌و تاقی‌كردنه‌وه‌كانیان‌دا بچێنه‌وه ...». لێكدانه‌وه‌ی مانای ئه‌م رسته‌یه‌و خستنه‌وه سه‌ریه‌كی وشه‌كانی زۆر دژواره مانای وشه‌كان لێك نامۆیه و له‌گه‌ڵ یه‌كتررێك ناكه‌وێ. وشه‌ی تاقی‌كردنه‌وه‌و پێ داچوونه‌وه له جێی خۆی به‌كار نه‌هاتوه‌و مانای رسته‌كه له سه‌ریه‌ك‌هالۆزو بێ‌سه‌ره‌وبه‌ره‌یه پێم وایه نووسه‌ر ده‌یه‌وێ بڵێ: «ئه‌وانه‌ی ره‌خنه‌ی ئه‌ده‌بی ده‌گرن، ئه‌گه‌ر سه‌یرێكی خۆیان‌و ره‌خنه‌كانیان بكه‌ین ..» به‌ڵام دیاره ویستوویه‌تی رسته‌كه زۆر ئه‌دیبانه‌و به هێز بێ، بۆیه وای لێ كردوه كه‌س به‌هاسانی بۆی نه‌چێته‌وه سه‌ریه‌ك!

بڕوانه ل: -٧-

ئه‌سره‌و مانگ و رۆژ

ئه‌حمه‌د پشده‌ری

ئه‌ستێره‌كان ..
هه‌نگاوه‌كانمان - ده‌پێون -
له‌سه‌ر - په‌ڕی‌ته‌مه‌ن -
هێڵی رێی‌ره‌ومان ..
ده‌كێشن
(نهێنیی‌یه‌كانمان تۆمار ده‌كه‌ن
له دۆسیه‌ی تایبه‌تی دا ..)
(به‌تای ته‌رازوو
كێشی - هه‌ست‌و به‌زه‌یی‌و یژدانمان -
ده‌كه‌ن ...)
وزه‌و توانمان - هه‌ڵ ده‌سگێنن -
ده‌راوی - ووته‌كانمان - ده‌ده‌نه‌وه
مه‌به‌ست - له بێژنگ - ده‌ده‌ن
هیوا - ئاڵه‌و گێرده‌كه‌ن -
هه‌مو - ئه‌وانه ...
له بوخچه‌ی - مانگدا - گرێ پێچ ده‌كرێن.
رۆژو رۆژگار
له‌سه‌ر - رۆشنایی‌و ورده‌كاری -
به‌چاوی تیشكی ...
ئه‌م - بوخچه‌یه ده‌پشكنێ ...
بڕیاری - چۆنیه‌تی ژیانمان -
ماف‌و چاره‌نوسمان
كاری پر به پێستی **خۆمان**
پێ ده‌ده‌ن ..
ئه‌م بڕیاره
مانگ‌و رۆژو ئه‌ستێره
مۆری ده‌كه‌ن ...
دۆسیه‌ی - ته‌مه‌نمان - ئاوه‌ڵه‌یه
بۆ تۆماركردنی - كرداری - به‌ره‌ودوامان
چاو پێ‌داخشاندنه‌وه‌ش له یاسای
فه‌رمانه‌كانی - ئه‌واندا - هه‌یه ...
بۆ - نه‌لوانی - دوینێ ...
كاری نی‌یه به‌سه‌ر - لوانی - ئه‌مرۆوه ..
مانگ‌و رۆژ
ئه‌م هه‌مو ئه‌ستێرانه‌یان ...
بۆ خزمه‌ت گوزاری ئێمه ..
به ئاسمان دا هه‌ڵواسیوه ...
نه خاتروخۆتر ده‌زانن ... نه‌دۆستایه‌تی
نه ده‌میان چه‌ور ده‌كرێ
نه‌ده‌ستمان ده‌یانگاتێ
نه - دیاری -ش وه‌رده‌گرن
نه به‌هه‌ڵه‌ش ده‌چن ...
هه‌ر ئه‌وانیش لووت شكێنن ...
دڵ ته‌زێنن ... چاو به‌زێنن ..
هه‌مو - كه‌سێ - ده‌مرێنن -
به - پتێك - خۆڵ -
كۆتایی - به‌ئاوات‌و نه‌وای - ژیان
ده‌هێنن ...
ئه‌م چین ده‌به‌ن .. ئه‌و چین دێنن ...
تاچینكی پوخت‌و پاكژ
بۆ سه‌ر - زه‌وی - سه‌ربه‌خۆیان -
ده‌رنگێنن ...
ئه‌وسا ... نه‌دۆسیه ده‌مینێ‌و
نه‌بوخچه ...
نه رۆژ - گه‌روی - هه‌ندی مرۆڤ
شه‌ته‌ك ده‌دا به كه‌له‌پچه ...
نه‌زیان ده‌مینێ ... نه‌جه‌وه‌ر
نه‌كلكه بیورو نه‌ته‌ور

دانانی بەردی بناغەی (١٢٠) خانوو بۆ ئەندامانی هەردوو ئەنجومەنی تەنفیزی و تەشریعی ناوچەی کوردستان

ڕۆژی ٧-١١ لەژێر چاودێری کاک هاشم عقراوی سەرۆکی ئەنجومەنی تەنفیزی ناوچەی کوردستان لە شاری هەولێر ئاهەنگێك سازکراو لە ئاهەنگەکەدا بەردی بناغەی دروستکردنی ١٢٠ خانوو دانرا بۆ نیشتەجێ کردنی ئەندامانی هەردوو ئەنجومەنی تەنفیزی و تەشریعی ناوچەی کوردستان .

وە لە ئاهەنگەکەدا بەڕێز کاك عبدالستار طاهر وەزیری اشغال و اسکان و بەڕێز کاك عبدالله اسماعیل وەزیری دەوڵەت و چەند کاربەدەستێکی وەزارەتی اشغال و اسکان و ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەنجومەنی تەنفیزی و تەشریعی ئامادەبوون .

ئەوەی شایانی باسە ئەم پرۆژەیە کەبریتییە لە ١٢٠ خانوو لەسەر پارچە زەوییەك دروست ئەکرێ کە پانایییەکەی ١٠٠ دۆنمەو نزیکەی سێ ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە .

پەیامنێری هاوکاری
لە هەولێر

دیوانی ئەوقاف چەند پرۆژەیەك لە کوردستان جێبەجێ ئەکات

ئەنجومەنی بەرزی ئەوقاف لەدوا کۆبونەوەکەیدا چەند بریارێکی دا کەچەند ئەپارتمان و بازارو قوتابخانەیەك لە کوردستاندا دروست بکرێت .

وە ئەنجومەنی ناوبراو ٦٠ هەزار دیناری بۆ دروستکردنی ئەپارتمانێك لە دهۆك تەرخان کردوە ، وە ئەم ئەپارتمانەش لە چەند (شقە)یێك پێكدێ وە قاتی خوارەوەش ئەبێتە بازار ، هەروەها (٤١) هەزار دینار بۆ دروست کردنی ئوتێل و گازینۆو چێشتخانەیەك لە دهۆك تەرخان کراوە . وە (١٦) هەزار دیناریش بۆ دروستکردنی چەند (شقە)یێك لە سەر بازاری (وقف) لە تەنیشت مزگەوتی گەورەی دهۆك تەرخانی کراوە وە بۆ پارێزگای سلێمانی (٧٣) هەزار دینار بۆ دروست کردنی ئەپارتمانێك لە تەنیشت مزگەوتی قامیشان تەرخان کرد ، وە ئەم ئەپارتمانەش لە سێ نهۆم جگە لە نهۆمی زەوی پێكدێ ، وە (٨) هەزار دیناریش بۆ دروست کردنی چەند عەمارێك لە پێش مزگەوتی (سید حسن) تەرخان کراوە .

وە (٨٣٠٠) دینار بۆ دروست کردنی مزگەوتێك لە قەزای (شرقاط) لە پارێزگای نەینەوادا تەرخان کراوە .

وە لە پارێزگای کەرکوك مزگەوتێك لە گوندی جیام لە قەزای توزخورماتو دروست ئەکرێت .

چەند نەخۆشخانەو مەڵبەندێکی تەندروستی لە کوردستان دروست ئەکرێن

هەفتەی رابردوو لە وەزارەتی تەندروستی کۆبوونەوەیەك کرا بۆ چۆنیەتی پەرەپێدانی خزمەت گوزاری تەندروستی و مەڵبەندەکانی تەندروستی لە کوردستان دا . وەلەو کۆبوونەوەیە دابریاری فراوان کردن و پێشخستنی مەڵبەندەکان درا ، هەروەها بریاری دروست کردنی چەند دەزگایێکی تەندروستی تر درا .

لە پارێزگای هەولێر (٧٠) هەزار دینار بۆ فراوان کردنی نەخۆشخانەکەی وە (١٠٠) هەزار دیناریش بۆ دروست کردنی مەڵبەندی پاراستنی تەندروستی و (٥٦) هەزار دیناریش بۆ دروست کردنی عەیادەیێکی پزیشکی تەرخان کرا . هەروەها (٣٠) هەزاردیناریش بۆ دروست کردنی مەڵبەندێکی تەندروستی لە صلاح الدین تەرخان کرا .

وەبۆ فراوان کردنی نەخۆشخانەی دهۆك (٣٠) هەزار دینار تەرخان کرا .

وەلەو پرۆژانەی کە وەزارەت لە کوردستان دا جێبەجێیان دەکات نەخۆشخانەیێکی تریش لە دهۆك کە ٣٠٠ هەزار دیناری تێ ئەچێت جگە لە چەند مەڵبەندێکی سەرەکی و (فرعی) وعەیادەو نەخۆشخانەو کە بەچەن ملیۆنێك دینار لە کوردستان دا دروست دەکرێن .

وەئەوەی شایەنی باسە عەیادەکانی پزیشکی هەولێر وسلێمانی و دهۆك ژمارەیان گەیشتۆتە (٤٢) عەیادە لەگەڵ (دە) مەڵبەندی تەندروستی وچەندتیپێکی گەڕۆك بۆ خزمەتی ناوچە دوورەکان تەرخان کراون ، وە لەو مەڵبەندانەو عەیادانە دا (٧٣) پزیشك و (٨٧) برین پیچ وفنی ئیش ئەکەن .

کۆستێکی گران



بە دڵێکی پڕ لە ماتەم و ناسۆرەوە ، دەزگای (هاوکاری) بە رۆژنامەی (هاوکاری) و گۆڤاری (بەیان)ەوە هەواڵی داخاوی کۆچی دوایی نووسەرو رۆژنامەگەری کورد (شێخ قادری بەرزنجی) بلاودەکاتەوە . شێخ قادری رەحمەتی یەکێك بوو لەو نووسەرە ئەدەب پەروەرو رۆشن بیری پەرستانەی کە هەرگیز دنیای سەربازییەی ئەوەی لێ نەگرتبوو کە هەمیشە بیەوێ لە ژێر سێبەری خوێندن و کتێب و گۆڤارو رۆژنامەدا بژی و لەم رێگایەوەدەروونی خۆی زاخاو بداتەوە ، وەرگرتنی ئیمتیازی گۆڤاری (شەفەق) لە کەرکوك خۆی لە خۆیا مایەی خزمەت و پێزانینێکی تەواو قووڵە ، جگە لەو کنەو خۆماندوو کردنەی بەشوێن دەیان سەرچاوەدا بۆ دانانی بەرگی یەکەم و دووەمی فەرهەنگی زانیاری کە ئەمیش دەست پێشکەرییەکەو لە کتێبخانەی کوردیدا شوێنی دیارە .. شێخ قادری کوردپەروەرو مرۆڤ خۆشەویست و دیموکرات و ئاشتی خوازنموونەی وەفاو دڵپاکی و ساویلکەیی و سۆزو پەرۆشی خزمەت و پێشکەوتن و سەرکەوتنی گەل بوو .. بەم بۆ نەیەوە پرسەو سەرخۆشیمان پێشکەش بە خێزان و کەس و کارو خزم و برادەرانی خوا لێ خۆشبوو دەکەین .

دەزگای هاوکاری

کۆچ کردوو لە چەند دێڕیکدا :-

● شێخ عبدالقادر محمد بەرزنجی لەساداتی بەرزنجەیەو لە ساڵی ١٩٠٩ زدا لە شاری سلێمانی لە دایك بوە .

● لە ساڵی ١٩٣٢ زدا لە کۆلیجی سەربازی دەرچووەو ساڵی ١٩٥٦ز بە پلەی عەقیدی خانەنشین کراوە .

● لە ساڵی ١٩٥٦دا کتێبی (ساداتی بەرزنجە)ی لە کەرکوك چاپ کردوە .

● لە ساڵی ١٩٥٨ زدا ئیمتیازی گۆڤاری (شەفەق)ی کەرکوك وەرگرتوە .

● ساڵی ١٩٦١ گۆڤاری (شەفەق)ی گوێزایەوە بۆ سلێمانی و ناوی نرا (بەیان) .

● ساڵی ١٩٧٠ لێ پرسراوی رۆژنامەی (ژین) بوە .

● لە ساڵی ١٩٧٢دا بەرگی یەکەمی (فەرهەنگی زانیاری) لە سلێمانی چاپ کردوە .

● بەرگی دووەمی ئەو فەرهەنگەی بۆ چاپ ئامادە کردبوو بەڵام مەرگ مۆڵەتی تەواو کردنی نەدا .

دەزگای رۆشنبیری جەماهیری و کتێبخانەی تازە لە کوردستان .

وەزارەتی راگەیاندن بریاری دا کە بەرێوەبەرێتیێکی دەزگای رۆشنبیری جەماوەر لە پارێزگای هەولێر بکرێتەوە . وە بەرێوەبەری گشتی رۆشنبیری جەماوەر راگەیاند کە ئەم بەرێوەبەرایەتیە یارمەتی ئەدرێت لە بەرێوەبردنی کاروبارەکانی دا ، هەروەها چەند بەرێوەبەرایەتییەکی تریش ئەکرێتەوە .

وە بەرێوەبەری ناوبراو رایگەیاند کە لە ساڵی داهاتوودا بزوتنەوەیێکی رۆشنبیری گەورە لە کوردستاندا بەرپا ئەبێت ئەویش بەرێکخستنی کۆڕو بلاوکردنەوەی چاپەمەنی بە کوردی و عەرەبی و تورکمانی وە پیشان دانی فیلمی سینەمایی ئەبن ، وە لەگەڵ ئەمانەش دا پێشانگای هونەری ئەکرێتەوە لەگەڵ میهرەجانی هونەریش لە ناوچەی میللییەکاندا رێك ئەخرێت .

هەر وەها (٣) کتێبخانەی میللیش ئەکرێتەوە کە نیایاندا چاپەمەنی راگەیاندن و رۆژنامەی رۆژانە ئەفرۆشرێت .

زۆربەی دەرچوانی زانستگای بەغدا دائەمەزرێن

هەفتەی رابردوو ئیش لەچوار گوندی تازەی ناحیەی دبس و داقوق لە پارێزگای کەرکوكدا تەواو بوو .

وە ئەم گوندانە کە لە ١٨٠ خانوو پێك هاتوون (٢٥٠) هەزار دیناریان تێ چووە .

وە لە لایێکی تریشەوە پرۆژەی دروست کردنی هەشت گوندی تازەی تر لە قەزای چەمچەماڵ بە قۆنتەرات دراوە ، وە ئەم گوندانەش هەشت ملیون دیناریان تێ ئەچێت .

وە ئەم پرۆژەیە بریتییە لە دروست کردنی (٤) هەزار خانوو لەگەڵ چەند دەزگایێکی رۆشنبیری و تەندروستی و گەشت و گوزارو خزمەت گوزاری تر ، وە ئەم پرۆژەیەش لە ماوەی دووساڵی دا تەواو دەبێت .

چوار گوندی تازە لە پارێزگای کەرکوك

هەفتەی رابردوو وەزارەتی پەروەردە داوای لە ئەنجومەنی خزمەت گوزاری (مجلس الخدمة) کرد کە هەموو دەرچوانی بەشی ئینگلیزی و ماتمانیك و فیزیاو کیمیاو بایۆلوجی و ئەکادیمیەی هونەرجوانەکان دابمەزرێنێ بە مەرجێ کە چاو لە ژمارەیان بپۆشێ .

وە بۆ ئەوەی ئەم دەرچوانە دابمەزرێنرێن ئەبێ عەسکەرییان تەواو کردبێ یاخود لە خزمەتی سەربازی بەخشرابن و نابێ لە لایێكدا فەرمانبەر بن .

وە لە لایێکی تریشەوە بەم زووانە ٢٠ مامۆستای ئافرەت لە سەر میلاکی (ثانوی) لە دەرچوانی بەش بایولوجی لە کۆلێجی زانیاری زانستگای بەغدادا دەمەزرێن .

٣ ملیۆن دینار بۆ پرۆژەی پەلەوەری کەرکوك

لە پارێزگای کەرکوك دووهەزار دونم لە زەوی (ناحیەی یایجیە) تەرخان کراوە ، بۆدروستکردنی پرۆژەی پەلەوەری کەرکوك کە ٣ ملیون و ٥٠٠ هەزار دیناری تێ ئەچێت . وە وزەی بەرهەم هێنانی لە ساڵێکدا (١) ملیون هێلکە دەبێت .

وە لە لایێکی تریشەوەهەفتەی رابردوو دروستکردنی پرۆژەی پەروەردە کردنی ئاژەڵ لە ناحیەی داقوق بە ٥٤٦ هەزار دینار جێبەجێ کرا . وەئەم پرۆژەیە بریتییە لە هۆڵی بەخێو کردنی مەرو ماڵات و دووهۆڵیش بۆ پەروەردە کردنی پەلەوەرو چەند حەوزێك وعەمارو بینای بەرێوەبەرایەتی و ١٠ خانوو بۆ کرێکاران وهەشت خانووش بۆ فەرمانبەران

ملیۆن و ٣٠٠ هەزار دینار بۆ زانستگای مستنصریەو کولێجە ئاینییەکان

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بریاری دا کەملیونێك و ٣٠٠ هەزار دینار بخرێتە سەر بودجەی زانستگای مستنصریەو کۆلێجی (فقه) (نجف) و کۆلێجی دراسات (الاسلامیه) و (اصول الدین) و (امام الاعظم) لە بەغدا .

وەئەم بریارەش شەمەی رابردوو لە رۆژنامەی رەسمی دا بلاوکرایەوە وە ئەوەی شایەنی باسە بەپێی بریارێکی پێشویی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش زانستگاو کۆلێجە ناوبراوەکان بوون بە رەسمی وخرانە سەر وەزارەتی فێرکردنی بەرزو لێکۆلینەوەی زانیاری .

(٢) ملیۆن و ٥٨٧ هەزار دینار بۆ پرۆژەی (تایە) دروست کردن

هەفتەی رابردوو دەزگای گشتی نەخشەکێشان و پیشەسازی لەگەڵ کۆمپانیایێکی لبنانی قۆنتەراتی جێبەجێ کردنی ئیشی ئەندازیاری مەدەنی بۆ پرۆژەی تایەو بۆری لاستیکی ئۆتۆمبیل مۆرکرد کەلە پارێزگای قادسیەدا دروست ئەکری و ٢ ملیون و ٥٨٧ هەزارو ٥٨٠ دیناری تێ ئەچێت وە نیاز وایە ئیش ئەندازیاری مەدەنی پرۆژەی ناوبراو کە وزەی بەرهەم هێنانی ٣٠٠ هەزار تایەو بۆری ئەبی لە ماوەی ٢٨ مانگدا تەواو بێت .

وە ئەوەی شایەنی باسە لە ساڵی رابردوودا دەزگای ناوبراو لەگەڵ کۆمپانیای بیریللی ئیتالیایی پەیمانێکی خانوو پێك هاتوون (٢٥٠) کەرەسەی پرۆژەکە بە ٧ ملیون دینار .

وە ئەم پرۆژەیە کە لە ساڵی ٩١٧٧ دا تەواو دەبێت ٥٠٠ کرێکارو تەکنیکی و بەرێوەبەر ئەتوانێ ئیش تیادا بکات جگە لەوەی کە ٧٠٪ی پێویستیەکانی وولات مسۆگەر ئەکات .

کۆمپانیای ئەفەریقایی - عیراق شتومەکێکی زۆر بۆ کوردستان ئەنێرێ

هەفتەی رابردوو کۆمپانیای ئەفەریقایی - عیراقی شتومەکێکی هەمە جۆرەی بۆلق و پێشەنگاکانی لە کوردستان دا نارد وە ئەو شتومەکانە بریتی بوون لە سۆبەی نەوت و گازو کارەباو ئەباخ و سەلاجەو فرێزەرو مەکینەی دروومان و تلفزیون و رادیۆو رێکۆردەر (تسجیل) و جۆرەها پاتری وە سەرچاوەیێك لە کۆمپانیاکە رایگەیاند کەئەم شتومەکانە لەمەو دوا بەبەردەوامی بەسەر بازارو لقەکانی کۆمپانیاکە دابەش ئەکرێن .

شێخ قادری بەرزنجی لە چەند دێرێك دا .

ئەم چەند دێرەی ئەی نوسم جوڵاندنی ئەو دەماری خزمایەتیە نیە کە لە بەینمان دا هەبووەو هەیە هەروەها بۆ مەبەستێکی تایبەتی رۆژگارنەی هیناوەتە پێشی .. بگرە ئەو شتەیە نەك من هەموو مرۆڤێکی رۆشن بیر ناتوانێ لێی لابداو دانی پێدا نەنێت و چاو لە ئاستی بنوقێنی و گوێی خۆی لێ کەڕکات .. باشە ئەبێت ئەم شتە چی بێت ..؟ بڵێی راستی نەبێت ..؟

بەڵی ئەوشتە راستیەو هەڵسوکەوت و بیرو پێنوس و بەرهەم و رەنجی بێوچانت بۆمان روون ئەکەنەوەو وەك رۆژی روناك دیارەو ناتوانرێ نکولی لێ بکرێت .

کاکە شێخ قادر .. گەرچی لە کاروانی تەمەنی عەسکەریتا سەربازێکی بە خودا راپەرموو بێ دەنگ و بێ زیان بویت تا گەیشتیتە رتبەی «عەقیدی» بەڵام دوای خانەنشینیت کونجی گۆشەگیری و دانیشتنت نەگرت .. ناڵێم وەك سەرەتای سەید ئەحمەدی مەرەخەسی برات قوڵی خەباتی شۆرشگێری و سیاسیونەتەوایەتیت لێ هەڵکرد و هاتیتەمەیدانەوە بەڵام تاسنورێك وەك کاکە قازیت کە قازی سلیمانی بوو توانیت خۆت بە نەتەوەکەت بناسێنیت و جێگای رێزو خۆشەویستی لەدڵیان دا بکەیتەوە بەنوسینە بەنرخ و کەڵك بەخشەکانت .

ئەم راستیەش وەنەبێت شتێکی دروست کراو بێت و خۆی هاتبێتە پێشەوە .. گۆڤاری شەفەق کە لە کەرکوك دەرەت ئەکردو سەرنوسەری بوی و رۆژنامەی ژین کە دوای مردنی گۆران بویتە سەرنوسەری تا ئەو کاتەی دەستی مەرگ پێلوی چاوەکانی پێکنایت شایەتی ئەم راستیەن و ئاگادارن خۆ نوسراوە لە چاپدراوەکانت ئەوە هیچ کە وەك رۆژی رون بە ئاستی تێکۆشانی نوسین و بەرهەمتەوە ئەدرەوشێنەوە .

کاکە شێخ قادر .. بنوێرە لە باوەشی دایکی خۆشەویستاو لە کۆشی گردی سەیوانا لە تەنیشت براکانتەوە ئەو برایانەت کە هەریەکەیان تا رادەیەك وەك تۆ لە بەردەم بارەگای خودا ئەتوانن رووی سوریان بەرزبکەنەوەو پیشان بدەن .

هیوام وایە نەوەکانت بتوانن چمکێك لەم خەباتە روناك و جوانە بگرن و بەرەوت بەرنەدەن .

شێخ مەحیا

پاشماوەی : گەلی پورتوگال

وامان بەدەستەوە نیە کە ئەم قسەیە ساغ بکاتەوە ، ئەوەندە نەبێ کە ئێمە ئەزانین ئەمەریکا (١٠٠) بەکرێگیراوی لە پورتوگال هەیەو سەر بە پولیسی نهێنی ئەمەریکان .

شتێرن :

دوای پیلانە سەرنەکەوتووەکە سێ جەنەرالی کۆنەپارێزو دوو وەزیرتان لەسەر کار لابرد . ئایا ئەمانە پەیوەندییان بەو پیلانەوە هەبوە ؟!

و :- ئەوانەی تۆ ناوت هێنان ویستیان گیروگرفت بۆ هێزی چەکدار بخولقێنن بەتایبەتی کە کۆنەپەرستان ئەیانویست خۆپێشاندانەکە سازبکەن ... وە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ یارمەتی کۆنەپەرستانیان دا جگە لەمەش بیروباوەری سیاسییان لەگەڵ راستڕەوەکاندا یەك ئەگرێتەوە . لەبەر ئەمە هێزی چەکدار ، داوای لابردنی ئەم سێ جەنەراڵەی کرد لەگەڵ دوو وەزیرەکەدا کەچی سپینۆلا قایل نەبوو ، ویستیشی هەڵمانخەڵەتێنێ جابویە بریارماندا کە ئەویش لابرێ .

شتێرن :

نیازتان هەیە محاکەمەیان بکەن ؟!

و :- نەء .. ئەوان سەربەستن و وابزانم هەندێکیشیان ئەچن بۆ دەرەوە .

شتێرن :

وازانراوە کە لەبزوتنەوەی هێزی چەکداردا ئەفسەری کۆمۆنیست و سوشیالیستی هەیە ، ئێوە ئەڵێن چی ؟!

و :- بەڵێ ئەمە راستە ، بەڵام کۆمۆنیستەکان بەتەواوەتی پەیرەوی پرۆگرامی بزوتنەوەی هێزی چەکدار ئەکەن .

شتێرن :

کەی هەڵبژاردنی گشتی لەوڵاتدا سازئەکەن ؟!

و :- لەمانگی ئازاری ساڵی ١٩٧٥دا هەڵبژاردنی گشتی ئەکرێ .

شتێرن :

بزوتنەوەی هێزی چەکدار وەکو پارتییەکی سیاسی لەو هەڵبژاردنەدا بەشدار ئەبێ یان نا .. وە ئێوە خۆتان تەرشیح ئەکەن ؟!

و :- نەء .. چونکە ئێمە سەربازین ، سیاسی نین .. کاتێ هەستمان کرد دەوری ئیمە بەسەرچوو ئەگەرێینەوە بۆ سەربازگاکانمان .

شتێرن :

نیازتان هەیە کە هیچ دەزگاو دامەزراوێك میللی بکەن ؟!

و :- بەڵێ ، بانق و کۆمپانیای تەئمین و کارگە گەورەکان و فابریقەو دامەزراودەزگاکانی بنەماڵە سەرمایەدارە گەورەکان ، ئەوانەی کە لەسەر حیسابی برسێتی گەلەکەمان ژیاون و یارمەتی پیلانە سەرنەکەوتووەکەیاندا میللییان ئەکەین .

پاشماوەی : مەحموود جەودەت

لەو جێگا شەرەی یەکترمان ئەکوشت

گوڵان سەوز بوبوون ، کەوتبونە صعود .

هەروەها لەگەڵ مامۆستا نورەدین عەباسدا کتێبێکیان وەرگێرایە سەر کوردی و لە چاپیشیان دا ، ئەم کتێبە پارچە شیعرێکی شاعیری ئینگلیز (تنسیون)یشی تیا بوو لەبابەت گوڵ و بەهارەوە دایناوبو وە مامۆستا جەودەت گۆڕیویە سەر کوردی ، ئەمە جگە لە چەندەها نووسین کە بلاوی ئەکردنەوە بە ناوی خواستەمەنیەوە وەك (کوردێك ، رەنان ، ناکام ، باوەیس ، م.ج) ، لە گشتیان گرنگتر چیرۆکی ژیانی پاڵەوانی کورد مامە یارەبوو کە دورو درێژ لەرۆژنامەی (یادگاری لاوان)ی ساڵی ١٩٣٣دا بلاوی کردەوە .

دوای خۆی ، جەودەتی خوا لێخۆشبوو ، تەنها کچێکی هەبوو کە ئێستا لەگەڵ میردەکەیدا لە (لیبیا)یە ، بەڵام برازای هەیە کە کورەکانی خوالێخۆشبوو رەشید جەودەتی براین ، ئامۆزاکانیشی کورەکانی حەسەنا ئاغای دەولەتن .

بۆزانین

وەزارەتی أشغال و اسکان

بەریوەبەرایەتی گشتی اشغال

مناقصەی نهێنی ژمارە (٧٣/٧٧) بۆ دروست کردنی قوتابخانەی پیشەسازی لەهەولێر - پارێزگەی هەولێر .

بەمە رائەگەیەنین کە ئەو مناقصەیەی سەرەوە بەو مەرجانەی خوارەوە هەیە :

١ - ئیستیمارەکانی مەرجی مناقصەکە لە بەریوەبەرایەتی أشغالی پارێزگەی هەولێر بە (١٠) دە دینار دەست ئەکەوێ و ئەوپارەیە نادرێتەوە ، بەومەرجەی ئەو بەڵێندەرەی قونتەراتەکەی پێ ئەسپێردرێ مەرجەگشتی و مواصفاتە فنییەکان بکرێ .

٢ - دوا کاتی پێشکەش کردنی تەندەرەکان لە .. یاخود پێش سەعات دوانزەی نیوەرۆی سێشەمەی رێکەوتی ٣-١٢-١٩٧٤ ئەبێ ، وە پێشکەش بە سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەبەریوەبەرایەتی گشتی أشغال -الحقوق والعقود- ئەکرێ ... وە درێژترین ماوەش بۆ تەواوکردنی ئیشەکە (٢٠) بیست مانگە .

٣ - ئەم شتانە لەگەڵ تەندەرەکاندا (العطاءات) پێشکەش ئەکرێن :-

أ - تەئمیناتێکی پێشەکی (٣٢٠٠) سێ هەزارو دوو سەد دینار بێ بەشێوەی کەفالەتێکی مەسرەفی کە لەبەرواری داخستنی مناقصەکەوە بۆماوەی شەش مانگ ئیش بکات یاخود چەکێکی تصدیق کراو .

ب - هەویەی ژووری بازرگانی لەگەڵ وەثیقەی بەریوەبەرایەتی باجی دەخل کە بۆ ئەم ساڵ تازە کرابێتەوە .

ج - لیستەیەك لەبارەی ئەو کارانەوە کە لەمە ئەچن .

د - هەویەی تصنیفی بەڵێندەران .

٤ - هەر تەندەرێك لەکاتی دیاری کراودا پێشکەش نەکرێ پشت گوێ ئەخرێ .

٥ - ئەم بەرێوەبەرایەتیە مولزەم نیە بە وەرگرتنی نزمترین تەندەر یان هەر تەندەرێکی تر .

٦ - تەندەرەکان لەبەرچاوی قونتەراتچیەکان وە لەو کاتەی لەسەرەوە دیاری کراوە ئەکرێنەوە ئەنجامە سەرەتاییەکانیش لە لەوحەی ئیعلاناتدا بلاوئەکرێنەوە .

٧ - سزای دواکەوتن بۆ یەك رۆژ (٣٠) سی دینارو پێویستە لەسەر بەڵێندەر کە مناقصەکەی پێ سپێردرا ئەندازیارێکی سەرپەرشتی کردن دیاری بکات .

عبدالوهاب المفتی
بەریوەبەری گشتی اشغال

٢-١

institutkurdeparis

حاجی قادری تێکۆشەرو شۆڕشگێر

- تێکۆشەر -

ژیان ناپسێتەوە ، تەبیعەت پێك نایە . بە چەند دێڕ ئەستێور نابێ، زمان راناوەستێ نووسینو چەند شیعر گوتن رۆژگار رادەبرێ، دەوران سوورِ تەواو نابێ . فیداکاری ، لە دەخوا ؛ رۆژو مانگو ساڵ بە خۆ بوردنو گیانبازی دەوێ . دووی یەکدا رێچکە دەبەستن . دەس لە خۆشی بەردانو لەگەڵ بوۆلێل پەیدا دەبێ شەو دا دێ تاڵو سوێری پەرەنگار بوونی رۆژ دەبێتەوە . زۆر (ئەحمەد) دەوێ . پێویستی بە چاو دەگەنێ ، ژن دێنن ، دەبنە باب نەترسی و کۆڵ نەدانو نەبەزین زۆر (فاتێ) بە خۆدا دێن بە هەیە .

بووك دەچن ، زگ دەکەن . زۆر حاجی قادری کۆیی مەلایەکی قادر دەبن ، پەرەوازە دەبنو زاناو شاعیریکێ ناسك خەیال دەمرن . بەڵام کەم قادر بە بووە . ئەگەر نیشتمانپەروەرێکی حاجی قادری کۆیی دەبن . وا دڵسۆزو راستو تێکۆشەرێکی بوونە حاجی قادر هەر وا سووك وا گەرمو گوڕو ئازادیخوازێکی و هاسان نیە . بە خۆ وا کۆڵنەدەرو نەبەزیش نەبوو هەڵمساندنو با فیش کردن بابەو لە گۆشەی مزگەوتێك دەرسی گوتباوەو نوێژو تاعەتی خۆی کردبایەو چەند غەزلێکی کوردیشی لە پاش بەجێ بمایە ، دیسان رەنگ بوو لە نێو نەتەوەکەی خۆیدا ناوبانگی پەیدا بکردبایە .

بەڵام خۆشەویستی حاجی قادر هەر لە بەر شاعیریو زانایی نیە . حاجی کوردێکی پاك ، تێکۆشەرێکی چاك، رەخنەگرێکی ئازاو بێباك بووە . نەترساوە ، نەبەزیوە ، ناهومید نەبووە ، ماندوو بوونی نەزانیوە ، دووره پەرێز و هەڵپەرست نەبووە ، ئیمانی تەواوی بەو شیعرە بەرزەی خۆی هەبووە کە دەڵێ :

مەرگو ژین میسلی سێبەر وتاوە
ئەوی باقی بمێنێ هەر ناوە ،

حاجی لە قووڵایی دڵیەوە نەتەوەکەی خۆی خۆشویستووەو نیشتمانەکەی خۆی پەرستووە ، شارەزای مێژوو و جوغرافیای وڵاتەکەی بووە . و بە تەواوی هەستی بە بێ بەشیو چارەڕەشی نەتەوەی زۆر لێکراوی کورد کردوە . دەستەوستانو تەوزەڵو ترسەنۆك نەبۆوە . گەڕیدەو کارامەو ئازا بووە . هەموو ژیان و هێزو توانای خۆی بۆ خزمەتی نەتەوەکەی تەرخان کردوە .

حاجی لە نێو خەڵکدا ژیاوە، کۆمەڵی خۆی باش ناسیوە ، کەم و کوورِیەکانی بە چاوی خۆی دیوە ، لە دەردو ئازارەکانی گەیشتووەو نەك هەر دەرمانی بۆ دۆزیوەتەوە ، بەڵکوو زانایانەو ئازایانە باسکی لە تیمار کردنو چار کردنی هەڵکردوە .

حاجی لەو رێگا پڕ خەتەرەدا بەرەو ئەو ئامانجە بەرزە رۆیشتوە . هەموو رەنج و کوێرە وەریو تاڵو سوێریو گیرو گرفتێکی بە گیانو دڵ قبووڵ کردوە . نەماندوو بووە نە وچانی داوە ، نەترساوەو نە سارد بۆتەوە گاڵتەی بە مەرگ کردوەو لە هیچ داوەڵێك نە پر نیگاوەتەوەو لە بەر هیچ روو داوێك چوکێ دا نە داوە .

حاجی بەگزادەو شێخزادە نەبووە ، بە شیرو شەکر پەروەردە نەکراوە ، لە سەر دۆشەکی پەڕی قوو پێ نە گەیشتوە . بە هەژاریو نەداریو بەهەتیویو هەناسە ساردی گەورە بووە . بە پێخاوسی لینگرووتی وە دووی خوێندنو فێر بوونو وخۆپێ گەیاندن کەوتوەو دەڵێ :

وە بیرت دێ زەمانێك چوینە باڵەك
بە پێ خاوسی نە کەوشم بوو نە کاڵەك

حاجی ئینسانێکی واقیعی رابەرێکی زاناو مەزن و رووناکبیرێکی شۆڕشگێروبەجەرگ بووە . ئەو ویستوویەتی شورشێکی قوولی سیاسی ، کۆمەلایەتی ، ئابوری فەرهەنگی لە کوردستان بەرپا بکا . نەتەوەکەی لە ژێر دەستیو کوێلەتی ، لە هەژاریونەداری ، و لە نەزانیو نە خوێندەواری ، نەجات بدا . ئەوویستوویەتی بۆ بە جێ گەیاندنی ئەو ئامانجەی خۆیلە هێزو توانای هەموو توێژو چینەکانی کۆمەڵ کەلك وەربگرێ بۆیە شوان و گاوانو سەپانو جووتیارو میرو مەزنو مەلاوخوێندەواری کوردی هان داون راپەڕن ، رۆبنەچەك ، بەگژدوژمن دا بچنو ئەسپابی شەڕ پەیدا بکەنو دژمن رادەن .

حاجی وەك تیئۆریستێکیزاناو شۆڕشگێر دەڵێ :

جۆشێك بدەن وەکوو هەنگ / تەگبیر بکەن بەبێ دەنگ
ئەسپابی شەڕ پەیا کەن / تۆپو تفەنگو هاوان
پاڕانەوەو تەوککول / لەم عەسرە پارە ناکا
تیرە دوعایی جەوشەن / پەیکانە حیرسی مەیدان

ئەگەر ورد لەو شیعرانەبفکرین تێ دەگەین تازەترین تیئوری شۆڕشی چەکدارانەی تێدا گونجاوە . کە بریتی‌یە لە نەهێنی کاریو بێدەنگیو خۆتەیار کردنو چەکدار بوون .

حاجی دیسان دەڵێ :

بەشیر و خامە دەوڵەت پایەدارەئەمن شیرم هەیە چاك نادیارە .

حاجی بڕوای تەواوی بە مافیدیاری کردنی چارەنووسی گەلان هەبووە و کاتێکی دیویەتی نەتەوەی کورد لەو مافە رەوایە بێ بەشە هاواری لێ بلیندبووە و گوتوویەتی :

هەر کوردە لە بەینی کوللی میللەت
بێ بەهرە لە خوێندن وکیتابەت

یا :

میللەتی بێ کتێب و بێ نووسین
غەیری کوردان نیە لە رووی زەمین .

یا :

تا رێك نەکەون قەبیلی ئەکراد هەر وا دەبنە خرابە ئاباد ،
ئەنواعی میلەل لە گەورە تاچووك خەملیوە مەمالیکی وەکوو بووك
هەر کوردن ئەگەرچی پاکی مەردن پاماڵی زەمانە مەحوی کردن

حاجی ویستوویەتی پێ بە پێی شۆڕشی سیاسیو جووڵانەوەی رزگاریخوازی ، شۆڕشی کۆمەڵایەتیش دەست پێ بکرێ کۆت و زنجیرەکان بپسێنرێ و شوێنە کۆن و رزیوەکان لە ناوبچن . لە زەمانێك دا کەژن یانی نیوێکی کۆمەڵی کوردەواری وەك پیواز لە بن حەوت توێکل دا شار دراوەتەوە لە زەمانێك دا کە ژن بەکۆیلە و یەخسیر چاو لێ کراوە لە حالێك دا کە ئەندەروونی شیخ و ئاغاکان بە تەقلیدی بابی عالی پڕ بووە لە ناسك ونازداری زێڕ خرید . حاجی چ بڵێ باشە ؟

- ماویتی -

نموونەی مرۆڤی سۆڤیاتی

بەبۆنەی یادی پەنجاو حەوت ساڵەی شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزنەوە

ئۆکتۆبەر یەکەمین شۆڕشی هەموو مرۆڤێکی چەوساوەیە لەبەر ئەوە هەتاهەتایە بەهەزارو یەك شێوە یادی دەکرێتەوە .. ئەمجارە ویستم بەسەرگوزەشتەکەی « نیکۆلای ئۆستروڤسکی »ی نوسەری « پۆڵاشمان ئاودا » .. کە نموونەی ئەو مرۆڤە تازەیە بوو شۆڕشی سوشیالیستی ئۆکتۆبەر خولقاندی .. یادی بکەمەوە .»

نیکۆلا ئۆستروڤسکی ساڵی ١٩٠٤ لەدایك بووەو لە ساڵی ١٩١٩دا کە پانزەساڵان بوو بوو بەئەندامی « کومسۆمۆڵ » .. لە شەرەکانی ناوخۆدا کە دوژمنانی شۆڕش بەپشتگیری هێزە ئیمپریالیستەکانی جیهان هەڵیان گیرساندبوو بەجەنگاوەرێکی نەبەز .. لە دوایی‌دا بریندارکراو لە ساڵی ١٩٢٠دا بە دڵ شکاوی لەشکری سووری بەجێهێشت ئینجا لەدەزگا سەرکردەییەکانی (کۆمسۆمۆل) دادەستی بەئیش کرد .

لە ساڵە سەختەکانی پاش شەرەکانی ناوخۆ کە هەموو دەزگاکانی وولات شێوا بوون لەو رۆژەرەشانەدا ئۆستروڤسکی یەکێك بوو لەو رۆڵانەی کە شاعیری کورد هەردی ئەڵێت :

کورانی رۆژی مەیدانی شەڕو ئاشوپو ئاژاوە
براکانم کرێکاری هەموو ئەم لانەوخاوە

لەگەڵ هەموو هاورێکانی دا بۆ سارێژ کردنی برینەکانی گیانی نیشتمان کە بریتیە لە چاك کردنەوەو دروست کردنەوەی دەزگا ئابوریەکان چاکیمەردانەی لێ کردبوو بەلادا .. کەس بەئاسانی ناتوانی کارەساتی ئەو رۆژە دژوارانە بزانێت کە چۆن لە ژێر باری سەرماو سۆڵەو بە فروسە هۆڵ بەندانو فران فرانی ناقمی جەردەو پیاوکوژو نەبوونی کەرەسەی خاوو ویران بوونی دامو دەزگای ئیش کردن هاو وولاتیان ئەیان ناڵاند .

سەرلەنوێ لەناو گۆرستانو دارو پەردووەوە توانیان بنچینەی ئابوری یەکەم وولاتی سوشیالیست دابرێژن وەکو چۆن شۆرشەکەیان بەرپاکردو دوژمنەکانیان لە جەنگەکانی ناوخۆدا تەفروتوناکرد .

بەراستی ئەم ناقمەلاوە .. لاوەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر هەروەك ئۆستروڤسکی لە رۆمانی « پۆڵاشمان ئاودا » باسی ئەکات بوون بەو ئەڵماسەی کە چەند جارێك لە ئاگری کوێرەوەریو جەنگ دا قاڵبوون ئەم پاڵەوانە نەبەزە لەشی کە « گۆشتو ئێسقانە » لە تەمەنی سی‌ساڵیدا توشی گەلێك دەرد هاتو بەجارێ کەفتە کار بوو . بەڵام گیانی‌شۆڕشگێری هەرگیز نەبەزی .. تەنانەت کە ناچاربوو لەسەر پشت بۆی بکەوێ‌جلەوی بۆ مردن شل نەکرد .. بگرە ئەمجارە دەستی‌دایە قەڵەموهەر وەك نووسەری شۆڕشگێری فەرەنسا « ڤۆڵتێر »و تویە « ئەگەر تەختو تاجم نەبێت خۆ قەڵەم هەیە » ئەمیش دەستی کرد بە نوسینی داستانی خۆی کە نموونەی هەموو ئەو لاوانە بوو کە لە هەموو تەنگانەیەکدا هەر شۆرە سوارو مەردی‌مەیدان بوون ، لەبەر ئەوە داستانی « پۆڵاشمان ئاودا » تەنیا رووداوێکی ئەدەبیو رۆشنبیری نەبوو لە ژیانی دەوڵەتی کۆرپەی سوشیالیستدا بگرەو وداوێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی گرنگ بوو لە ژیانی وولات دا بە رادەیەك کە تاکو ئەمرۆش لاوانی‌سۆڤیات دەڵێن :-

مەرحەبا کاك باڤکا !! منیش ئاواتم ئەوەیە وەك تۆبم !! سویندو پەیمان بێت وەك تۆ خزمەتی شۆڕش بکەم !! ئای کاکی خۆم تۆ نەبویتایە تۆزیشم نەئەما بەهۆی تۆوەیە ماوم » ئەمانە نموونەی ئەورستانەن کە لەو نامەزۆرانەی«ئوستروفسکی» دا وەك باران بەسەری دا دەباری .

گەلانی سۆڤیات لە ٢٩ ئەیلولی ١٩٧٤ دا ئاهەنگی‌حەفتا هەمینی جەژنی لە دایك‌بوونیان کرد هەر وەکو یەکێکی زیندوو بێت چونکە ئەوان کاتێ داستانەکەی ئەخوێننەوە وەك لەگەڵ خۆیان‌دا بێت وایە . وەیان لە سینەماو تەلەفزیون دا سەیری ئەکەن .. لەبەر ئەوە ئێستاش لەناو خۆیاندا هەر بەزیندوی دەزانن .

لەکاتی جەنگ دا سەربازە سۆڤیاتی‌یەکان ناوی کۆرچاگین « قارەمانی داستانی .. پۆڵاشمان ئاودا » یان لە سەرزار نەدەکەوتە خوارو تا ئەمڕۆش

« رەنج »

لەگەڵی مۆزەخانەدا داستانەکەی « ئۆستروڤسکی»یان کولەکونی کردوە یان خوێنداویە .. ئافرەتە ڤیتنامیەکانیش ئەو مندالانەی کە لە ژێر بۆردومانیدا لەدایك‌دە بوون ناویان‌دەنان « باڤل » .

« بۆریس پۆلیڤۆی » نوسەری سۆڤیاتی توشی « باڤل کورچاگین »یکی ئەفەریقایی بوو بوو کە بۆی باس‌کردوە چۆن لەمان گرتنێکا توشی ئازاردانێکی درندانە دێت تەنیا لەبەر ئەوەی داستانەکەی «ئوستروڤسکی»ی خوێندبووەوە توانی خۆی رابگرێت .. وە لەبەر ئەوەی نەریتی کە لە ئەفەریقاییەکەی واپێویست دەکات کە مرۆڤ دەبێ ناوی رزگارکەرەکەی هەڵ بگرێت ! لەبەر ئەوە ئەم لاوە ئەفەریقاییە خۆی ناونا « پاڤل کورچاگین » .

جواهر لال نهرۆی‌سەرکردەی بەناوبانگی هیندستان لەکتێبی « دۆزینەوەی هیندستان » دا بەم وتارە نایابانەی « پاڤل » دوایی دەهێنێت کە هەموو سۆڤیاتیەك کردویانە بە ویردی سەرزمانیان « خۆشەویسترین شت لەم سەرزەمینەدا ژیانە » مرۆڤیش هەر تەنیا ژیانێکی هەیە کەوابو دەبێت وای بباتە سەر دووچاری پەشیمانی نەبێتو لە دواساتی ژیانی دا بتوانێت بڵێت .. هەموو ژیانمو گشت تواناو هێزم بۆ جوانترین شت لەم‌جیهانەدا تەرخان کرد !.. ئەویش خەباتە لە پێناوی سەرفرازکردنی مرۆڤدا .

(١) زۆری ئەم وتارە لە گۆڤاری « الاتحاد السوفیتی »ەوە وەرگیراو .

دەنگێك لە ساڵی «١٩٢٥» ەوە

محمود زامدار

مامۆستای شاعیر (محمد سعید سلیم جاف ـ هەژار ـ) یەکێکە لەو چاپوك سوارانەی کەلەسیو چلەکان‌دا ، دەورێکی دیاریان لە بزوتنەوەی رۆشنبیری کوردیدا بینیوە .. بەڵام کارەساتی ژیان وای لێ کردوە کە لەوساتەوە بێ دەنگ بێو لە نێوجیهانی تایبەتی خۆیدا ئارام بگرێ . تائێستا شیعرێکی زۆری نووسیوەتەوە ، بەڵام نەچوەتە دوتوێ و بەرگی دیوانێکەوە .. سەرەرای ئەوەیش کەمامۆستای شاعیر هەمو شیعرەکانی خۆی لەبەرە ، هەروا خۆی لەخۆیدا گەنجینەیەکی باشی شیعری کلاسیکیو گەلێ شاعیری نەناسراوو وونکراوو بێ سەروشوێنی کوردیشە ... ئەم پارچە شیعرەی لەتەمەنی (٣٣) ساڵیا ، کە ساڵی (١٩٣٥) ئەگرێتەوە داینا‌وە .. ئێمەش ، لێرەدا بڵاوی ئەکەینەوە ، هیوادارین لەبەر هەمی کۆنینەو تازەی خۆی خوێنەران بێبەش نەکات ..

ماتەمی قەومەکەم !

کزیدڵ کزکز ، خوڵم پێ ئەدا
پرشنگی مەینەت ، تڵم پێ ئەدا
شێفەکەی بەختم ، لێم‌بوو ، بە تەمتەم
روناکی چارەم کەم ئەکا ، کەم کەم
پەل پەلو لەت لەت ، بەرەم بڕبڕ بوو
رانی جوانیم ، قەلا چوو قڕ بوو
بەپەلی نەزان ، قۆڵم شکاوە
سینەی روناکم ، بەناحەق پەل بوو
قافڵەکەی بەختم ، سەرە رێی بڵ بوو
تووشم ، تووشم بوو ، تووشی زەمانە
دێوی دڵ بۆتە ، دێوی (دێوانە)
جار جار خەیاڵی ، چارەی چارەکەم
بۆجەسەی خەسەی ، خەفە تبارەکەم
هێواشێ هۆشی ، وردی تەدبیرم
ئەیخاتە بیرم ، کەچی لە (بیر)م
بیروشێروشێیر ، لەلام وەك شیرە
دڵ کەناشاد بێ ، هەروەك ئەسیرە
کوڕان گۆرانی ئەڵێن ، بۆ گۆڕڕان
کوڕانی گۆڕڕان ، منیان وا گۆڕڕان
سۆزی سۆزێدێ ، سۆزەم کز ئەکا
خەیات بەگەزی گەزم ، گەز ئەکا
کەواتە ، کەوتن ، کۆتی نەجاتە
ئەمجارە نۆرەی ، قەوم وبرانە !

مانێ و هونەری ئیمپریزیونیزم

عبداللە علی
ئامادەی کردووە

ئیمپریزیونیزم (انطباعیەت) ریبازێکی ترە لە هونەری وێنەکێشان کە پەیرەوی رێختێکی تایبەتی ئەکاتو بەرهەمی ئەندامانی ئەم رێبازە بەسادەو ساکاری ناسراوەو لە وێنە کیشان خانووی جوتیارو کریکار لە جیاتی کوشكو تەلاری دەولەمەندو خاتونانی ناو هەیوانی وێنە ئەکێشێ .

مانێ لە ساڵی ١٨٣٢ لەدایك بووەو هەر لە منالیەوە سەوداى دیمەنی ئاسمانی شینیو جوانی سروشت بوە . لەبەر خۆیەوە ئەی ووت :-

« خۆزیا بمتوانیبا لە باوەش ئەم جوانیەدا بژیامایە کە سروشت بە پەرە موچەکەی نەخشەی کێشاوە » . لەتەمەنی حەڤدە ساڵیدا بۆ چەند مانگێك لە لای کەشتیوانێك کرێکاری کردوە لەوێوە فێری وێنەکیشانی شەپۆلو هەورو باڵندەدەریا بوە پاشان لە وێنەگای هونەرمەندی فەرەنسادا (تۆماس کۆتیر) فێری تیورەکانی هونەر بوە . لە سەرەتاوە شێوەی هونەرمەندانی ئەوروپا وەك (نینیان ، ربنیز . فیلاسکویز)ی بە دڵ بوە جا رووی کردۆتە گواستنەوەی چەند تابلۆیەك پاشان بێزار ئەبێ لەم کارەو (پاریس) بەجێ دێلێ وەك گەرۆکێ لە مۆزەخانەکاندا بە دوای تابلۆی هونەرمەندانی پێشوو هاو چەرخیدا دەگەرێت . چەند تێبینییەك لە دەفتەرەکانیدا ئەنووسی یەکەم بەرهەمی تابلۆی (دایكو باوکی)یەتی جگە لە

رەخنە گرانەوە بە شورشێکی تازە دەژمێردرێت کە (مانێ) رابەریەتی کردوە . سەدای ئەم شۆرشە کارێکی گرنگی کردە سەر هونەرمەندانی ئەم سەردەمەمان بەڵام ئەوەندەی نەخایاند بە چەند مانگێك (مانێ) تووشی رەخنە گرتن بوو . وە مانێ تابلۆیەکی کێشا کە وێنەی ئافرەتێکی رووتەو کەرەکەرەکەی لە بەردەمیەوە وەستاوە ئەمە وای‌لەرەخنەگران کرد کە بەتوندی هێرشی بکەنە سەر هەروەها پیشەلەیەکی رەشیش ئەروانێتە تابلۆی (ماجەای رووت) . بەڵام تابلۆی .

(خوانێك لەسەر سەوزەگیا) کە ئافرەتێکی رووتە لەگەڵ دوو پیاو لەسەر سەوزە گیا نان دەخوات ئەم هێرشەی هەڵگیرسان .. مانێ پەکی نەکەوت بە تایبەتی کە (ئەمیل زۆلا) نوسەری بە ناوبانگی فەرەنسا کەوتە دوانو ستایش کردنی (مانێ) لە رۆژنامەی (پیتی جۆرنال)و « لاڤار پاریسیان » و (فیجارۆ) (زۆلا) ئەم هونەرمەندەی لە خەڵك گەیاندو دەروازی ناو دەنگی بۆ کردەوە . لە ساڵی ١٨٧٦شای بەلجیکا داوا لە (مانێ) دەکات کە چوار وێنە بکێشی بۆ چوار کەژی ساڵ ، بەڵام تەنیا دوو تابلۆی بۆ دروست کرد ئەویش تابلۆی (بەهار)و (خەزان)ـە وە نەبێ شۆرشەکەی مانێ تەنیا

کانی‌یەوە بوو بیت بەڵکو پەیوەندی بەو شێوەیەوە هەبوو کە لەوێنەکێشانی تابلۆکانیدا بە کاری دەهێنا . جگە لەوەی کە (مانێ) هونەرمەندیکی ریالیزمی بوە چونکە دەستوری ئەکادیمی ئەوسەردەمیش ئەوەبو کە گواستنەوە لە رەنگێك بۆرەنگێکی تر دەبایە لەسەرخۆو نێو رەنگ (تۆن) بە کار بهێندرا بایە کەچی ئەبینین (مانێ) داوای سەر بەخۆیی‌و ئازاد بوون لەم نێو (تۆن)ـە دەکات وە ئەیەوێ واز لەم دەستورو نەریتە کلاسیکی یە بێنێ کە پوچەڵەو هیچ بایەخو نرخێکی هونەری نیە . جا تابلۆی (گیتار ژەن) نیشانەی ئەم هەڵوێستەیە و بەڵگەیە بۆ سەپاندنی راستی ئەم رێبازە ئەوەندەی نەخایاند گەلێ لە هونەرمەندانی لاو وتازە پێ گەیشتو وەك (دێگا ، رێنوار، مۆرسیۆ ، سیزان ، مۆنێ) هونەرێکی پاکو رەسەن ناوبانگی دەوریان داو رەخنەگران وردە وردە (مانێ)یان بە مامۆستاو سەرچاوەی ئیلهامی زۆربەی دامەزرێنەری قوتابخانەی ئیمپریزیونیزم دانا بەڵام ئەم رایە لە جێگای خۆیدانیەو (مانێ)یش سەر بە رێبازی ئیمپریزیونیزمەکان نیە چونکە ئەم رێبازە لە ریالیزم دوورەوە مەفهوومی سروشتو ریالیزم بە

مانێ هاو دەستی گەلێ نوسەر بووە لەوانە (ئەمیل زۆلا)و (بۆ دلێر)ی شاعیری نەمر . رێبازی (مانێ) بە هونەرێکی پاکو رەسەن ناوبانگی دەرکرد . ئەوی راست بێ بابەتی تابلۆکانی لە دەسکردی هونەرمەندانی ئیسبانیا (گۆیا فیلاسکویز)ەوە هاتوون جگە لە هونەرمەندانی ئیتالیا وەك (گۆر گونی) ئیتیان هەروەها بەرهەمە هونەریەکانی ژاپۆن مانێ لە ساڵی ١٨٨٣ لە تەمەنی ٥١ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد .

تابلۆی « گیتار ژەن » کە بە لای پەیوەندی .. ناوە رۆکی تابلۆ ـ یەکەوە ئەبەستێتەوە .

گۆشەی هونەرو هونەرمەندان

نکت عزت

لەگەڵ هونەرمەند «محمد علي عمر»

زۆر دەمێك بوو ئەمویست چاوم پێ بکەوێو بەهۆی چەند پرسیارێکەوە بەخوێنەرانی رۆژنامەی هاوکاری بناسێنم .. وا ریککەوت بۆنەیەك کۆی کردینەوەو ئەو وتووێژە سەرپێیەمان کرد ..

- زۆر دەمێکە بەهونەری مۆمیاوە خەریکی .. وابزانم ماڵ نیە لە شاری کۆیە کە بەرهەمی تۆی تیادا نەبێ .. بەڵکو خۆت بە خوێنەران بناسێنێ :

- ناوم محمد علي عمر حدادە لە ساڵی ١٩٤٤ لەکۆیە لەدایك بووم .. لە ساڵی ١٩٥٢ چوومە قوتابخانەو لەساڵی ١٩٦٨ لە شاری سلێمانی خویندنم لە ئامۆژگای‌مامۆستایان تەواوکردو ئێستا کە دەرسی هونەر ئەڵێمەوە .. ئێستاکەش خەریکی هونەری مۆمیامو وەك لەو وێنانەدا ئەبینن ئەوە بەرهەمەکانمە .

- هۆی چی بوو ئەم جورەهونەرەت هەڵبژاردوە ؟!

- جگە لەوەی کە خۆم لەسەرەتاوە ئارەزوم لەمۆمیا کردن بوو ، چەند هۆیەکی‌ترهەبوون هانیان‌دام کە ئەم هونەرە بکەم بە پیشەی خۆم ، لەمانە لەقوتابخانە مامۆستایەکمان هەبوو زۆر هانی‌دامو خۆی لەگەڵدا خەریك ئەکردمو بۆ فێربوونی مۆمیا تابلۆی یارمەتی‌دام .. دووەم سروشتی

کوردستانو ئەو ناوچەیەی تیایدادەژیمو ئەو باڵندە جوانانەی لە کوردستاندا هەن ، وایان لێ ئەکردم کە هەست بەوە بکەم کە پێویستە شتێکی‌وا بکەم کەئەو دیمەنە رەنگینەیان بەجوانی هەربمێنێتەوە .. ئەمەش بەمۆمیا ئەبێ .. سێیەم ، بەباوەڕی من لەم مەیدانەداهونەرمەندی مۆمیامان کەمە .. جا بۆ ئەوەی ئەو کەلەبەرە پڕبکەینەوە .. ئەم هەموو هۆیانە هانیان دام کە دەست بدەمە هونەری مۆمیا .

- وەکو هونەرمەندێك لە چ لایەکی تری هونەردا دەستت هەیە ؟!

- لە تابلۆکێشان‌داو تائێستادوو پێشانگای تایبەتی خومم لە شاری کۆیەدا کردۆتەوەو بەلای‌بینەرانیەوە پەسندبووە .

- لەکۆتایی ئەم وتووێژەداهیوادارم هەر سەرکەوتوو بیت لە خزمەت‌کردنی هونەری کوردیدا ..

- گوشاد کاروان -



Institut kurde de paris

کتێبی هاوکاری :

مێژووی ماد

٣٠١ دیاکۆنۆف نووسیویەتی
برهان قانع لە فارسیەوە
کردویە بە کوردی

— ٣٣ —

وە نووسراوە جوگرافیاییـــــەئیرانیەکانی سەردەمی کـۆن و سەدەکانی ناوەراســت ناتوانن بە تەواوی مەسەلە جوگرافیایییەکانی روژگاری پێشتر روون بکەنەوە •

گیروگرفتی ریکخســـتنی جوگرافیای مێژووی ماد(مێژوی سەردەمی زۆر کۆنی) دو جۆرە: لەلایەکەوە شوێن و ناوچەو شار کە لە سەرچاوە باسکراوەکـاناهەیە (زورتر لە بارەی لـــە شکرکەشی پادشایانی ئاشورەوە) لە بارەی شوێن و جێگاو ناوچەو شوێنە نیشتەجێکان کە لــە کەناری ئەو ناوچە یان شارەوەیەو پێشتر ناسراوە ، دیاری ئەکات • شوێنی ناوچەکـــانی ئەو پەری رۆژئاوا کــە لــــە سنورەکانی ئاشورو بابلدا بون - بەپێی ئەو بەڵگانەوە کە ل شارەکانا هەڵکەندراوەو دەست کەوتوە - ورد تر جێگاکـــان دیاری ئەکات • بەڵام هەرچەند روو بە رۆژ هــــەلات زۆر تربرۆین لەوە ئەچی هەڵە لە دیاری کردنی شوێنەکانا زۆر تر بیت، چونکە دیاری کـــردنی ناوبراو بەندە بەراستی دیاری کـــردنی پیشووترەوە ، وە لە ئەنجامدا بەم جۆرە هەڵە لەسەر هەڵە کۆ ئەبێتەوە • بەم جۆرە وە بەتەنیا لە ناوچەی رۆژئاوای ماد شوێن و جێگای نووسراوە جوگرافیەکان کە لە٤٨ پلە درێژی رۆژ هەڵاتی ئەولاتر نابیت ئـــەتوانین بـــە راستی بزانین •

لە لایەکی ترەوە گەلێك لـــەلێکۆڵەرەوان هەوڵیــــان داوە لەشکرکەشی پادشاهانی ئاشور لە گەڵ نەخشەکـــەدا بگونجێنن بەڵام بەپێی ئەو بەڵگانەی کـــە باسەکانیان لێـــوە وەرگـــرتوە بۆیان نەگونجاوە • بەڵام چونکە لە سەرچاوەی ناوبراوا (تەنیا بە ریکەوت) ناوی روبارەکـــان دیاری کراوە سەری گرتوە بەڵام دیاری کردنی کێوەکان تا ئیستە گیروگرفتی هەر تیایە • ئــــەم ئوسلوبە نابێ پشتی پێ بەستین بە تایبەتی کە ناوە جوگرافیاییەکانی ماد هەمووی گۆڕاوە ،وە تەنیا لە چەند شوێنێکدا کە ئەویش بەر یکەوت لەوە ئەچێ لەروی نەخشەی ئیستای ئـــەو سەرزەمینە فلان ناو بـــە هۆی بیرورراو باسەکانەوە لەگــــەڵ ناوێکی گۆڕاوی کۆندا لەیــــەك بچن و بە یەکیـــان بزانین • لێکۆلەرەوەکان وەکو پێویســتە تا ئیستە ئەم خاڵەیان بە وردی نەداوەتە بەر سەرنج و شــیان نەکردۆتەوە ، کە لە ناوچـــــە کویستانیەکانا گواســـتنەوەو کۆچکردنی هۆزەکــــــان و سەقامگیری دەولەتـــەکان زۆر بەیان بەپێی شێوەی سروشتی

بەشکردنی کێوەکان و دەراوەکان بووە، وە بەم هۆیەوە نووسراوەی ئاشوریەکان ناوچەکــــــان و(کیشوەر)ەکان ئەبێ بەشێوەی گشتی لەگەڵ دەراوەکانا بەرابەرکات • وە فلان یان هەمان ناوێ مێژوویی و جوگرافیایی ناتوانرێ(ناوچەیەك) یان پارچەیـــــەك زەوی پێ ناو بنرێ ، ئەگەرچی مێژوو نوسێکی باوەڕ پێکراوی راستگۆی رۆژ ئاوایی وەکـــو(ماسپرو) دایناوێ • بـــــەم هۆیەوە جوگرافیای مێژوویی مادپەیوەستەیە بە باسی کێوەکانی ئەو سەرزەمینەوە (١٨٥) لـــەکاتێکدا بەم جورە ئەهمیـــەت و مانای ئابوری و هاتنی ســـوپاو سیاسەت و روداوی مێژوویی هەر کیشوەرێکی کۆن بە بێ زانینی شوێن و جێگای لەشکرکەشــــی زۆر ستەمە• ئێمە ئەبێ لە بارەی چونیەتی کێوەکانی خاکی مادەوە روون تر قسە بکەین • ئـــــەوشوێن و ناوچە کۆنانەی کـــــە سالنامەکانی ئاشوری باســـیان ئەکەن دیاری کردوو و نیسبەت و چۆنیەتیان لەگەڵ دابەش کردنی سروشتی کیشوەرەکەدا باس بکەین • وە زۆر تر لە زاراوەی جوگرافیای سیاسی لە سەدەکانی نۆیەم تا حەوتەمی پێش زایینی کە لە هەمو ئالۆزاو تر بووە وە لە هەمو زیاتر پیویستە باس بکرێ ئەبێ لێوەی بدوێین • بەم ریگایە بە پیویستی ئەزانیـــن ناوچە سروشتیەکانی خاکی ماد کە ناوەکانیــــان لــــە ماوەی سەدەکانا گۆڕاوە ژمارەیـــەکی چەسپاو دابنێین وە لە لاپـــەرەکانی دوایی ئەم کتێبەدا وە بۆ دیاری کردن و دانانی شـــوینی نووسراوەکانی جوگرافیــــــای سیاسی و نژادو ئەو زاراوانـــەی کە هەمیشە گۆڕاوون لەو ژمارانە سود وەر بگرین •

سەرزەمینی مێژوویی مـــادبەپێی ئـــەو خەتانەی ئاوی دەراوەکان دابەشـــــی کردوون ئەکرین بە ١٢ ناوچـــــەی جوگرافیایی رەسەنەوە •

— ماوێتی —

لە وەڵامی نامەیەکـــی کـــراوە

بیری سەربەست :

لە ژمارە (٢٤٠)ی رۆژنامەی (هاوکـــاری) خۆشەویست ، رەخنەکەی مامۆستا (تەهابابان)م خوێندەوە کە لە بارەی گۆشە خنجیلانەکەی (پۆســــتەی خوێنەران)ەوە نووسـرابوو • پێشەکی دەمەوێ پەنجە بۆ ئەو راستیە رابکێشم کە ئەم گۆشەیە تا رادەیەك توانیوێتی جێگـــەی خۆی لە دلی خەڵکدا بکاتـــەوە لەبەر دوو هۆ : یەکەم چونکە قوتابخـــــانەیەکی تازەی لاوە تازەکانەو شانوی تاقی کردنەوەو خۆ بەخەڵك ناســـین و بەردەوام بوونە ، دووەم رێی ئەوانــــــە خۆش ئەکات کە ئەیانــــەوێ سبەی بگەن بەلاپەرەکانی تریش •• بەڵام دەبێ تاوانی کاکــــــی نووسەری پۆستەی خوێنـــەران چی بێ ئەگەر یەکێك بێت و لـــە خــورت و خوڕایی و زۆردارەکی خۆی بکات بە نوســـەرو فڕی بەسەر سەقافەتـــەوە نەبێ ؟! ئایا دەبێ تاوانی ئەم برایە چی بێ ئەگەر یەکێك دوێنێ دەستی دابێتە قەڵەم و ئەمرۆ مشـــت و مڕی بێ لەسەر ئەوەی گوایـــــە بۆچی نووسین و شـــیعرەکانی بلاو ناکاتەوە ؟! بە دڵنیایی یەوە دەڵێم مامۆستاتە هابابان دەیەوێ

لەسەر ئەوانە کاتەوە کە هێشتاله ســــەرەتای رێگادان ••• (تولستوی) بە سەپانی خۆیان ناگرن !! جا بەلای هەموانـــەوە ئەوە ناگونجێ کە کاکی نوسەر لەم گۆشەدا بەو جۆرە نوسەرە بلێ : هێشتا ماوتە نیازەکانت بپشکوێ !!

بەش بە حاڵی خۆم لەگەڵ نوسەری ئەم گۆشە خنجیلەم ، لەبەر زۆر شت ، لە هەموێ قەبە تر هەڵوێستی ئەو جۆرە کەسانە کە بە خورتی ئەیانەوێ(لە پڕێ ببنە کوڕێ) !!

هاوڕێیەکی هاو دۆستی ئەم گۆشەیەم هەیە بە زمانی خۆی بڕوا بکەن هەفتەی زیاتر لـــەشەش نامە بۆ ئەم گۆشـــــە ئەنێرێ •

مەبەستم لەم (گۆشە ئەوەیەکە زۆر چاك ئەزانێ بەشی ئەو نوسینە هەر (ببووزە) کەیە ،کەچی بۆ ناوەکەی ئەم هـــەمو بەزمە ئەکات •• جا ئایا هێشتائەو برایە ناهەقە بەو شـــێوە وەلامی بداتەوە ؟!!

کەواتە ئەگەر یەکێك بــــــەوەلامی برای نووسەر گرژ ببێت وەك مامۆســــتا بابان دەڵێت(دڵسەردی بەزین و تەریقبوو-نەوە) بگاتە ئەو رادەیەی وەڕس بێ ، ئەی بۆچی جــاری پێش هەموو شتێك ئەوخـــــاوەن بەرهەمەی وەلامی دە درێتەوە بیر لەخۆی ناکاتەوە ئنجا بنووسی؟!بۆچی جارێك خۆی بـــــەراوردو رەخنە نەکات ئەو کاتە بنووسێ؟! بۆ باش خۆی نەناسێ ئینجازویر بێ ؟! بەراستی ئەڵێم ئەو جۆرە کەسانە تۆزێك دڵ ناســـکن و بەچاوی عاتیفەوە سەیری ئەومەسەلەیە ئەکەن •

دیسان مامۆستا تەهـا دەڵێ(دەبێتە هۆی بەزینی ••) • من جۆرە هەڵوێستێکی پێچەوانەی ئەم رایە دەنوێنم، چونکە بەزین یانێ چی ؟!

ئایا نووسینێك کەلەبەرێك پڕ نەکاتەوە ، یاخود بەری ئەو رۆژنامەو ئەو ساتە هەڵی ئەگرێ کەس لە توانایدا هەیە بە زۆر دارەکی بلاوی بکاتەوە ، یا هەرنا بڵێ وەخت بوو ؟

جا ئەگەر نووسەرێك بێ و بەکورتە وەلامێکی بەبەڵگەو راست دڵی برەنجــێ و بزرکـــــــێو(ببەزێت !!) کوانێ نوسەرەو کوا موسەر ؟!

(مەکسیم گورکی) لـــــە(ژیانم) دا دەڵێ : (پیشەنگین چەندان نووسینم بۆ گۆڤـــارو رۆژنامەکانی سۆڤییەت دەنـــارد کەچی ئەوان دەیان خستە پشت گوێ و قاقای پێکەنینیـــان پێی ئەهـــات) •• (برناردشو)ی فەیلەسوف دەڵێ : (هــەزاران لاپەڕەم رەش کردەوە ئینجـــــا توانیم لاپەڕەیەك بنووســــــەم و بلاوی بکەمەوە) •• کەواتـــــە مانای بەزین واتە چی ؟!! ئـــەم ورە بەردانە لەبـــــــەر چی ؟ دەربارەی ئەو برایەی نوسیوـیەتی :

(چار مانگ دەبیتـــــن شەعرەکم لۆ ناردینە لۆم بدەن لە چاپ) •

لەگـــــەڵ هەمان رای برای نووسەری ئەم گۆشەم کـــــــە دەمودەس ئەگەر نووسینەکـــەی بگەیشتایە لەو گۆشەدا بـــلاو بکرایەوە ، چونکە نامەکـــــەی گەواهی یەکی فراوان بوو بـــۆ رەت کردنەوەی شـــیعرەکەی ، چونکە مەسەلەیەکی کوردە کـــە دەڵێ :

(ناوکی باوی لە پەلکەکەی را دیارە) •• هەروەها مامۆســـتا بابان دەڵێ (شەرم مەکە منیش لەجێی تۆ بم وا ئەبم) کەواتە بۆچی و لەبەر چی ؟••

شیرزاد ئانەکەلی

فەرهەنگی جوتیاران

— هەرەوەز —

رۆشنبیران بە خوێندنەوەی ژیانی چەوساوەیی جوتیـــاران شارەزای جۆری ژیان و ئێش و ئازاریان ئەبن بەڵام جوتیارەکان خۆیان کە لە ناو باســـــەکەیانائەژین باشتر هەست بە گیرو گرفتە بنەڕەتیەکانیان ئەکـــەن و زووتر ئەکەونە خۆ بۆ چارەسەر کردنی و بەدەنگ هاوارو ئێش و ئازاری یەکتریەوە ئەچن ••

لە کوردەواریدا و بە زۆری لەناو جوتیــــارانا هـــــەرەوەزو هەرەوەز کاری و دەسەوام هەیە•• ئەگەر لەئاوایەکدا یەکێکیان بەرەنگاری ئیشێکی گەورە بێت و بۆی نەکرێ هاو ماڵەکانی کۆ ئەبنەوەو بە هەرەوەز واتا بـــە کۆمەڵ بەرەو پیری ئەچن و بـــە دەستی گەل ئیشەکەی بۆ ئەکەن بەم جۆرە ئیشکردنە کۆمەڵیـــە ئەڵێن هەرەوەز •

جوتیاران و لادێ نشینەکـــان با نەخوێنـــدەواریش بن بەڵام تاڕادەیەکی فراوان هەست بـــەکەموکورتی و پێشکەوتنی باری ئابوری خۆیان ئەکەن و ئـــەوەستە لەگەڵ ژیانی رۆژانەیانا پەروەردە ئەکەن •

هەرەوەز بەردی بنچینـــــەی ئابوری کۆمەلایەتی یەو جوتیارەکانیش زۆر بایەخی پێ ئەدەن •

جۆری هەرەوەز لەگـــــەڵ سروشتی ساڵدا ئەگۆڕێ وەکو:

● **هەرەوەزی بەهاران :**

بریتی یە لـــە چاندنی تۆوی بەهارەو پاککردنەوەی کێڵگـــەو رەز برین و وەرد دانـــــــەوەو جۆگەماڵ و گزرەو ، رێ ئەکەوێ چەند ئیشێکی تر کە لەگـــەڵ سروشتی کەژەکانی تری ساڵدا بگونجێ •

● **هەرەوەزی هاوینە :**

بریتی یە لـــە ئیشکردنی ناوکێڵگە هاوینەییەکان و خەلـــەو خەرمان و درۆێنـــــەو خانـــوو هەڵگەڕاندنەوەو ئاو داشتن و بژاری مەرەزەو توتن کردن و •

● **هەرەوەزی پایزان :**

بە زۆری خانو کردنەوەو کاکێشان و گەڵا کردن و زەخیرە کۆکردنەوەو پەمو چنینە •••

● **هەرەوەزی زســـتانە** :بەدەگمەن رێ ئەکەوی یەکێك لە زستانا خانوو بکاتـــــەوە ••زووربەی ئـــــەم هـــەرەوەزەیان بریتی یە لـــــە بان ماڵین و دارهێنان و جوتی وشکەدان و زەوی پاککردنەوەو پەرژینی باخ و رەز بڕوانە ل : -٧-

هۆنراوەی نوێ و رادەی چارەسەرکردنی رانی گەل

جلال سنجاوی

لە رۆشنایی ئەو راستیەی کە ئەڵێ : « ئەدەب بۆ گەل وکۆمەڵە نەك بۆ ئەدەب » دەست پێ ئەکەین و ئەیکەین بـــە رێخۆش کەرەوەی چونە نێـــــوباسەکەمانەوە تاوەکو سنورێکی دیاری کراو بۆ رادەی پەیوەندی نێوان ئەدەب و جەماوەر دەستنیشان بکەین ••• یا پەیوەندی نێوان ئەدەب بـــــە بارو زروفی جۆراو جۆری کۆمەڵ و تێکـــــەڵ بون بە لایەنی سیاسی و وەزعی ئەم کۆمەڵەی کە تیایدا چوزەر،دەر ئەکات و پەرە ئەستێنێ بۆئەوەی بۆ گشت لایەك بسەلمێنین کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان ئەدەب و کۆمەڵدا هەیە •• هەروەها ئەو پرۆپاگـــــــەندەو بەندو بالۆرانە پوچ بکەینەوە کە ئەڵێن : هیـــچ جۆرە پەیوەنـــدییەکی ئەوتۆ لە نێوان ئەدەب و سیاسەت دا نیە ••• واتـــــە ئەدەب شتێکی دروســــتکراوی سەر بە خۆیـــــەو سیاسەتیش شتێکی ترە ••• تا رادەیەکی ئەوتۆ کە تێکەڵ بونی ئــــــەمدووانە(ئەدەب و سیاسەت) بە شتێکی مەحـــــال دەزانن چەشنی تێکەڵ بونی (نەوت و ئاو) •••

بەڵام ئـــــەم جۆرە بیرورایـــە هەرگیز راست نیەو لە هیـــچ دەرفەتێکیشدا ناتوانێ رەواجێکی ئەوتۆ وە دەســــت بێنێ ••• چونکو ئەمە شتێکی ئاساییــــەونابێت بە هیچ کلۆجێك نکۆلی لێوە بکرێت کە ئەدەبی هەمووگەلێك لە دنیادا بە بارو زروفی سیاسی و کۆمەلایەتی ئەو گەلەوەهەوێن کراوەو هیچ کاتێـــــــك فەرامۆشیان ناکات •••

لەم بارەیەوە مامۆستاحیلمی شریف ئەڵێ :

« بە پێچەوانەی ئەو بەندو باوەی ئەدیب و هونەرمەنـــــدە سەر بە دەرەبەگ و بورژوازیەکان ئەیدەنە پاڵ ئەدەب و هونەر ئەدەب و هونەر لە هەمو دەوروزەمانێکدا ئاوێنـــــەی قازانجـــی سیاسی و ئابوری چینێکی گەلن ،واتە بەستراون بە سیستەم یا رژێمی ئەو وڵاتەوە کە خۆیانی تیا ئەنوێنن • بۆیە ئـــــــەو پرۆپاگەندەیەی نوێنەرانی چینەچەوسێنەرەوەکـــــان دەربارەی ئەدەب و هونەر بلاوی ئەکەنەوەکە گوایە سەر بەخۆن و دورن لە دەســــــەڵاتی چینــــــــایەتی و پەیوەندیان بە سیاسەتەوە نیەو روداوێکی سەر بەخۆن ، ئـــەمپرۆپاگەندانە هەموو بۆ دەست برین و هەڵ فریواندنی کۆمەڵانی خەڵکن ، نە ئەدەب هـــــــەیە بۆ ئەدەب و نە هونەریش بۆ هونەر بەڵکو یەکیەتیەکی لە پچـــــڕان نەهاتو لەنێوان ئەدەب و هونەروسیاسەتدا هەیە » •••

گومان لەوەدا نیە کەمەسەلەی سەرەکی لە ئەدەبی هاوچەرخ دا ئەوەیە کە هاوچەرخەو لەپێناومرۆڤ و لە پێناوی مرۆڤایەتی دا خۆ بەخت ئەکات و ئاواتەکـــانی ئەهێنیتە دی ••• جا هەڵســـە نگاندنی ئەم ئەدەبەش بــــــــە تێکرای و (هۆنراوە) بەتایبەتی دوای تێگەیشتنی ئەبێت ، نەك تەنیا سەرنجی رواڵەتی دەرەوەی بدەیت ••• بەلکـــــو ئەبێت پسپۆرانەو لێ هاتوانە بچینـــە ناخی دەرونی باسەکەوە ••

میشال رۆبرتس لە کتێبـــی(فایبر بۆ هۆنراوەی نوێ) باسی ئەدەبی هاوچەرخ ئەکات و بە تەواوەتی ئەوە ساغ ئەکاتەوە کە ئەدەب لقێکی نەپچـــڕاوی هەمیشەیی یە لە پێنـــاو رادەی پێشکەوتنی هەچ گەلێك چ لەبارەی شارســــتانیـــەتی یا کۆمەلایەتی وە یا خود پلـــەی زانستی و زانیاری و فراوانکردنی زادەی بیرو هۆشی مرۆڤ ••• رۆبرت ئـــــەڵێ : (هۆنراوەی نوێی هاوچەرخ ئامادەیـــــە کە تامی تێگەیشـــــتنی ژیانی هاوچەرخمان پێ بدات بـــــە مەرجێك ئێمەش بە پێی توانا داواکاریەکـــــانی فەرامۆش نەکەین و لە فەرمانی نەچینـــــە دەرەوە ووشەی بەکار هێنراو لە قاوغی مانای دیاری کراوی خۆی سنور بەدەر نەکەین •••)

شاعیری شۆرشگێر بـــــەرای ئەو ، بریتی یە لەو مرۆڤـــــــە نەترس و خوێن گەرمەی کـــــە لەگشت نەریت و یاســــــایەکی نارەوا یاخی ئەبێت و وشـــەی دەمی چەشنی گوللە ئاراستەی سینگی دوشمن ئەکات و دلێرانە بە دەست و خامەی رەنگینیەوە دێتـــــــــە مەیدانی خـــــەبات و تێکۆشانەوە •• نەك بەشـــێوە شۆرشگێرو لــــــە ناخـــەوەش شاعیرێـــکی بورژوازی یا وردە بورژوازی بێت کە تەنهـــــــا خواست و مەرامی خۆی و تاقمێکی دیاری کراوی بوێت و گەلەکەشی لە یاد بچێتەوە ••

هیچ شك لەوەدا نیە کــــــە بیروراو هەڵوێستی شـــــاعیری نیشتمان پەروەر بەرامبەر بـــــە نیشتمانەکەی بەشێکە لــــــە بیروراو هەڵوێستی گــــــەڵ بەرامبەر بە هەمان نیشتمان •• جا ئەمە مانای ئەوە ئەگەیەنێت کەروانگەی بیرو باورو هەست و

بڕوانە ل : ٧

پۆستەی خوێنەران

× **کاك ئیبراهیم بێ ناز : کاکی برای**

(ئامازون) بەو ئافرەتانەیان ئەووت کە لە ســـــــەدەکانی هەشتەم و حەوتەمی پێش زایینیدا « وە بە زۆری » لە ناوچەکانی - ماننا و ئورارتودا - ئەیانکردن بە سەربازو مەمکی راســــتیان ئەبڕین بۆ ئەوەی رێگای تیـــر هاویشتنیان لێ نەگرن •• ئێوە بە (گورانی بیژو سەماکەرتان داناون ••) دیسان ئەوەشت لە بیر نەچێ کە روبارێك بـــەو ناوەوە هەیە •

× **کاك حەمید جاف لــــە هەولێر :**

ئەمە هەڵبژاردەی ئـــــەو پەندانەیە کە بۆت ناردبوین :

- دار پوازی لە خۆی نەبێ نا قڵەشێ

- مارو داریان وتوە

- یەکێك بە زۆر بی نێرن بۆ مازوو ، بە دارا ناڕوانێ

- هەر دەونەو ئەبێ بە دار

- دار بە تەڕی ئەچەمێ

•••••••••

× **کاك دیار بەکر لـــــە سلێمانی :**

ئەمە بەشێکە لە شیعرەکانت:

ئەی گوڵ خونچەی بەهاری ژین

پەری زادەی سەر روی زەمین
جار جار نیگای چاوەکانت
زەردەخەنەی سەر لێوانت
خۆشی دێنێ بۆ ژیانی تەواو
پەستم

رای ئەکێشێ هیـــواو ژین و مەبەستم

(قسەی خۆمان بێ شیعری دوایی لە کێشی ئەوانی تر دەر چووە) •

× **کاکـــە کاکـــە زیاد قادر لادێ یی :**

لە کورتە باسەکەی (شەریفی ئیدریسی)دا چەندبابە تێکت باس کردوە ، جگە لەوەی دەسخەتەکەتمان بەباشی بۆ ناخوێندرێتەوە زوربەی بابەتەکانیشت نەبردۆتە بنج و بنـــاوان •• ئیتر نازانم بۆچی ناوی ئەو سەرچاوەیەت لە بیر چووە بینووسی کـــــە باسەکەت لێ وەر گرتوە ؟

× **کاك خیام حەمە سالح :**

ئەو فولکلۆرەی کە جەنابت بۆت ناردوین لایەنی سەرزازەکیەکەی زاڵە بە ســـەر ئەدەبی نووسین داو بە تایبەتی لەسەر روی روژنامەگـــەری ئەمرۆ •• تکایە ببورن •

× **کاك ئاوات هوشمەند :**

گلەییت کردوە کە بۆچی ناوت لە پۆستەی خوێنەرانا نیـــــە ، برای برام تەنیا ئەم نامەیەتمان پێ گەیشتوە کە بۆ (بزەی لێو) ناردوتە •• گلەیی مەکە کە بلاو نەکرایەوە چونکە هێشتا بزەکە لە دەرونایەو نەگەیشتۆتە سەر لێو •

× **کاك بەکر زانا :**

ئەمە هەندێك لـــــە بزەی لێوەکەتانە :

(جارێکیان - ••••• - لە بارەی زمانی کوردی یەوە ئەڵێ :

لە حەقیقەتدا زۆر بوغزم لەو ئەشخاسانەیە کە ئەلغــــــازی عەرەبی لە لوغـــەی کوردی دا ئیستیعمال دەکەن) •

× **کاك صابر زیرەك :**

ئەبوا فراوانتر لــــە ســـــەر ناتیقی شاعیرت بنووسیبایە و وینەیەکیشت لەگەڵ نووسینەکەدا بناردایە •• ئیتر ئێمە لێرە بڕارمان ئەکردو ئەو رستانەی بۆ بلاو کردنــــەوە دەس نادەن لامان ئەبرد •

× **کاك کەمال عەبدولقادر :**

لە نوسینەکەتا زۆرتر شوێن ریچکــەی ئەدەب و سەقافـــەتی عەرەبی کـــەوتویت وەکــــــو نوسیوتە : (بە هەلبـــــژاردن هەڵدەستا ، یان بەمان گرتنێك هەستابون ،) ئەمەش وتەکانی (لینکولن)ە کە بۆت ناردوین :

● **زۆردار سەریش بکـــەوێ تەمەنی کەمە**

● **پێم دەڵێن کە دیلیـــــکی نووستوت دی ، هەڵی مەسێنە بەڵکو خەو بەسەر بەســـتیەوە ببینێ ، منیش ئەڵێم : کــــە دیلیکی نووستوم دی هــــەڵی ئەسێنم و باسی سەربەستی بۆ ئەکەم •**

× **کاك کەریم قەزاز :**

چیرۆکـــە فولکلۆریەکــــەتان مەغزایەکی بە کەلکی هەیـــــەو ئەنجامی پیـــــاو خراپ و درۆزن دەر ئەخات ، بەڵام جــــــۆری نووسینەکەتان پێویستی بـــــە دەسکاری کردن و پیا چوونەوە هەیە ••

× **کاك ئازاد نوری عەبدوڵلا:**

نووسینەکەی جەنابتان ئەچێ بەگژ سەرچاوەو شوێنـــەواری ئەفسانەو خەرافات و نەریتــی پاشکەوتوانەی ناو کۆمــــەڵ دا بەڵام نووسینەکە بە شیوەیەکی رۆژنامەگەریانەی هاوچــەرخ دا نەڕێژراوە ••

Institut kurde de Paris

وەرزش لە هەفتەیەکدا

عابدین نەسرەدین

هەواڵەکانی جیهـانی وەرزش

پاش سەرکەوتنە چالاکیەکـەی محمد علی کـلای بەسەر جۆرج فورماندا کلای لـە وتەیەکـی رۆژنامەگەریدا وتویەتی :

هەرچەندە من ناوم بەرز بووە وخۆشەویست بوم لە دڵـــی ملیۆنەها خەلکدا وسامانی زورم دەس کەوت . بەڵام ئـــەوە ناگەینی کە من هەژارانم لەبیر بچێ . هەروەها هەمو هێزیکم دژی ئەمریکا لەپیناوی ئازادی چل ملیۆن قولەرەشی ئەم ولاتە تەرخان ئەکەم ولەلایەکی کەوە ئامادەی پیشانداوە بۆ باراستنی پاڵەوانیەتیەکەی بەروی هـەر پاڵەوانیکدا بیەوی بەرەنگـاری بکـا .

موسکو : ئەنجومەنی ئولومپی جیهانی لە ئەنجامدا بریاری دا دەورەی ئولومپی جیهانی داهاتو لە شاری موسکۆ پێك بێنـێ لەکاتیکا ئەمریکا زۆر هەولی دا لەشاری کلاسکوی ئەمریکـی پێکی بێنێ .

× هەڵبژیراوی ریخکراوی لاوانی کومسۆلی سوڤیتی کـە بریتین لە٦٠ لاوی تەمەن لە٢٢ سال خوارتر گەیشتنە بەغـا لەم روژانەدا بوچەن جولانەوە-یەکی فنیو وەرزشی ومۆرکردنی پەیمانی هاوکاری کردن لەگەل ولەو یاریەی دوینی کرا تیپـی سوڤیتی لەگەل تیپی طیـرانی عیراقیدا بەرامبەر بون بێ گول

× لە یاری شطرنج فکتـور کورشنۆی سوڤیتی بەرەنگـاری (بۆبی فیشـەر)ی ئەمریکی ئەبی پاش ئەوەی بەسـەر هاورێکەیدا (ئەناتولی کاربوف) سەرکەوت . بەبونەی جـەژنی سەربەخوی لوبنانەوە چـەن یاریەکی وەرزشی پێك هـات وعیراق تیادا بەشـداربو . وئەمەش چەن هەواڵێکی ئـەو یاریانەیە .

× لە قورس هەڵگرتن لـە (وزن الریشە) پاڵەوانی عیراقی فیصل مطلوب یەکەم دەرچوو ، بەلام لەو یاریە بە هەمو شیوە-یەکیەوە مصر بە یەکەم وعیراق بە دووەم دەرچون .

هەواڵەکانی کوردستان

دەنگوباسی شاری هەولێـر لەمانگی ١٠ی رابوردودا :

لەم شارەوە چەن هەوالیکمان پێ گەیشتوە بەهـۆی برادەری گۆشە کاك هوشیار کۆی کـە لەکۆلیجی پەروەردەی وەرزشی بەغدایە تیاداا ئەلێ ـ تیپـی لاوانی عەرەب بەسەر تیپـی أسـکانا ٥ـ١ سەرکەوتووە لەئەنجامی ئەو کۆڕە فراوانـە کە لەوشارە پێك هات لەپیناوی آکلاسی بەرەی نیشـــنمانی پیشکەوتوخوازدا ، بەم جۆرە تیپـــی ناوبراو بەبەهیزترین تیپی شـــارەکە ئەژمیردری وئەندامی تیپەکە لەم یاریکە-رانەی خوارەوە پیك هاتون .

١ ـ صلاح سلمان
٢ ـ شیروان احمد
٣ ـ صدرالدین عمر
٤ ـ کوثر عثمـــان (یاری کەریکی هەلکەوتوەو تەمـــەنی ١٧ سالە)
٥ ـ ئازاد محمد
٦ ـ شوان محمد
٧ ـ سالم قادر
٨ ـ امیر محمد
٩ ـ زکریا احمد
١٠ ـ صباح عمر
١١ ـ کریم واحد
١٢ ـ فرید حمید
١٣ ـ صلاح طاهر
١٤ ـ یاسین حسین
١٥ ـ شیرزاد کریم
١٦ ـ حسین علی .

وسەرپەرشتی کەری ئـەم تیپە هەلکەوتوە کاك نجم الدین خلیل .

لەئەنجامی فـوت بولێنی بەینی تیپی پولیسی هەولیـر ویانـەی تەئاخی تیپی پۆلیس بەسەر تەئاخیـــدا بە ٢ـ٠ سەرکەوت بەم بونەیە سوپاسی گەرممان پیشـــکەش بەکاك هوشیار کوی ئەکـــەین هیوادارین بەردەوام بێ لەهەواڵ ناردنی وەرزشی . وتکایـــە ببوری وینەکەی ناردت لەناوچو

هەروەها کاك فکرت شـفیق لە رۆژنامەی هاوکاریەوە توانی چاوپێ کەوتنێ بکا لەگەل کاك خلیلی یابە کریم لە هەولیـــر تکایە کاکە گیان خۆت نیاسێنی بەخویندەوارانی هاوکاری .

و : ناوم خلیل یابە کریمە .

کچیکی پاڵەوان لەیـــاری(جیمناستیك) لـــە تاقمی ریکخراوی کومسوولی سوفیتی میوان لە عیراق

تەمەنم ٣٥ سالە . پیشـــەم بەریوەبەری قوتابخانـــەی سامانی سەرەتای کوڕانم لـــە هەولیر .

پ١ : کاك خلیل لـــە چ سالێکدا دەستت بەورزش کرد : وەلەچ بابەتیك :

لـە سالی ١٩٥٨ لەئاموژگای ماموەستایان بوم لە شـــاری موصل دەستم بەوەرزش کـــرد بابەتی لەش جوانی واتە (کمال الاجسام)

پ٢ : ئایا لەکۆڕ ویاریـــدا هیـــچ بەشداریت کردوە وچ پلەیەکت وەرگرتوە .

و : هەتا وەکو سالی ٩٦٠ کە لە موصل بوم هەر خەریکی راهینانی لەشم بوم وخـــوم بەهیز ئەکرد تاکو بوم بـــە ماموستا لەگـــوندی سۆربەش ودوایی گواسترامەوە بۆ گـــویر تاکو ٩٦٥ هەر خەریکی یاری ئاسن هەلگـــرتن بوم . ودوو جار پلەی یەکەمم لـــە کۆڕی یاریدا وەرگرتوە یەکەمیان لـــە هەولیر وئەوی تریان لە موصل وهەردوو لەلەش جـوانی بەژن دریژی‌دا واتە (طوال القامە) .

پ٣ : باشـــە بوچی بەشی لەش جوانیت هەلبژارد وەئایا کێ خاوەنی جوانترین لەشـــە لەعیراق وجیهانا بەلای توەوە ؟

و : هەر لەمنالیەوە کە باسی پاڵەوان وئازایانیان ئەکرد دلـم پڕ لەجوش وخوش ویســـتنی پاڵەوانان ئەبو ، ولـــە دل خومەوە ئەمگوت خوزگە منیش ئەبوم بە پالەوانێك وەك ئەوانە لەبەر ئەوە مەیلم دا بەم جـۆرە یاریە وسەرکەوتنم بەدی هینـا وخاوەن جوانتـــــرین لەش لەعیراق طالب شهاب وعبـاس هنداوی وعلی الگیارە . ولـــە جیهاندا (آرنولد شواز ینا گر)

نمساوی وپاڵەوانی کـــوبی (سرچیو اولیڤیا) ولە پاڵەوانانی رابوردو (ستیف ریڤز)ە .

پ٤ : ئایە ئیستا حەریکی چیت .

و : ئیستا وماوەیە لەمەو-پیش خەریکی هونـــــەر وشانوگەریم وتائیســـــتا بەشداریم لەزۆر شـــــانۆ وجولانەوەی هونـــەری کردوە وئەیکەم لە پیناوی خزمـــــەت کردنی کۆمەلدا . بەم جـــورە کوتای بەچاوپێ کەوتنەکە هات سوپاس بۆ کاك خلیـــــل ، هیوادارین ســـــەرکەوتو بێ وتکایی لێبوردن ئەکەین لەبەر بلاونەکردنەوەی وینەکان لەبەر لەناو چونیان بەهۆیەکی تایبە-تیەوە .

سلیمانی :

لـــە ئەنجامی هەلبژاردنی یانەی سیروان‌دا ئەم ناوانـەی خوارەوە سەرکەوتن . عثمـان کریم علاف ـ سەروك ـ کریم هبەالله ـ جیگری سەروك ـ . صـــــلاح حامد ـ ئەمینداری نهێنی ـ . عزت رشـــــید ـ محاسب ـ . عـــلی فتاح ـ بەریوەبەرایەتی یانە ـ هەروەها کاك جمال شیخ توفیـــــق هەلبژیرا بـــۆ بەرێوەبردنی جولانەوەی وەرزش . هەروەها ئیمـــــە بەسوزەوە چاوەڕوانی هەوالەکانی جولانـــەوەی وەرز-شین لەم شارە خوشەویستە-مانەوە .

کرکوك :

لە ٣ـ١١ـ١٩٧٤ کۆڕی فوت بولێن قوتابخانەکانی ئەم شارە خوشەویستە بەسەرپەرشـــتی بەرێوەبەرایـــەتی پەروەردەی پارزگاا دەسی پێ کرد وهەوا-لەکـــان وا رائەگێنـێ کـــە ئەنجامی یاری‌یەکان بەم شیوەی خوارەوە بوون .

قوتابخانەی ناوەنـــــدی (مستقبل) بەسەر قوتابخانەی ناوەندی .(شرقیـــە)دا بە ٢ـ٠ سەرکەوتوە .

ئامادەی (صناعە) بەسـەر زراعـــەدا ب ٧ـ٠ سەرکەوتوە

قوتابخانەی سەرەتای یرموك بەسەر (تەئاخی)دا بـــە ٢ـ١ سەرکەوتوە . وکۆڕەکە بەردە-وامە .

کۆڕی (مصارعە)ی عیراق‌لە کرکوك گیرا لە ٦ـ٧ئەم مانگەدا بە بریاری یەکیەتی عیـــراق وخلدون عبدی نیررا بۆ سەر-پەرشتی کردن بۆ دەس نیشان کردنی باشـــترین پاڵەوانـانی ولات لەم یاریەدا

پاشماوەی هۆنـــراوەی نوێو وادەی

ئەستی شاعیری شۆرشـــگێر لەگەل گەلەکەیدا لە تولە رێی خەبات بۆ وەرگرتنی مـــافو زیندە بەچاڵ‌کردنی خوو نەریتی بەسالاچوو دەرهێنانی رەگـــی کۆنەپەرستی خۆ پەرستی یەك ئەگرنەوە ... جا ئـــەم جۆرە شاعیرانە هەروەکو « ولیـــم وردزورث » ئەلێ : (تاکـــە مرۆڤێکن ئامۆژگاری‌گەل ئەکەن) شاعیر کاتێ کە بیەوێت رێگای چارەسەر بۆ کەمو کوڕی‌یەکانی گەلەکەی بدۆزێتـــەوەو پێدا-ویستەکانیان ساز بکـــات پێویستە کە شێوەو ناوەڕۆکی بەرهەمەکانیان چەشنی ئاوێنە-یەکی سافو بێ گەرد بێت کە تێکرا رەنگانەوەی بارو زروفی تفتو تالی چینی هـــەژارو چەوساوەکان بێتو بـــە زمانی ئەوان بدوێت ... روباریـــك بێت سەرچاوەکـــەی لە دڵو دەرونی ئەوانەوە هەڵقولابێتو چیرۆکێك بێت کە سەرجـــەم دالدەی ئـــەوینی جۆراو جۆری ئەم چینە بێتو بە هیچ‌شێوەیەك فەرامۆشیان نەکاتو نەیانخاتە پشت گوێ ...

رێبازی ریالیزمی‌سوشیالیست

ئەلێ : « **هەلوێستی نوســەرو رێبازەسیاسی‌یەکەی‌و وەرگرتنو وادەی تێگەیشتنی بەرهەمەکەی لەلایەن خەلکەوە ... ئەمانــــە تێکرا بەستراون بە یەکەوە بۆ سەرخســـتنی تەقەلـــــلا ئەدەبیەکانی** » .

هەروەها لە جێگایەکی تر دا ئەلێ : « پێویســـتە ئەدەبو هونەرمان پێش هەمو شـــتێك بۆ چینی کرێکارو جوتیـــارو دوایش بۆ ســــەربازو باقی جەماوەر بێتو بە شـــێوەیەکی ئەوتۆش بهۆنرێتەوەو بخرێتە بەر دەست کە لەگەل ئەقــلو مێشکی ئەم چینانەدا بکونجێو لێی تێ بگەن ... »

لە مەوە بۆمان دیار ئەکەوێت کە یەکەم‌هەنگاو بۆ سەرخستنی بەرهەمی ئەدەبی (بەگشتی)و هۆنراوە بە تایبەتی ئەوەیە کە بە شێوەیەکی دیارو مانایەکی بە پێز و دوور لـــە دژوار دابرژێتو بە زمانی چینـــی هەژارو رەشو روتان بـدوێو هاواریان بۆ بکات ..

بەلام بە داخەوە ئەیلێم کە جاری وا هەیە شاعیر یا نوسەر بە هۆی بەکار هێنـــانی رەمزو رەمزکاری‌یەوە خۆی ئەخاتـــە دەریایەکی ئەوتۆ کە نەك خوێنەر بگرە خۆشی ناتوانێ بەتەواوەتی مەلەوانی تیادا بکات ناچـــار دەست ئەکات بـــە پەلەقاژێو پەل هاوێشتن لە تەنکاوەکانداو ووشەی بەکارهێنراو لە قاوغی مانای دیاری کـــراوی خۆی‌دا سنور بەدەر ئەکات ..

بو نوسینی ئەم باسە سوود لەچەند سەرچاوەیەك وەرگیراوە

پاشـــماوەی فەرهەنـــگی جوتیاران

دنان (لە هەندێك شوێندا) . ئینجا لە لادێکانا یان بڵێین ئەو شوێنانەی‌کە هێشتا دەستی شارستانیەتیان پێ نەگەیشتووەو دەقی ژیان هەر لە سەر ئـەو دۆخە کۆمەلایەتیە شێوە سەرە-تاییە ئەڕوات‌کە زوربەی بەرهەم هێنان بـ هۆی چەرخی دەستیو خۆماندووکردنی لەشەوە دێتـــە بەرهەم ، ئەو کەسانەی کـــە دەسەلاتیان نیە ئیشەکانیـــان راپەڕێنن‌و بە ئەنجامی بگەیەنن خەلکی ئاوایی بە هەرەوەز (واتا بە بێ کرێی رۆژانە) بەدەستی گەل (وەکو ئەلێن) هەریەکە رۆژێك ئیشی بۆ ئەکەنو لـــەو گیرو گرفتە رزگاری ئەکەن .

هەرەوەزو هـــەرەوزکـــاری نمونەی گیانی یەکێتی‌و بـــــە تەنگەوە هاتنی یەکترو زادەی فیکری کۆمەلایەتیەکی بـــــە مرۆڤایەتی موتوربە کـــراوەو ماهیەتی پیشکەوتنی ئابوری‌یە .

ـ ئەردەلان ـ

پاشماوەی : مەگەر بۆ خۆی تێی بگـــا ...

٢ ـ هەر لە دێرەگی یەکەم‌دا دێری ٣٢ ، ٣٣، ٣٤ ، نووسەر دەلێ : « رەخنەگرێك بۆ چاکتر شارەزابوون‌و قوولتر چوونـــە ناو ناخی ئەدیبەکـــەوە ، وا باشترە لە بەرهەمە ئەدەبیێکەوە ئەوانـــە هەلێنجێنێ کـــــە مەبەســـــتینی بـــە لێی یان پێچەوانەی » .

ئەوەی لێرەدا پتر سەرنجی راکێشام ، (چوونی رەخنەگرە بۆ ناو ناخی ئەدیب) . چونکە رەخنەگرو ئەدیب هەر دووکیان ئینسانن ، ئینســـــانی ماقووڵ‌و خۆش زەوق‌و خاوەن هونەرن . (ناخ)یش وابزانم بۆ قولایی ، بۆ دەروون‌و بۆ هەناو بەکـــار دەهێندرێ . دەکرێ رەخنەگـــر بچێتە نێو ناخی ئەدەبـــەوە ، وشەی ناخیش لەو جێگایـــەدا بەکار دێ . بەلام نازانم‌رەخنەگر چۆن دەچێتەنێو ناخی ئەدیبەوە؟ پرسیارم لە ماموستا هێمن کرد، داخوا تا ئێستا هیچ رەخنـــــە-گرێك چۆتە ناوناخی ؟ گوتی : « دوکتۆر دەلێ کرمت هەیە » !

ئەگەر چاو لەبێ‌سەرەوبەرەیی ئەم رستە درێژە بپۆشـــین ، رەنگە مەبەستی کاك دلشـــاد ئەوەبێ کەرەخنەگر باشـــترە لە بەر هەمە ئەدەبیەکە ئەوانـــە دەست نیشان بکـــا ، یان هەلێنجێ کە مەبەســـتیەتی . جوانە ...، بەلام ئەگەر وابێ کاك دلشاد چ شتێك لـــــە پێشەکیەکەی دوکتۆر قاسملوو رەت دەکاتەو ؟ خۆ دوکتـــــۆر قاسملووش هەر ئەوانەی لـــە دیوانەکە «بەرهەمە ئەدەبیەکە»ی ماموستا هێمن هەلێنجاوە کـــە مەبەستیەتی . ئیتر نووسەری بەرێز هەر بەگوێرەی قسەکانی خۆی ئەم رەخنەیەی بەجێ نیە .

٣ ـ دیرەگی دووهەم ، دێری ٥ و٦ و ٧ و ٨ ، «کە شاعیرێکە خەونەکانیشـــــی واقیعین‌و لانەوازێنن بۆی‌بۆتە سەرچاوەی داهێنانێکی مرۆڤانە حەزم دەکرد دیوانەکەی رەخنەکەم » . تـــۆ بلێی خوێنەرانی تریش هـــەر ئەوەندەی من لەم تەعبیـــــرە ئەدیبانە گەیشتبن : « خەونە-کانیشی واقیعین‌و لانەوازێنن » ؟ پر بەدل سوپاسی ئەوکەسەدەکەم کە شارەزای قەلەمی کاك دلشاد بێو بۆم روون بکاتەوە .

٤ ـ دیرەگی سێیەم ، دێری ٤ و ٥ و ٦ و ٧ و ٨ ، « یاخی بوونیکیان تیا بەدی دەکـــــریت دژی فەرمان رەوایـــــی‌یێکی نارەسەن‌و بەربادی وەکو رژیمی ئێستای ئیران بەرامبەر بـــە مروڤانی ئیران » .

ئەم هەویرە زۆر ئاو هـــەل دەگرێ . هیوام وایە خوێنەری بەرێز لەم درێژدادریەم وەرەزو توورە نەبێ .

ماموستا دلشاد دەنووسێ : « قاسملو ئاوەلەکانی ... یاخی بوونێکیان تیا بەدی دەکرێت »

کارم بەوە نیە کە نووسەری بەرێز لێرەش دا (و) یکـــی پەراندوە . قەی ناکا ، پیـــاو پیاو بێ واویك هیچ نیە . بەلام ناکرێ باسی ئەوە نەکەم کـــە ماموستا دلشادی نووســـــەر هێشتا نەی‌زانیـــوە یاخی‌بوون‌و خەباتی سیاسی شۆرشگێرانە فەرقیان زۆرە . ئەم وشـــــە تورکیە کە دەگەل (یاسای) مەغوولی هاتۆتە نێو زمانی‌کوردی و فارسیەوە، هەمیشەحکوومەتە زالم‌و خوێن مژەکـــــان بـــۆ شۆرشگێرانی بەکاردێنن .

یاخی بوون یانی لەهـــەق هەلگەرانەوە ، یانی بەهەلستی کردنی شتی بەجێ ورەوا . یاخی بەوکە سەدەلێن کـــە مل بۆ فەرمانی‌رەواو بەهەق‌راناکێشێو لە رووی دا هەل دەگەرێتەوە . حکوومـــەتە دیکتاتۆرەکـــان شۆرشگێران بە یاخی دەزانن . قاسملوو وهاوالەکانی یاخی نین ئەوان تێکۆشەری سیاســـی شۆرشگێرن کە لە دژی زوڵـــم وزۆرو ستەمی نەتەوایەتی ، لە دژی رژیمی دیکتاتوریو خوێن مژی شای ئیران ، بۆ وەدەست هێنانی مافی رەوای گەلی کورد لە کوردستانی ئیران خـــەبات دەکەن . ئـــەوان یاخی نین ، چونکە بۆ وەدی‌هێنانی ئامانجە-کانی گەلی کورد لە کوردستانی ئیران ، پێرەوی لە بەرنامەیەکی سیاسی روون‌و پێشـــکەوتوو دەکەن . ئـــەوان یاخی نین ، چونکە دروشمی خەباتیـــــان ئازادی‌و دیموکراسی بۆ ئیران‌و وەدەست هێنانی خودموختـــاری بۆ کوردستانی ئیرانە . ئەوان یاخی نین ، چونکە رۆژنامەیەکی وەك رۆژنامەی « کوردستان » دەردەکەن‌کە وەك ئەستێرەیەکی پرشەنگدار لە ئاسمانی ئەدەبی کوردی دا دەدروشێتەوە .

بێجگە لەمە ، نووسەر هەر لەم رستە دا وشەی « نارەسەن وبەرباد »ی بەکارهێنـــاوە ، دەپێش دا دەبێ بلێم رەســـەن بۆرژیم وبو نیزامی کومەلایەتی بەکارنایە . بەزۆری بۆ یەکسم وئاژەل وزیندوار وشـــتی وا رەسەن بەکار دێنن فاشیستو رەگـــەز پەرستەکانیش باســـی (رەگەزی رەسەن) دەکەن .

وشەی « بەرباد » وشەیەکی فارسیـــەو ئاواش دەنوسری : (برباد) . رەنگە کاك دلشادیش سەری لە زمانی فارسی دەربچێ چونکە لەریشەی زمانەکـــانی ئاریاییە . بەلام بەداخەوە لێرەدا نەی پێکـــاوە . (برباد) یانی فــــەوتاو ، وێران ، نەماو . (بربادشدە) یانی وێران‌بوو ، یانی تێك وپێك دراو . (برباد هندە) یانی وێرانکەر . حافزی شیرازیش لە شێعریك‌دا ئاوای گوتوە : « زلف برباد مدە ، تا ندهی بربادم ـ ناز بنیاد مکن ، تانکنی بنیادم » . کە وابوو (بەرباد)ی کاك دلشاد لێرە دا چ مانای نیە . نووسەر لــــە دیرەگی پێنجـــەم دێری ١٦ جارێکی تریش وشـــــەی « بەربادی » بەکار هێناوە کـــە لەوێش دا جێی خۆی‌نەگرتووە .

کاك دلشاد هەر لەم رستەیە دا دەنووسێ : « بەرامبەر بـــە مرۆڤانی ئیران » . لام وایـــــە بەکار هێنانی مرۆڤ بەم جۆرە راست نیە . مەبەست لـــــە « مروڤان » چیە ؟ بەرامبەر بە ئینسانان ، بەرامبەر بە پیاوان ؟ هەریەك لەم دوانە کە مەبەستی نووسەربێ دروست نیە .

چونکە رێژیمی ئێســـتای ئیران (بەرامبەر بە مروقانی ئیران) نیە . رێژیمی ئیـران دژی چین‌و توێژی جۆربە جۆری خەلکی ئیرانەکە برتیە لەرووناك بیری پێشکەوتوو ، کرێکـار ، وەرزێرو زەحمەتکیشـــانو بورژوازی نیشتمانی .

هەر لەوکاتەش دا چیـــن‌و توێژی ئەوتۆهەن کە نەك هەر دژی ریژیم نین ، بەلکـــوو پالپشتو پشتیوانی رێژیمن . کە وابوو لەجیاتی‌مرۆڤانی ئیران دەبێ گەلان ، یا خەلکی ئیـــران بەکاربێنین .

٥ ـ هەردیرەگی سـێیەم ، دێری ٨٠ و ٨١ ، « بۆ سەر-فرازیان لـــە ســـتەم دەم بەخۆزگەیە » . « سەرفراز » وشەیەکی فارســـیە ، یانی سەربەرز . سەربەرزی لە ستەم مانای نیە ، پێویستە بگوترێ : (رزگاری لەستەم ، دەرباز بوون لە ستەم) . نووسەر ئەگـــەر هەر پێی خۆش بوو هێنـــدێك وشەی فارسیو عەرەبی بکـــاتە تێ‌هەلکێشی وتارەکەی دەبوایە (رستگاری ، یا نجات) لـــە ستەمی) بەکار هێنابا . بەکورتی سەرفرازی بۆ ئەم جێگایە نابێو بەداخەوە چاکی بۆنەچووە .

٦ ـ نارێکی‌رستەو زاراوەکان لێرەش دابنی‌نایە وناچـــارین بچینە دیرەگی پێنجەم . دێری ٦ و ٧ و ٨ ، « کە لە لایێـــك دەیانەوێت چاوی سوور بکاتو ئیحساسە **مرۆڤانەکەی خـــۆی** ئەستوور بکاتو لە لایێـــکی ترەوە ، دەیانە وێت فێـــری قەناعەت و ئارام‌گرتن‌و رەفتاری بە ئەتکێتو دبلوماسی‌یێت .. »

زۆرم تین بۆ مێشکی خـۆم هێنا شتێکی لێ هەلکرێنـم ، هیچم بۆ دەگەل نەکرا. نەمزانی کاك دلشاد دەیـــەوێ چ بلێ ؟ وشەی (دەیانەوێت) جەمعە . (چاوی سوور بکاتو ئیحساسی ئەستوور بکات) هەردووکیان تاکن . چاوی کێ سووربکا ؟ چاو سوورکردن بەچ مەبەستێك بەکار هاتووە ؟ بەمانا هان دان؟ بەمانا خەمبارکردن ؟ هیچی‌دیار نیە . « ئیحساسی ئەستوور » ! ئیحساس نەبێ شتی دیکـــەی ئەستوورم بیستبوو ، ئـــەوە شوکر بۆ هەوەل جار لە ئەدەبی کوردی‌دا تووشی (ئیحساســـی ئەستوور)یش دەبین . ئاخری خێربێ .

نووسەر دەلێ « ئەتکێـــتو دبلوماسی یێت و ... » بە بێ ئەوەی فێعلێکی بەدوادا هاتبێو رستە تەواو کرابێ ، دەبرێتەوە تەنانەت قەولی نەداوە لەدواییش دا رستەکەمان بۆ تەواو بکا .

لە بارەی وشەی (دبلوماســـی یێت)ی کاك دلشادە وە هـەندە ئەوەندە دلێم زمانی‌کوردی پیتی (پ)ی هەیەو ئەم وشەیەش‌ئاوا دەنووسری : (دیپلوماسی) .

ئەو هـــــەموو نارێکی‌و بێ سەرەو بەرەییە وای لێ کردم‌کە تکا لە نووســـــەری بـــەرێزو خوێنەرانی خۆشەویست بکـــەم کە مەردی خوابن ، ئەگەر دەمانا وناوەرۆکی ئەم‌رســـتەو زاراوە گەیشتن ، منیش تێ‌بگەیەنن .

٧ ـ هەر لە دیرەگی پێنجەم دا تووشی ئەم زاراوانە دەبین : « بەربادی رقیان هەل نەستێنێ» « لە بەرژەوەنـــدی مرۆڤ برە خسێنرێت » و زۆرشتی دیکە ، ئەگەر لە سەر هەموان قســـە بکەین ، وەك فارس دەلـــێ مەسنەوی حەفتا باتمانی کاغەز دەوی .

٥ ـ رەخنـــــەکردن ـ یارەخنەگرتن :

ماموستا دلشاد لە وتارەکەی دا شێوەیەکی تازەی هێناوەتـــە نێو ئەدەبی کوردی ، ئـــەویش وشەی (رەخنە کردنە) . وەك بۆخۆی دەلێ : « حەزم دەکرد دیوانەکەی رەخنەکەم»، دیرەگی دووهەم دێری هەشتەم . هەر-هەمـــان دیرەگ دێری ١١ : « پشت گوێ بخرێتو رەخنـــە نەکرێت » . دیسان دێری ٣٨ و ٣٩ : « پێش ئەوەی رەخنەی دیوانەکە بکەم » .

بۆ هەوڵ جارە کە دەبینـــم رەخنە بکرێ ، تا ئێستا هەر وا باوبوو رەخنە دەگیرا ، رەخنـــە لەسەر شتیك دەنوو سرا ، بەلام رەخنە نەدەکرا . کار دەکرێ ، خەبات دەکـــرێ ، تەنانـــەت هیلکەو رۆنیش دەکرێ ! بەلام رەخنە دەگیرێ . لیرەدا جاریکی تریش ئەو راســـــتیە روون دەبێتەوە کە نووسەری بەرێـز بەعەرەبی بیرکردۆتەوە ولـــە نووسین دا بەســـەر کـــوردی داکەوتوە . وشەی (نقد)ی عـــەرەبی هەلگێراوەتـــــەوەو (کردن)ی کوردی رەگـــەل خستووو بەلای خۆی وشەیەکی کوردی دروست کردوە . سەیر ئەوەیە نووسەر کە لەیەك دوو جێگادا وشەی (رەخنەگر)یشی بەکار هێناوە ، بەلام لێ وردنە بوتەوە کە بزانێ ئەم (اسـم فاعل)ە لە چ (فعل) یکـــەوە هاتووە . هەربۆیەش بەو دەردە چووە .

لێرەدا کۆتایی بەم بەشـــە دێنم . چونکە بەراســـــتی لێکۆلینەوەو شی‌کردنەوەی باری ئەدەبی‌و رســـــتەو زاراوەو رێنووسی وتارەکەی کاك دلشاد کاری ئەدیبو نووسەرانەو لـــە وزەی قەلەمی من دا نیە .

لەو تاری داهاتوو دا ، دێمە سەر لێکۆلینەوەی بیـــرو رای کاك دلشاد محەممە دئەمین لە **باری بۆ چوونی ئەدەب وئەرکی ئەدیبو شاعیرو رەخنەگرەوە**

بۆزانـــین

موناقەسەی نهێنی ژمارە (٧٣/١١٦) بۆ دروست‌کردنی

خانوی دادگای شەقلاوە لەپارێزگای هەولێر

بلاوی ئەکەینەوە کە ئەو موناقەسە نهێنیەی ســـەرەوە بەگویرەی ئەم مەرجانەی خوارەوە هەیە .

١ ـ ئەتوانری هەمو ئیستمارەکانی مەرجی موناقەسەکە لە بەرێوە بەرایەتی أشغالی پارێزگای هەولێر بە (ـ/٣) دینار دەست بکەوێ کە دانەوەی نیە ئەویش ئەبێت قونتەرانچیە کە، مەرجە گشتیو مواسەفاتە فەنیەکان بکرێ کاتێ موناقەسەکەی درایە .

٢ ـ دواکاتی پێشکەش کردنی عەتائات لە ٠٠ یان پێش سەعات ١٢ی پاش‌نیوەرۆی سێ‌شەمەیە کە ١٦ـ١١ـ١٩٧٤

ئەکاتو پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی هەلبچرینی عەتائـــات ئەکرێت لە بەرێوەبەرایەتی گشتی أشغالی ـ حقوق‌و عقـــود ـ ئەوپەری ماوەی تەواوکردنی ئیشەکەش (١٥) مانگە .

٣ ـ ئەم شتانە لەگەل عەتائاتەکاندا پێشکەش ئەکرێت :

أ ـ تەئمیناتی سەرەتایی بەنرخی ـ/٢٥٠ (دوســـەدو پەنجا دینار) بەشێوەی کەفالەتێکی مەصرەفی واکـــەبۆ ماوەی شەش مانگ کاربکات لە داخستنی موناقەسەکە وە یان بـــە چەکێکی باوەرپێ‌کراو .

ب ـ هەویەی زوری بازرگانی لەگەل وثیقەیەکی کە لـــە بەرێوەبەرایەتی زەریبەی دەخلەوە دەرچوبێتو بۆ ئەمســـال تازەکرابێتەوە .

ج ـ جەدوەلێك لەبارەی ئەو ئیشانەوە .

٤ ـ هەمو عەتائاتێك لەکاتی خۆی‌دا پێشکەش نەکـــرێ پشت‌گوێ ئەخرێ .

٥ ـ ئەم بەرێوەبەرایەتیە مولزەم نیە بەوەرگرتنی نزمترین عەتائات یان عەتائاتێکی تر .

٦ ـ عەتائاتەکان بە ئاگاداری قونتەرات چیەکان هەلئـــە پچرینرێن لەوکاتەدا کە لەسەرەوە باسی کراوە ، وە ئەنجامی سەرتایش لە لەوحەی ئیعلاناتا بلاو ئەکرێتەوە .

٧ ـ سزای دواکەوتن بۆ تەنیا رۆژێك (١٠) دە دینارە .

عبدولوەهاب موفتی
بەرێوەبەری گشتی أشغال

٢ـ٢

Institut kurde de Paris

گۆڕێك لە رابوردوو

وەڵامی ئاسکۆڵ شارەزووری

لە ژیاندا اعلانێ بۆ (أ٠ش)ئەفەندی نووسرا بوو ۆمن زۆرم پێخۆش بوو کە رەوشتێکی مەدەنی کەوتە شارەکەمانەوە ، هەر وەکو (پیرەمێرد)ی ژیان لە پێش ئیران و سوریەو حیجازدا حروفی لاتینی خستە ناوەوەوپشت ئەستووری دا بەژیان و ژنان ٠

منیش ئارەزووم کرد ئەم رەوشتی بەرۆژنامە شوو کردنە بگرم و بەراستیشمە یەکێکی هاورازو هاو مەغزو هاوگیان بدۆزمەوە ببین بە هاوبەش ،هەڵکردو لانەیەکی بەختیاری دابنێین و نەوەی خوێندەوارو بەکار بۆ وڵاتەکەمان پێ بگەیەنین ٠

ئنجا باجارێ تێتان بگەیەنم کەمن کێم و کێم ئەوێ ؟

من کچی پیاوێکم کە زۆر لە تورکیا بووە ، عومرم نۆزدە ساڵە هەرچەند بە اتفاق ئەخلاق و عیلم لە جوانی لە پێشترە ٠ من خۆم جوانیم لەلا دەرەجەی سێیەمە ٠ لەگەڵ ئەویشدا خەڵک بە جوانم ئەزانێ ، لە أقونیمی و تەگبیری ماڵ و نەخش و نیگارو ماکینەدا ئەتوانم بڵێم تحصیلم تەواوە ٠ عاشقی فەن و صنایعی نفیسەو بدایعی طبیعتم لەبەرئەوە وەك مریشك نایەمە کوولانەوە ٠ لەخۆیشم ناترسم چونکو بۆم ساغ بۆتەوە کە زەوق و گیان و بەختیاری خێزان ئیمان بەخۆشەویستی میردو مێرد خۆشویستنە ٠ من کە مێردم پەرست بێ گومان ئەویش منی خۆش ئەوێ لە هەموودیمەن و سیمایەکدا شێوەی مێیردی خۆم ئەبینم ،دنیا لام پەشمە ئەبێ ،لەرەفتارو کردارمدا شوبهەو گومان نابێ ، بۆیە خواهیشی دەستی یەکێکی خوێندەوار ئەکەم کە لەمن بگاو بە نووکە شەق کەرامەت و نەفسیەتم نەشکێنێ ئەوسایەکە بێ قەدربم خۆم بە صاحیب نامووس نازانم ، بەڵام کە قەدرم گیراو خۆم بە خاوەن شەرف و نامووس زانی هەرگیز نامووس شکینیم پێ ناکرێت ٠

ئەمەوی کە بەیانی یان لە پێش هاوسەری ژیانمدا هەڵسام و بەدەستی خۆم شیرو چام بۆدانا بە ناو چاوانێکی رووناك و روویەکی خۆش و لێویکی زەردەخەنەو شێوەو سیمایەکی مەردانەوە وابکا کە چوو بۆسەرەوزیفەو ئیشی خۆی بەدڵ بیری بکەم و کاروباری ناوماڵ بەنەشئەی ئەو خۆشەویستی یەوە ببینم ئیوارە کە هاتەوە بەپیکەنینەوە چووم بەپیری یەوە ماندوێتی و رەنجی ئەو رۆژەی لە دڵ دەرچێ و شان بەشانەوەو گیان بە گیانەوە رووبکەینە دەشت و سارا ٠ خۆ ئەگەر خوا بەچەیەکی پەیوەندی گیانمان بداتێ لەگەڵ ئەو بەندی جگەرەماندا لەکەناری ئاوێك تەماشای طەبیعەت و بەرهەمی ژیانی خۆمان بکەین ٠ ئینجا ئەو بەرهەمی ژیانەبەکشتەکێکی رووناکی و ئاوریشم دوو گیان بەیەکەوە ئەدروێ و بەختیاریەك ئەخاتە ناو ماڵەوە کە ببێتە نموونەی ژیان و گوزەرانی نەتەوەیەك ٠

هەر نەتەوەیەك کە پیاووژنیان خوێندەوار بێ و مەرجی ژیانی کۆمەڵایەتی بزانن و منداڵیان بەهەستی میللی و نیشتمانی پەروەردەو کۆش بکەن هەڵبەتە ئەو نەتەوەیە هەمیشە لە پێش ئەبن ٠

ئەمەمن سروشت و رەوشت و بیرکردنەوەم لەسەر ئەمەیە کە تووشی کەسێك بم کە بەختیاری خێزان ببینم و نەوەیەکی بەنرخ بۆ نەتەوەکەم پێ بگەیەنم و بەیادگاری باش بۆیان بەجێ بهێنم ٠

ژیان : ٤٧٧ – ٢ی مایس ١٩٣٦

تێبینی :

بەپێی پێویست چەند وشەیەکی عەرەبی ئەم نووسینەمان کرد بەوشەی کوردی پەتی تا چێژی تەواوی لێوەربگیرێت ئنجا ئەلێین وادیارە ئەم ماوەزۆرەی ئاسکۆڵ خان و باوکی لە تورکیا رایان بواردوە(شارەزووری) یەکەشیان تونەگرتوە ولێیان نەبۆتەوە ،باوەجو لەکاتی خۆیدا عەرزتان ئەکەین کە ئاسکۆڵ خانیش کێیە ٠

ئارام

کڵێسەیەکی مێژوو

کڵێسەی شایانەی شاری درسدن ، لە کۆماری ئەڵەمانیای دیموکراتی ، بۆتە یەکێك لە شوێنەوارە دیارو بایەخدارەکانی ئەو شارە ، لەبەر ئەو هەموو نەخش و نیگارو هونەرمەندی یەی لە دروست کردنی ئەو کڵێسەیەدا نوێندراوە ، چ لە رووکاری دەرەوەی بیناکە ، وە چ لە ناوەوەیدا ٠٠٠ ساڵی ١٧٣٩ بناغەی ئەو بینایە هەڵدراوەتەوە و لە ساڵی ١٧٥٢دا لە ئیش کردنی بوونەتەوە٠٠ ئیستا یەکێکە لەو شوێنەوارانەی هەر میوانێك رووبکاتە ئەو شارە حەز لە بینینی دەکات ٠٠

ژمارەی سپاردن بەکتێبخانەی نیشتمانی ١٥٦ی ساڵی ١٩٧٤



وێنەی ژمارە



★ چاوەڕوانی ★

چاوەڕوانی ، پرسیاریکە ، هێندی دەریاکان قووڵ و وەك ئاسمان فراوانە و بەرینە ، وەرامەکەی لە جەرگی چیاو کپی ئەشکەوت و چڕی دارستان و تاریکی بەندیخانەو ئەڵقەی پەتی سێدارەدایە ٠٠ چاوەڕوانی ، پرسیارێکە وەرامەکەی لە شەپۆلی شەتاوی خوێندایە ٠

قۆشمەترین کچۆڵە

لە پۆڵۆنیا ، مەهرەجانی « جوینالای » یەکێکە لە مەهرەجانە بەناوبانگەکانی قوتابیان کە هەموو ساڵێ کۆری ئاکادیمی ئەو وڵاتە ، لە شاری کاراکاو پێکی دێنێت ٠٠ ئەو مەهرەجانە زۆر چالاکی و نومایشی تیادا نیشان دەدرێت، وەك سەماو هەڵپەرکی و گۆرانی و شانۆگەری و مۆسیقاو گەلێ بابەتی تر لەم جۆرە چالاکیانە ٠٠ خوشترینی ئەو نومایشانەی خەڵکی لەو مەهرەجانەدا حەزی لێدەکەن ، هەڵبژاردنی قۆشمەترین قوتابی یە ٠٠٠ لە مەهرەجانی ئەمساڵی ١٩٧٤دا ئۆرسۆلا زیکۆیسکی ، بە قوشمەترین قوتابی هەڵبژێردراوە بە پێی ئەم وینەیەی ئۆرسۆلا دیارە زۆر بەختیارە بەو سەرکەوتنەی ٠

کاتێ فیل سەرخۆش ئەبێ

لە هندستان گەلە فیلێکی ١٥٠ سەری ، هێرشیان بردۆتە سەر دێهاتەکانی رۆژ ئاوای بەنگال و دەوروبەری بیست و حەوت خانووبەرەو ماڵیان داتەپانووە ٠ کاربەدەستانی ئەو ناوچەیە وتوویانە :- هۆی هیرش بردنی ئەو گەلە فیلە ئەوەبووە ، کە بەرێکەوت بەلای کارگەیەکی قاچاخی شەراب دروست کردندا تێپەریون و لە شەرابی ئەو کارگەیەیان خواردۆتەوەو شەرابەکە سەرخۆشی کردوون و ئەم بەزم و رەزمەیان ناوەتەوە ٠

کێڵگەی شووشەبەند



کێڵگەی شووشەبەند هۆیەکی گرنگی پەرەسەندن و زۆرکردنی کشت و کاڵە ، ئەو جۆرە کێڵگانە لە وڵاتە پێشکەوتۆکاندا بە جۆرێکی فروان پەرەیان سەندوەو زاناکان بۆ تاقی کردنەوەی هەندێ سەوزیی تایبەتی کشت و کاڵ پەنای ئەبەنە بەر ، بەتایبەتی لە کشت و کاڵی ئەو جۆرە سەوزانەدا کە لە هەموو ئاوو هەوایەکدا شین نابن و پێویستیان بە جۆرێك ئاو وهەوای تایبەتی هەیە ٠

ئەو وێنەیە کێڵگەیەکی شووشەبەندە ، لە شاری کازاغستانی پایتەختی تاشقەندی سۆڤیتی دا بنیات نراوە بۆ تاقی کردنەوەی کشت وکاڵ کردنی ٠٠

شانۆی شکسپیر

شانۆی شکسپیری لەندەنی یەکێکە لە سەرکەوتوو ترین تیپە شانۆگەرێکانی بەریتانیا ، لەپێش ماوەیەکەوە ئەو تیپە توشی نادارایی و دەست کورتی هاتووە ، کە بەدرێژی ماوەی دامەزراندنی ، ئەو تیپە دەست کورتی وای بەخۆیەوە نەدیوە کە بودجەکەی ٢٥٠ هەزار جونەیهی ئەستەرلینی کەم بێنێ ٠٠٠ لەگەڵ ئەوەشدا بەرێوەبەرایەتی ئەو تیپە سوورن لەسەر ئەوەی هەموو ئەو شاکارە شانۆگەریانەی پێشکەش ئەکەن ئەبێ بەجۆرێکی تەرو پڕبێت و لەرادەیەکی بەرزی هونەریدا بێت ، وە نابێت رێگابدەن دەست کورتی یەکە ، پلەی هونەری ئەو تیپەو ئیشەکانی نزم بکاتەوە ٠٠

ددان شوشتن

رێکخراوی تەندروستی جیهانی لە راپۆرتێکیدا باسی ئەوەی کردووە کە گوایە ، لە هەموو وڵاتانی رۆژ ئاوادا ١٠٪ی خەڵکەکە ددانیان ساغە ، ئەوی تری نەخۆشیەك لە نەخۆشیێکانی ددانیان توش بووە ٠٠

وە ئەلێت : ئەوەی ددان لە نەخۆشی بپارێزێت ، ریکوپێکی خواردەمەنی یە ، لەگەڵ هەڵبژاردنی جۆری خۆرادەمەنێکەدا،هەروەها لەتەك شوشتن و پاك کردنەوەی ددان بە فلچەو دەرمانی ددان ، بە مەرجێك ئەو فلچەیە لەمادەیەکی وا دروست نەکرابێت لە شوشتنا زەرەر بە ددان بگەیەنێت یا ئازاری پوك بدات ، وە ئەبێت بە شێوەیەکی راست و بێزیان فلچەکە بە دانەدا بهێنین نەوەك پوك بروشینێ ئەو وێنەیەش، دیمەنی پولێکی قوتابخانەی رازاندەوەی (تجمیل) شاری فرانکفورتە ، مامۆستایەك قوتابێکان فیری ددان شوشتن دەکات ، ئەوەی شایانی باسە، لەو قوتابخانەیەدا لقی دان شوشتن لقێکە قوتابی بەیەوێت و نەیەوێت دەبێت بیخوێنێت ٠

گەشتێ لە چیکۆسلۆڤاکیا



ئەحمەد غەفور

رۆژی (٨)ی ئاب

ئەمرۆ چوین بۆ سەیری یەکێك لەو کامپانەی کە بە تایبەتی ئامادە کراوە بۆ ئەو گەشتەوارانەی کە لە وڵاتانی بێگانەوە هاتون و نایانەوێ لە ئوتێلدا بژین ٠٠٠ ئەم کامپانە بریتین لە شوێنی گەورەی تایبەتی کە ئاوی پاك و کارەباو شوێنی پاکردنەوەیان تێادا هەیە ٠ بە پارەیەکی کەم دەتوانی چادری خۆتی تێا هەڵبدەیت ٠٠ بە سەدان لەگەڵ ئۆتۆمبیلەکانیان نزیکەی مانگێ و زیاتر ،لەم ناوچە خۆشانە دەبەنە سەر ٠ ئای چەند دیمەنێکی دڵگیر بوو ئەم هەموو چادرە رەنگاو رەنگانە بەریز هەڵدراون لە هەمان کاتدا ناوچەکەش دابەش کراوە بەچەند شەقامێکەوە هەر تاقمە گەشتەوەرە ناوێك لە شەقامەکەی بەردەمیان دەنێن ئەمە شەقامی ئەڵەمانیاو ئەوە هەنگاریا ئەوی تر فەرەنسایە ٠٠٠ لەبەر ئەوەی شوێنەکەش گەورە بو سێرك و سینەماو بازارێکی تەواوی تێادایە کە هەمووشتێکی هەیە ، نرخیش هەر ئەو نرخەیە کە لە هەموو وڵات دانراوە ٠٠ گەشتیارەکان شەو لەم کامپە دەبەنە سەرو بەرۆژ بڵاو دەبنەوە (بە ئوتومبیل و بەپێ) بۆ تەماشا کردنی سەیرانگاکان ٠٠٠ هەندێك بۆ سەر لوتکەی شاخەکان ٠٠٠ هەندێك بۆ دارستان و دێهاتەکان ٠٠ هەندێك بۆ مەلە لە گۆماوەکان هەندێك بۆ گەشتی ناو رووبار گەلێکیش بۆ سەیری مۆزەخانەو شوێنەواری مێژوویی و ناوچەی کۆن و فۆلکلۆری ٠

رۆژی (٩)ی ئاب

ئەمرۆ هەر لەبەیانی یەوە باران بوو ٠ پلەی گەرما ١٠-١٥ بوو ، خەڵکەکە زۆریان بلوزو پاڵتوی تەنکیان لەبەر کردبوو ماوەی هیچ سەیرانێك نەبوو ،وام بە باش زانی ، کە بچم بۆ سەیری مۆزە خانەی (ناوچەی تانرانسکا لومینسا) ٠ مۆزەخانەکە نموونەی بەردو گڵی دەشت و شاخەکان ، هەموو گیانەوەرەکانی ئەوناوە ، هەرلە گا کێوی ، مەڕە کیو ، و بزنە کێوی تا دەگاتە هەموو پەڕندەوبازی سەرلوتکەی چیا سەختەکان ، ئنجا ماسی ناو گۆموچەمەکان ، تا دەگاتە مارو مێرووی (تحنیط) کراو هەروەها هەیتو هووتی پیشەسازی کۆن و ئەدەواتی کشت و کاڵی رابوردو هەمووی نموونەو وێنەیان هەیە ٠٠٠ دەستهاروکاسەو کەوچك ، ئاشی ئاو ، بەری جنراوی ژن و پیاو داب و دەستوری ژن هێنان و شەڕ ، ئنجا هەر شتێك کە پەیوەندی هەبێ بە شانازی نەتەوایەتیەوە وەکو کەل و پەل و هەمووجێماوی قارەمانەکانی ناوچەکە (لێرەدا قارەمانەکانی خۆمانم بیرکەوتەوە وەکو شێخ مەحمود ٠ کوا تفەنگەکەی ؟ کوا جلەکانی ؟کوا نامەو وێنەکانی ؟) هەروەها جێماوی شاعیرو زاناونووسەرەکان و بەتایبەتی دەست خەتەکانیان ٠٠٠

کە لە مۆزە خانەکە هاتمە دەرێ هەناسەیەکی ساردم هەڵکێشاو لەدڵی خۆما گوتم ئاخۆ چەندمان ماوە تا بتوانین لەهەموو ناوچەیەکی کوردستاندا شتێکی وامان هەبێت ٠ ئێوارە کە گەڕامەوە ئافرەتێك لە هاورێ ئیتالیکانمەوە بروسکەی بۆ هاتبوو کەوا باوکی لەسەرە مەرگدایە ، ئەبوایە جێمان بهێڵێ ٠٠٠ بەراستی ئەم ئەوروپاییانە هەموو شتێك بە ئاسایی وەردەگرن ٠٠هەرچەندە پەشۆکابوو بەڵام زەردەخەنە لە دەموچاوی کاڵ نەدە بووەوە ، کاتێك کە بەگەرمی دوعا خۆزیان لێ کردم خۆی و میردەکەی ژنەکە شڵپ ماچێکی کردم ، هەربەوەشەوە نەوەستادیاری یەکی رەمزیشی بۆ یادگار پێ بەخشیم ٠ لێرەدا گێلی خۆمم بیر کەوتەوە کە دەبوایە منیش هیچ نەبێ چەند مەدالیەو وێنەیەکی ئەوتۆم لەگەڵ خۆم بهێنایە کە لە کاتی وەهادابەکەڵکم بێت وڵات و میللەتەکەم بناسێنم بە خەڵك و هەم شەرمەزاریش نەبم ٠

ناڵی نایلۆن

زۆر کەس بۆ بەخت و لەبەر چاوەزار ، ناڵ بەکار ئەهێنن ، ئەوەی باوەڕیان بەو شتانە هەیە ئەبێ هەر لە ئیستەوە مشوری خۆیان بخۆن ، چونکە پاش ماوەیەکی تر « ناڵ » بەدەگمەنیش دەست ناکەوێت ! لە وانە شە هەر نەمێنێت ٠٠٠ چونکە دکتۆرێکی مەکسیکی لە هەندێ مادەی پلاستیکی جۆرە ناڵێکی دروست کردووە کە زۆر لە ناڵی ئاسن زیاتر بەرگە ئەگرێت و پێویستی بە بزماریش نی یە وە لە چاو تروکاندنیکا ، ناڵە کە لە سمی ئەسپ دەدرێت سەیر ئەوەیە ئەسپ ئەم جۆرە ناڵە نوێیەی پێ خۆشترە وە چاکتریش پێوەی رادەکات ، بەتایبەتی ئەگەر ئەو ئەسپە لە رایسدا رابکات ٠



Institut kurde de Paris